ژمارە ( 2 )

# کار و چالاکییەکانی
# یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان
# K.P.U

ساڵی 2008

# کار و چالاکیەکانی

# یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

# (K.P.U)

## لە دامەزراندنیەوە  تا ٢٠٠٨/١٢/٣١

# لە بڵاوکراوەکانی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

## ژمارە (٢)

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: حەمە عەلی توفیق

جێگری سەرۆکی یەکیتی پەرلەمانتاران

نەخشەسازی: ماهر جەوهەر ئیسماعیل

چاپ: چاپخانەی منارە – هەولێر

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (١٢٠) ساڵی ٢٠٠٩ پیێ دراوە

ناوەرۆك:


- یاسای یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان
- راگەیاندراوی لیژنەی ئامادەکاری
- راگەیاندراوی کۆتایی یەکەمین کۆنگرە
- یاسای هەمواری یەکەمی یاسای یەکیتی پەرلەمانتاران
- بەیاننامە و راگەیاندراوەکان
- راوبۆچوونەکان لەسەر پرۆژە یاساکان
- کۆرو سمینارەکان
- راپۆتەکان
- پێشوازی لە میوانان و سەردانەکان
- هەندێ زانیاری پێویست

# کار و چالاکیەکانی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

# لە ٧ / ٨ / ٢٠٠٧ تا ٣١ / ١٢ / ٢٠٠٨

یـەکیتی پەرلـەمانتارانی کوردسـتان بـە یاسـای ژمـارە ١٧ سـاڵی ٢٠٠٦ ی پەرلـەمانی کوردستان دامەزراوە، لە مانگی ٨/ ٢٠٠٦ دا لیژنەی ئامادەکاری دەسـت بـەکار بـوونی خۆی راگەیاند و کاری بۆ بەستنی کۆنگرەی یەکەمی دەست پێ کرد، کۆنگرە لـە ٢٩ / ٥ / ٢٠٠٨ دا بەسترا، دەستەی باڵا بە هەڵبژاردن پێـك هێنـرا و کەوتـە کـاری خـۆی بـە مەبەسـتی جـێ بـەجێ کردنـی ئامانجـەکانی کـە بـە پـێ یاسـاکە بـۆی دیـاری کـراوە، مەبەست لە ئامادە کردنی ئەم نامیلکەیە ئەوەیە کە ئاگـاداری کاروچـالاکیەکانمان بـن، ئەمەش ساڵانە بڵاو دەکریتەوە، بەو هیوایەی کە جێگای سوود وەرگرتن بێت.

# یەکەم: یاسای یەکیەتی پەرلەمانتارانی کوردستان
# ژمارە ١٧ ی ساڵی ٢٠٠٦

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

هەرێمی کوردستانی عێراق

سەرۆکایەتی هەرێم

**یاسای یەکێتی پەڕلەمانتارانی کوردستان**

بەپێی ئەودەسەڵاتەی لە برگەی (١) ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان– عێراق) ژمارە (١) ی (٢٠٠٥) پێمان دراوە و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان –عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٢٢)رۆژی (٢٩/١١/٢٠٠٦) ی خۆیدا کردوویەتی ، بڕیارماندا بەدەرکردنی:

یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی (٢٠٠٦).

یاسای یەکێتی پەڕلەمانتارانی کوردستان

**بەشی یەکەم:**

**دامەزراندن و ئامانجەکان**

ماددەی یەکەم:

بەپێی ئەم یاسایە ، یەکێتیەکی سەربەخۆ ، بۆ پەڕلەمانتاران دادەمەزرێ، ناوی دەنرێت (یەکێتی پەڕلەمانتارانی کوردستان)، بارەگاکەی لە هەولێری پایتەخت دەبێت و بۆشی هەیە لق لە پارێزگاکانی تری هەرێمدا بکاتەوە.

ماددەی دووەم:

ئەم یەکێتیە کەسایەتی مەعنەوی وسەربەخۆیی ئیداریی خۆی هەیە.

ماددەی سێیەم:

یەکێتی ئەمانەی خوارەوە بە ئامانج دەگرێ:—

یەکەم کار بۆ بەکارخستنی شارەزایی یاسادانەری وفەرهەنگی وزانستی ئەندامانی یەکێتی دەکات بۆ دەوڵەمندکردنی ئەو پرۆژەو پێشنیازانەی کە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان دەکرێن و بەشداریش دەکەن لە پەرەپێدانی ئەو یاسایانەی لە هەرێمدا بەرکارن.

دووەم: ئامادەکاری لەو توێژینەوەو لێکۆڵینەوانەی بە کاری پەرلەمانیەوە پەیوەنددارن.

سێیەم:بڵاوکردنەوەی ووشیاری وفەرهەنگی دیموکراسی پەرلەمانی وسەرەتاکانی مافی مرۆڤ

چوارەم:کاربۆچوونە پاڵی ئەو رێکخراوە ویەکێتیە نێودەوڵەتیانە دەکات کە ئامانجیان هاوشێوەی یەکێتیەکەیە.

پێنجەم: کاربۆ بەشداری کردن لە بوارو چالاکیە نێودەوڵەتیەکانی ئەو رێکخراوانە دەکات کە بە کاری پەرلەمانیەوە پەیوەنددارن

شەشەم داکۆکیکردن لەمافەکانی گەلی کوردستان لە هەموو بوارە نیشتیمانی و نێودەوڵەتیەکاندا.

حەوتەم:داکۆکیکردن لەمافەکانی ئەندامان و کارکردن بۆ دامەزراندنی ناوەندە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکان بۆیان.

هەشتەم:کاربۆ بەگەرخستنی میکانیزمەکانی داکۆکی لە مافە دەستوری و یاساییەکانی هاوڵاتیان دەکات.

**بەشی دووەم:**

**ئەندامێتی**

**ماددەی چوارەم:**

**مەرجی ئەندامێتی لەم یەکێتیەدا ئەوەیە:**

**١. هاولاَتی هەرێمی کوردستان بێت ، یانوێنەرایەتی هەرێم بکات لەو پەرلەمانانەی کە ئەم یاسایە دەیگرێتەوە.**

**٢. ئەندامی کارا یان لە خولێك لە خولەکانی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان — عێراقدا دوای راپەرینەکەی سالَی (١٩٩١) کاری کردبێت.**

**٣. ئەندامی کارا بێت لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق یان لە کۆمەلَەی نیشتیمانی عێراقدا ئەندام بووبێت ، دوای رووخانی رژێمی لەناوچوو لە سالَی (٢٠٠٣) ئەوانەی نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دەکەن.**

**دووەم:ئەندامی یەکێتی ئەندامێتی خۆی لەم خالاَنەی خوارەوە لە دەست دەدات:**

**١. ئەگەر دەست لە ئەندامێتی خۆی هەلَبگرێ و دەستەی ئیداری لێی قبولَ کردبێ.**

**٢. بە تاوانێك (جەریمەیەك)ی شەرەف نەنگێن حوکم بدرێ.**

**٣. ئەگەر لە کارێکی پێچەوانەی ئامانجەکانی یەکێتیەکەوە گلابێ ولەسەر ئەوە بە بڕیاری دەستەی گشتی لە ئەندامێتی یەکێتیەکە دەرکابێ**

**٤. مردن**

**بەشی سێیەم:**

**دەستەی گشتی و ئەرکەکانی**

**ماددەی پێنجەم:**

**دەستەی گشتی لە هەموو ئەو ئەندامانەی پێکدێ کە پابەندی خۆیان بە جێ گەیاندووە.**

ماددەی شەشەم

دەستەی گشتی هەردوو ساڵ جارێ بۆ وەدیهێنانی ئەوەی خوارەو كۆ دەبێتەوە:

١. هەڵبـژاردنی دەسـتەی ئیـداری یـەكێتی كـۆ دەبێتـەوەو بـە دەنگـدانی نهێنـی و ڕاستەوخۆ بەزۆرینەی ئامادەبووان ، حەوت ئەندامی سەرەكی و دوو ئەندامی یەدەك بۆ دەستەكە هەڵدەبژێرێ .

٢. تاووتوێكردنی كاروبارەكانی دەستەی ئیداری.

٣. پەسـەندكردنی بودجـەی سـاڵانەی یـەكێتی كـە لـە لایـەن دەسـتەی ئیدارییـەوە ئامادەكراوە.

٤. چاوخـشاندنەوە بـە كـارو بـاری یـەكێتی وئیقراركردنـی ئـەو پێـشنیارانەی كـە بـۆ هەمواركردنی یاساكەپێشكەش كراوون.

ماددەی حەوتەم:

یەكـەم:دەسـتەی گـشتی لـە یـەكێك لـەو بارانـەی خـوارەوە، كۆبوونەویـەكی نائاسـایی سازدەدات.

١. بەبڕیاری دەستەی ئیداری

٢. كاتێك (سێیەكی)ئەندامانی دەستەی گشتی داواكاریەك بدەنە دەستەی گشتی.

دووەم:

١. بابەتی كۆبوونەوەكە دیاری دەكرێ و ناشبێ لەبەرنامە دیاریكراوەكەی بترازێ

٢. بەئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەكانی دەستەی گشتی (ڕێژەی)یاسایی دێتەجێ.

ماددەی هەشتەم:

دەسـتەی ئیـداری ، لەیەكـەم كۆبوونـەوەی خۆیداكـە لـەماوەی هەفتەیـەكی دوای هەڵبژاردنەكەیـدا، سـازی دەدات سـەرۆكێك و جێگـری سـەرۆكێك وبەرپرسـێكی داراییـی لەنێو ئەندامانی خۆیدا هەڵدەبژێررێ.

**ماددەی نۆیەم:**

**دەستەی ئیداری ئەم ئیش و کارانە دەکات:**

**١. داواکانی بە ئەندام بوون بۆ یەکێتی قبولٚ یان ڕەتی دەکاتەوە ، هەرکەسێکیش داواکەی قبولٚ نەکرابێ بۆی هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕۆژی بڕیاری دەرچوونی قبولٚنەکردنەکەوەی لە دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان تانە لەبڕیارەکە بدات.بڕیاری ئەم دادگایەش کە دوای ئەو تانە لێدانە دەردەچێت، بڕیارێکی بنبڕە.**

**٢. پارێزگاری لە سامانی یەکێتیەکە دەکا و وەدەستیان دێنێ ولە دارایی بەردەست خەرجی پێویست ئیقراردەکات وبەبڕیاری دەستەی ئیداریش نەبێ ناشێ دەستکاری سامانی یەکێتیەکە بکرێ.**

**٣. ڕاپۆڕتی ساڵانەی لەبارەی بزاڤی یەکێتی وئیش و کاری یەکێتیەوە ئامادەدەکات.**

**بەشی چوارەم**

**کاروباری ئیداری**

**ماددەی دەیەم:**

**یەکەم:سەرۆکی یەکێتیەکە ، ئەم ئەرك وفرمانانەی خوارەوە مومارەسە دەکات:**

**١. سەرۆکایەتی کۆبونەوەکانی دەستەی ئیداری دەکات وئەگەرخۆیشی لەوێ نەبێ ، جێگرەکەی نوێنەرایەتی دەکات.**

**٢. خۆی یان کەسێکی دی ڕادەسپێرێت نوێنەرایەتی یەکێتیەکە لەبەردەمی دادورەی ولایەنەکانی دیکەدا بکات.**

**٣. مومارەسەی هەموو ئەو سەلاحیەتیانە دەکات کە دەستەی گشتی پێی داوە.**

**٤. موستەنەدی پارەدان و (صكوك) و ڕەشنووسی دانیشتنەکان و نامەو نامەکارییەکانی یەکێتیەکە واژوو دەکات.**

**٥. سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی دەکات.**

دووەم:

بەرپرسی دارایی ئەرك و فەرمانی داراییەکە لە ئەستۆ دەگریٚ و سەرپەرشتی تۆمارراکرتن (مسك السجلات)دەکاو لەگەڵ سەرۆکی یەکێتیەکەشدا،(صکوك)و سەنەدەکانی واژوو دەکات.

بەشی پێنجەم:

دارایی یەکێتیەکە

ماددەی یازدەهەم:

دارایی یەکێتیەکە لە مانەی خوارەوەپێك دێت.

یەکەم:ئابوونەی ساڵانەی ئەندامەکان.

دووەم: بەخششەکانی پەرلەمانی کوردستانی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

سێیەم: خەلات و پیتاك (الهبه والتبرعات)

قازانجی چاپەمەنیەکانی یەکێتیەکە.

بەشی شەشەم:

حوکمە کۆتاییە گشتیەکان

ماددەی دوازدەهەم:

یەکەم: لە حاڵەتی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیەکەدا ، ئەموالی یەکێتیەکە ، دەچێتە سەر ئەموالی نزیکترین ئەو یەکێتیەی ئامانجەکانی لەگەڵیدا هاوشێوەبن.

دووەم:لەو حاڵەتەدا کە دەقێکیان لەم یاساسەدا لەسەر نەهاتبیٚ ئەوە حوکمەکانی یاسای کارپێکراوی کۆمەڵەکانی بەسەردا دەسەپیٚ.

ماددەی سیانزەهەم:

دەستەی گشتی بۆی هەیە پێرەوو ڕێنمایە پێویستەکان دەربکات بۆئاسانکردنی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ماددەی چواردەهەم:

هەردەقێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ ناخرێتە کار.

ماددەی پانزەهەم:

پێویستە لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنی پەیوەندیدارحوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنەکار.

ماددەی شانزەهەم:

ئەم یاسایە لەڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دەخرێتەکار.

مەسعودبارزانی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان

هەولێر

١٦/سەرماوەزی ٢٧٠٦ کوردی

١٢/٧/ ٢٠٠٦ زایینی

١٧/ذی العقدە/١٤٢٧ی کۆچی

پاش ئەوەی یاسای یەکیتی پەرلەمانتاران پەسەند کرا لە لایەن بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و لە رۆژنامەی کوردستان بلأوکرایەوە، بەرێزانی خاوەن پرۆژە بە باشیان زانی جارێکی تر لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان کۆببنەوە بە مەبەستی جێ بەجێ کردنی یاساکە ، لە رۆژی ٧ / ٨ / ٢٠٠٧ دا کۆمەڵێك پەرلەمانتاری خولی یەکەم سەردانی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان کرد و پاش راگۆرینەوە، وا بە پەسەند زانرا کە لیژنەیەکی ئامادەکار دیاری بکرێت بۆ ئەوەی دەست بە دامەزراندن و کۆکردنەوەی ئەندامان و دانانی بارەگا و خۆ ئامادە کردن بۆ بەستنی کۆنگرەی یەکەم، واش بریار درا کە ئەو لیژنەیە لە (٧) حەوت پەرلەمانتار پێك بێت کە چواریان لە ئەندامانی خولی یەکەم بن و سێ ئەندامیش لە خولی دووەم، لە نێوان بەرێزانی ئامادە بوو هەر حەوت ئەندام دەست نیشانکران، ئەوانیش لە تەلاری پەرلەمانی کوردستان دەست بەکار بوونیان لە هەمان رۆژدا راگەیاند، ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو راگەیاندراوەیە:

## ڕاگەیاندنی لیژنەی ئامادەکاری یەکیەتی پەرلەمانتارانی کوردستان

لە پێناو کارکردن بۆ پشتگیری کردنی گەلی کوردستانو بەرگری کردن لە مافە ڕەواکانی بەهۆکارەکانی ئاشتیو دیموکراتیو دانانی پسپۆڕایەتی ئەندامانی پەرلەمان لە مەیدانەکانی یاسادانانو ڕۆشنبیریو زانستی لەخزمەتی دەزگاکانی هەرێم دا، پێویستی بەوەکرد کە یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان دابمەزرێ، هاوشێوەی ئەو یەکێتیانەی کە لە بەشی زۆری دەوڵەتەکانی جیهانی شارستانی داهەن بۆ ئەوەی ببێتە سەکۆیەکی گرنگ بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی لە نێوان پەرلەمانتارانی کوردستانو عێراقو جیهان، بۆیە بەپێی یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٠٦ی پەرلەمانی کوردستان یەکیەتی پەرلەمانتارانی کوردستان بۆ جەماوەری گەلی کوردستان ڕادەگەیەنین، ئێمەی ئەندامانی لیژنەی ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنگرەی یەکەمی یەکیەتیەکەمان وادەست بەکارین لەڕێکخستنی کارەکانی سەرەتای هەتا کۆنگرەو هەموو ئەو بەڕێزانەی کە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بوون لە دەورەی یەکەمی ساڵی ١٩٩٢و دەورەی دووەم کە ئێستا کاری پەرلەمانتاری دەکەنو ئەو بەڕێزانەی وەکو کوردستانی کە بە نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق لە دوای ئازادی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەندام بوونو ئێستاش ئەندامن، مافی ئەندامیەتی ئەو یەکیەتیەیان لایەو لە ڕێگای پڕکردنەوەی فۆرمێکی تایبەتی کە بۆیان ئامادەکراوە. داواکاری خۆیان پێشکەش دەکەن بۆ ئەو مەبەستە.

**لیژنەی ئامادەکاری**

نعمت عبدالله | حمه علی تۆفیق | کریم برادۆستی

جلال خۆشناو | سید حسن بەرزنجی | خلیل ابراهیم | محمد صالح اسماعیل

٢٠٠٧/٨/١٧

دووەم:

# بەیاننامەی کۆتای کۆنگرەی یەکەمی یەکیەتی پەرلەمانتارانی کوردستان لە ٢٩ / ٥ / ٢٠٠٨

لە رۆژی ٢٩/٥/٢٠٠٨ دا بە چاودێری رێزدار (عەدنان موفتی) سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و لەژێر دروشمی { داکۆکی کردن لە مافی دەستوریی و پەرە پێدانی یاساکان } لە شاری هەولێر لە ئۆتێل خانزاد، یەکیەتی پەرلەمانتارانی کوردستان یەکەمین کۆنگرەی خۆی بە ئامادە بوونی (٢٤٧) ئەندام لە کۆی (٣١٠) ئەندام ساز دا، هەروەها چەندین کەسایەتی و نوێنەرانی لایەنە سیاسیەکان و وەزیری داد و پارێزگای هەولێر ئامادە بوون.

کۆنگرە لە کاتژمێر (١٠) پێش نیوەرۆ دەستی بە کارەکانی خۆی کرد، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ووتاری خۆی خویندەوە و بە بایەخەوە گرنگی دروست بوونی رێکخراوەکەی باس کرد، هەروەها بروسکەی پیرۆزبای سەرۆکی پەرلەمانی عێراق خوێندرایەوە، ووتاری سەرۆکی یەکیەتی پەرلەمانتارانی عێراق پێشکەش کرا، بەرنامەی کۆنگرە بەردەوامی هەبوو بە پێشکەش کردنی هەردوو راپۆرتی گشتی و دارایی لە لایەن دوو ئەندامی دەستەی ئامادەکاریەوە، پاش تەواو بوونی ووتار و راپۆرتەکان، دەستەی ئامادەکار داوای لە بەشدار بووانی کۆنگرە کرد کە دەستەیەك دیاری بکەن بۆ سەرپەرشتی کردنی کاری کۆنگرە، ئەو دەستەیە دیاری کران و دەستیان بە کاری خۆیان کرد و داوایان لە کۆنگرە کرد:

١ – پەسەند کردنی ناوەرۆکی هەردوو راپۆرتی گشتی و دارایی، کۆنگرەش بە کۆی دەنگ پەسەندی کردن.

٢ – داوای کرد لیژنەیەك دروست بکرێت بۆ تاووتۆی کردنی پرۆژەی پەیرەوی ناوخۆ کە لە لایەن دەستەی ئامادەکارەوە ئامادە کرابوو، پاش گفتوگۆیەکی تێروتەسەل، کۆنگرە بریاری دا بە هەبوونی پەیرەوێك بۆ رێکخراوەکە، دەستەی هەڵبژێردراوی تازە

ئامادەی بکەن و لە کۆنفرانسێك دا پەسەند بکرێت، ئەمەش پاش هەموار کردنی یاسای ژمارە (١٧) ی ساڵی ٢٠٠٦ دەکرێت.

٣ – داوای کرد کە دەستەی هەڵبژێردراوی تازە پرۆژەی هەموار کردنی یاسای ژمارە (١٧) ئامادە بکەن و پێشکەشی پەرلەمانی بکەن بۆ پەسەند کردنی، ئەمەش کۆنگرە پەسەندی کرد.

٤ – داوا لە کۆنگرە کرا کە بریار لەسەر جۆری دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی دەستەی تازە بدەن بە لیست بێ یان بە پاڵاوتنی تاکیی، زۆرینەی ئەندامان دەنگیان بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن بە لیست دا، بەڵام بەهۆی بوونی پاڵێوران جگە لە تاکە لیستی پێشکەش کراو، پرۆسەکە گۆردرا بە هەڵبژاردنی تاکیی، لە ئەنجامی تەواو بوونی پرۆسەکە (٩) ئەندام هەڵبژێردران کە (٧) یان بە دەستەی بەرێوەبردن و (٢) یان بە یەدەك زۆرینەی دەنگەکانیان هێنا.

**پێشنیار و راسپاردەکانی کۆنگرە:**

کۆنگرە بەشداریەکی گەرموگوری هەبوو لە ئامادە بوونی ئەندامانی جگە لە هەندێ بە هۆی باری تایبەتی خۆیانەوە نەیانتوانیبو بەشدار بن، جگە لەوەش ووتار و بروسکەکان دەست خۆشیی و پشتگیری لێکردن بوو، دروست بوونی رێکخراوەکەیان بە کارێکی پێویست بۆ ئەزمونی کوردستان و پەرەپێدانی یاساکان و بەگەرخستنی شارەزایی ئەندامانی پەرلەمان لەو بوارەدا زانی، راپۆرتی گشتی لە چۆنیەتی دروست بوونی رێکخراوەکە و ئامانجەکانی و کارەکانی هەتا رۆژی کۆنگرە بە راپۆرتێکی گرنگ هەڵسەنگێندرا، بە تایبەتی کاری خۆبەخشی بۆ ئەندامانی دەستە و ئەوانەی لەو بوارەدا کار دەکەن، پەسەند کردنی بێ گفتوگۆی کۆنگرە لەسەر راپۆرتی دارایی متمانە بوو بەکاری دەستەکە کە راشکاوانە و بەئاشکرا کردنی گشت داهات و خەرجیەکان بو مانگ بە مانگ، ئومیدی کۆنگرەش وایە کە لە ئایندەدا ئەم ئەزمونە تازەیەی یەکیەتی پەرلەمانتارانی کوردستان لە گشت رێکخراو و سەندیکا و رێکخراوە

مەدەنیـەکانی کوردسـتان رەنـگ بداتـەوە، شـانازیەکی گەورەیـە بـۆ گـشت ئەنـدامانی یەکیەتی پەرلەمانتارانی کوردستان و گەلی کوردستانیش کە توانرا دوور لە هەر دەست تێوەردانێـك ئـەو سـەرکەوتنە گەورەیـە بەدەسـت بێنـێ، لـە کۆتایـدا ئـەم چـەند پێشنیارانەی خستە روو:

١ — پـشتگیری کردنـی دەسـتەی هەڵبـژێردراوی تـازە، بـۆ ئـەوەی بتـوانن ئـەرك و فەرمانەکانی دیاری کراو لە یاسای ژمارە (١٧) بە باشی و بێ کەمو کوری جـێ بـەجێ بکەن.

٢ — هاوکاری کردنی دەسـتەکە لـە پێنـاو گەیانـدنی دۆزی گـەلی کوردسـتان بـە گـشت ئەندامانی پەرلەمانتارانی جیهانی و ئاسانکاری کـردن بـۆ پەیوەنـدی تونـدوتۆڵ لەگـەل هاوشێوەکانیان.

٣ — کۆنگرە بە تێکرای دەنگ ئەو کارە تیرۆریستیەی کە لە رۆژی ٢٠٠٨/٥/٢٩ لـە نـاو بازارێکی شاری شنگاڵ رووی دا و بـوە هـۆی شـەهید بـوون و برینـدار بـوونی چـەندین هاووڵاتی سڤیل رسـوا و ئیدانـە کـرد، رایگەیانـد کـە گـەلی کوردسـتان رۆژ لـە دوای رۆژ هەنگاوەکانی بۆ چەسپاندنی مافە رەواکـانی گەلەکەیـەتی و بەرقـەرار بـوونی هێمنـی و ئارامی و بە دیموکراسی کردنی کارو چالاکیەکانی و تیرۆرستان و دوژمنانی ناتوانن چی تر ئەم بەرەو پێشکەوتنە رابگرن و سەرکەوتن هەر بۆ گەلەکەمانە.

کۆنگرەی یەکەمی

یەکیەتی پەرلەمانتارانی کوردستان

٢٩ / ٥ / ٢٠٠٨



ئەندامانی لیژنەی ئامادەكاری و چەند پەرلەمانتارێك




**کۆنگرەی یەکەم**




**کۆنگرەی یەکەم**






**دەستەی هەڵبژێردراو لەکۆنگرەی یەکەم**

**سێیەم:**

# یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە ( ١٧ )ی ساڵی ٢٠٠٦ یاسای یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

هەرێمی کوردستانی عێراق

سەرۆکایەتی هەرێم

سەرۆك

بەناوی گەلەوە

بڕیار

ژمارە (٢٨) ساڵی ٢٠٠٨

یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە (١٧) ساڵی ٢٠٠٦

یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

بە پێی بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پالپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە خولی دووەمی دانیشتنی ژمارە (٢٠) لە ٢٠٠٨/١٢/١ بڕیارماندا بەدەرکردنی:

یاسای ژمارە (١٧) ی ساڵی ٢٠٠٨

یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای ژمارە (١٧) ی ساڵی ٢٠٠٦

یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

**ماددەی یەکەم:**

بڕگەیەك بەزنجیرەی (نۆیەم) دەخرێتە سەر ماددەی (سێیەم) لە یاساکەدا بەم جۆرەی خوارەوە:–

نۆیەم: پشتگیری کردن لەپرۆسەی چاکسازی و بەرەنگار بوونەوەی گەندەلی.

**ماددەی دووەم:**

برگەی یەکەم/ ٣ لە (ماددەی چوارەم) لەیاساکەدا هەموار دەکرێت و بەم جۆرەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

ئەندام بێ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یان ئەندام بوبێت لە (کۆمەلەی نیشتمانی عێراقی یان ئەنجومەنی نیشتمانیی کاتی عێراق) پاش رووخانی رژێمی پێشوو لەساڵی ٢٠٠٣.

**ماددەی سێیەم:** (ماددەیەکی نوێ و زیاد کراوە)

لەهەرشوێنێکی ئەم یاسایە دەستەواژەی (دەستەی ئیداری) هاتبێت دەکرێتە (دەستەی باڵا).

**ماددەی چوارەم:**

یەکەم: پێشەکی (ماددەی شەشەم) لە یاساکەدا هەموار دەکرێت و بەم جۆرەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

دەستەی گشتی هەر دووساڵ جارێك بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی یەکێتی یان نوێنەرەکانیان کۆبونەوەیەکی فراوان دەکات بۆ بەدیهێنانی ئەمانەی خوارەوە:-

دووەم: برگەی یەکەمی (ماددەی شەشەم) لە یاساکەدا هەمواردەکرێت و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

هەڵبژاردنی دەستەی باڵای یەکێتی بەدەنگدانی نهێنی و راستەوخۆبەزۆرینەی دەنگی ئامادەبووان کە پێك دێت لە (٩) نۆ ئەندامی ئەسڵی و دوو ئەندامی یەدەك.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبە جێ بکەن.

**ماددەی شەشەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) جێبەجێ دەکری.

مسعود بارزانی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق

ئـەم یاسـایە لـە ١ ی بـەفرانبار ٢٧٠٨ ی كـوردی بەرامبـەر ٢٤ ی ژی الحجـە ١٤٢٩ ی كۆچی و بەرامبەر ٢٢ ی كانوونی یەكەمی ٢٠٠٨ ی زاینی لە هەولێر دەرچووە.

**هۆكارەكانی دەرچواندنی**

لە پێناو پاڵپشتی كردنی چاكسازی و سەر لەنوێ رێكخستنەوەی پەیكـەری كـارگێریی یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان بە شێوەیەك لەگەڵ ئامانج و ئەركەكانی دا بگونجێت و بۆ دەولەمەند كردنی یاساكەو بۆیە ئەم یاسایە دانرا.

چوارەم:

# بەیاننامە و راگەیاندراوەکان

## بەیاننامەی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان
## بەرامبەر هەرەشەکانی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان

سالانێکی زۆرە حکومەتی تورکیا هەرەشە لەئەزموونی دیموکراتی کوردستانی عێراق دەکات. ئەم ئەزموونە دەرەنجامی خەباتی دوورو درێژی گەلی کوردستانە، لەرێگەی دیالۆگ و پەنابردن بۆ رێگاچارەی ئاشتیانە بەدەستی هێناوە، سیاسەتی حکومەتی هەرێم نە بەرامبەر بە حکومەتی تورکیا نە بەرامبەر هیچ وولاتێك دژایەتی کردن نیە، بەلکو هەلوێستی دۆستایەتی و هاوکاری و رێزگرتن لەئیرادەی یەکتری هەلبژاردووە و بە بەرژەوەندی ستراتیژی خۆی دەزانێ. هەڵکردنی گلۆپی سەوز لەبری گلۆپی سوور لەلایەن پەرلەمانی تورکیا بۆ لەشکر کێشی بۆ سەر هەرێمی کوردستانی عێراق دەبێ چ حیکمەتێکی تێدابێت؟. جگە لەوەی خۆی لەچارەسەری کێشەیەکی لەمێژینەی خۆی بدۆزێتەوەو بۆ وولاتێکی تری بگوازێتەوە، ئەگەرنا تورکیا باش دەزانێ هەرێمی کوردستان بەشێکە لە کۆماری عێراقی فیدراڵ تەنها ناوچەیەکە کە ئارامی و هێمنی و ئاسایشی تێدا بەرقەرارە. تێکدانی ئەم بارو دۆخە سەقامگیرە دەبێتە هۆی دەست تێوەردانی تیرۆرستان و ناحەزانی دیموکراسی کە رەنگە پروشکی ئەم ئاگرە وەبەر خودی تورکیاش بکەوێت.باشتر بوو تورکیا بیری لە رێگا چارەی ئاشتیانەو گفتوگۆ کردن بکاتەوە، بەمەبەستی گەیشتن بە چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا، لەجیاتی ئەوەی مێژوویەکی پر لەکارەسات دووبارە بکاتەوە، کە ئێستاش تورکیا پێوەی

دەنالێنێ. ئەم هەنگاوەی تورکیا بەپێچەوانەی ویست و خواست و ئامانجەکانی ئەم سەردەمەیە، دژی یاسا نێودەولوتیەکان و دژی سەروەری وولاتیکی ئەندامە لەنەتەوە یەکگرتووەکان و دژی مافی مرۆڤە، دژی هەموو رێکەوتننامە نێو دەولەتیەکانە کە تورکیا خۆشی مۆری کردووە، داوا دەکەین حکومەتی تورکیا واز لەعەسکەرتاریەت بێنێ و بە زمانی سەردەمیانە بدوێت. چونکە بە بەکارهێنانی هێز کێشەکان ئالۆزتر دەبن و بنەبر ناکرێن. لەکاتێکدا هەموو لایەك لەناوچەکەدا پێویستیان بەهەماهەنگی و تەبایی و دۆستایەتی هەیە. بۆ ئەوەی گەلانی ناوچەکە لەشەڕو نەهامەتی بپارێزن. ئەنجامی دەست درێژیش تەنیا خاوەنەکەی شکست و زیانی لێدەکەوێت.

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان بەتوندی بریاری حکومەت و پەرلەمانی تورکیا شەرمەزاردەکات و داوا لەئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتی و یەکێتی ئەورووپا و کۆمکاری وولآتانی عەرەبی و گشت پەرلەمانەکانی دنیا دەکات کە رێگا لەو لەشکر کێشیە بگرن. گەلەکەشمان لەباشوری کوردستان خۆراگرە و ناچاردەبێت بەرگری لەمافە یاسایی و دەستوریەکانی خۆی بکات.

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

هەولێر ٢٠٠٧/١٠/١٨

# بەرنامەی کاری کۆبونەوەی رۆژی ٢٠٠٧/١٢/١٥ تایبەت بە جێ بەجێ نەبوونی مادەی ١٤٠

بەڕێزان بەهۆی هاتنی ئاستەنگ لە ڕێگای جێ بەجێ کردنی مادەی (١٤٠)ی دەستوری عێراق کە پەیوەندە بە چارەسەری ئەو کێشانەی کە رژێمی پێشوی عێراق هێنابووینە ئاراوە، وەکوگۆرینی بارودۆخی دانیشتوانی زۆر لە ناوچەکانی کوردستان بە شاری کەرکوکیشەوە، وادەی جێ بەجێ کردنی ناوەرۆکی مادەکە بە چەند رۆژێکی تر بێ جێ بەجێ بوون تەواو دەبێت کە دەکاتە ٢٠٠٧/١٢/٣١، لای بەرێتان شاراوە نییە کە هۆی تەواو نەکردنی خاڵەکانی ئەو مادە دەستوریە بۆ چی دەگەرێتەوە، کەمتەرخەمی، لاوازی، بیروڕای شۆفێنانە، ململانێی حزبایەتی، کێبرکێ نێوان شیعە و سونە و کورد و تورك، گەلی کوردستان چاوەروانی راو بۆچوونی سەرکردایەتی سیاسی کورد و پەرلەمانی عێراق و پەرلەمانی کوردستانە کە رێگا چارەیەك بۆ ئەم بابەتە گەرماو گەرمەی ئەمرۆی ئایندەی ئەو شوینە کوردستانیانە بدۆزێتەوە هەتا دڵنیابن لە گەرانەوەیان بۆ سەر سنوری هەرێمی کوردستان، ئیمەش وەکو یەکیەتی پەرلەمانتارانی کوردستان بە باشمان زانی کە لەگەڵ بەرێزتان دانیشین وگفتوگۆی ئەو بابەتە بکەین، بۆ ئەوەی رایەکی پەسەند و پتەو دیاری بکەین، ئەوەی لای ئیمە پێویستە روون بکرێتەوە، ئەم چەند خاڵانەی لای خوارەوەن.

١ — دۆزینەوەی ڕێگایەکی یاسایی دیار بۆ بەردەوام بوونی ناوەرۆکی مادەی (١٤٠) و دەست بە کاربوون بە جێ بەجێ کردنی خاڵەکان لەو جێگایەی کە تا ئیستا لێ جێ

بەجێ بووە، لەگەڵ دیاری كردنی ماوەیەكی گونجاو كە كەسانی پسپۆری خۆی دیاری بكات.

٢ – لە نێوان ئەو كارەی كە دەكرێت بۆ درێژ كردنەوەی ماوەی جێ بەجێ كردنی مادەكە، دەكرێ برگەی (ب) لە مادەی پەنجاو هەشت ی (یاسای هەڵسوراندنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە) بكەوێتە باری جێ بەجێ كردن.

٣ – مەرجێكی تایبەتی دیاری بكرێت لەو كارنامەیەدا كە بۆ ئەم مەبەستە دێتە ئاراوە، ئەگەر ناوەرۆكی مادەكە لە ماوەی دیاری كراوی تازەشدا نەهاتە جێ بەجێ كردن، ئەوا پێویستە شتێكی وا بۆترێ كە نەتوانری جارێكی تر یاری بە چارە نوسی گەڵەكەمان بكرێ.

لە ئاكامی ئەو كۆبونەوەیە بریار درا كە نامەك ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەكان بكرێت بە زمانی عەرەبی، ئەوەی خوارەوە دەقی نامەكەیە كە نێردراوە بۆ هەریەك لە: سەرۆكایەتی كۆماری عێراق و سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و هەر سێ سەرۆكایەتی هەرێم و پەرلەمان و حكومەت لە هەرێمی كوردستان و گشت مەكتەبی سیاسی لایەنە كوردستانیەكان.

# الى / مجلس رئاسة جمهورية العراق المحترم

بعد التحيه

فى يوم ٢٠٠٧/١٢/١٥ أجتمع عدد من أعضاء اتحاد برلمانيى كوردستان فى مقر الآتحاد فى اربيل لغرض التباحث حول تلكؤ فى تنفيذ المادة (١٤٠) من الدستور العراقى، واللآسباب التى أدت الى ذلك منها عدم قيام الحكومة الفيدرالية فى تسهيل مهمة اللجنة المشرفة على تنفيذ المادة المذكورة مما أدت الى التأخير فى التنفيذ والوصول الى الفترة النهائية المحددة لها، هذا يدل على عدم جدية الحكومة الآتحادية الحالية لتنفيذ تلك المادة وبالتالى عدم تنفيذ برنامجها الوزارى المعلن من قبلها وفق الفقرة (٢٢)، عليه تقرر المجتمعون مطالبة الحكومة الفيدرالية العراقية بضرورة الآسراع فى تنفيذ المادة (١٤٠) خلال المدة الباقية، لآنها التزام قانونى و أخلاقى و سياسى وأن تعذر ذلك عليها تمديد المدة الى أجل و محدود غير قابلة للتمديد، والبدء بتنفيذ المادة المذكورة فى محافظة كركوك، وفى حالة انهاء المدة الممددة ولم يتم تنفيذها تعتبر جميع المناطق الكوردستانية المتنازع عليها ضمن حدود اقليم كوردستان دون الرجوع الى قرار بصدد ذلك، ولايخفى بأن هناك بعض المناطق غير المتنازع عليها اصلاً بالامكان عودتها بقرار خاص دون الآنتظار الى أعمال اللجنة المشكلة على تنفيذ المادة (١٤٠)، أن أعمال اللجنة المذكورة أصلاً قد بدأت فى وقت متأخر حيث أن آليات تنفيذ المادة قد تحتاج الى بعض الوقت وانها كمادة دستورية تبقى حيويتها الى حين تنفيذها، وبهذه المناسبة نذكر ألآطراف المعنية و المسؤلة بأن الآستقرار فى كركوك يكمن فى تنفيذ المادة (١٤٠) و هذا ترصين للديموقراطية و الوحدة الوطنية والتى ننشد لها جميعاً.



كۆبونەوە لەسەر مادەى ١٤٠

# راگەیاندنی یەکێتی بەرلەمانتارانی کوردستان دژ بەتۆپ بارانکردنی گوند و ناوچە سنوریەکانی هەرێم

دەست درێژیەکانی هێزەکانی ئاسمانی و تۆپە دور هاوێژەکانی دەولەتی تورکیا بۆسەر ناوچەو گوند نشینەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە ٢٠٠٧/١٢/١٦ کە بۆتە هۆی شەهید بون و برینداربونی ژمارەیەك هاولاتی و کەیاندنی زەرەرو زیان بەو گوندانە،
ئەم کارە زەنگێکی مەترسی دارە بۆسەر دوا رۆژی ناوچەکە کەپێویستی بە ئارامی و نا ئالۆزی هەیە. بەم کارە نا مەسئولانەیان جارێکی تر ئەوە دەسەلمێنن کە هیچ کاتێ رێگا چارەی ئاشتیانەو دیالۆگ ناگرنەبەر. بەلکو هەمیشە رێگای شەریان هەلبژاردووە. سودیان لە ئەزمونەکانی رابردوی ناوچەکە وەرنەگرتوە. غەدر لە گەلێکی سڤیل و زۆر لێ کراوی دراوسێ ی دێرینی خۆیان دەکەن. جگە لەوەش ئەوە پێشێل کاریەکی گەورەیە بۆسەر سەروەری خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان و مافی مرۆڤ و یاساکانی نێودەولەتی.
یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان. ئەم هێرشانە شەرمەزاردەکات و داوای هەرچی زووتر راگرتنی دەکات و دووبارە نەبێتەوە و قەرەبوی زیان لێ کەتوان بکرێتەوە داواش لەگشت رێکخراوەکانی جیهانی و پەرلەمانەکانی جیهان دەکات هەنگاوی بە پەلە بهاوێژن بۆ راکرتنی.

یەکێتی پەرلەمانتانی کوردستان
١٧ / ١٢ /٢٠٠٧

# راگەیاندن سەبارەت بە لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەرخاکی هەرێمی کوردستان

جارێکی تر حکومەتی تورکیا لەشکرکێشی بۆسەر خاکی هەرێمی کوردستان دەست پێکردەوە بێ ئەوەی رەچاوی بەرژەوەندی و پەیوەندیەکان بکات لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەبری رێگەی گفتوگۆی دۆستانە کەچی دەستەلاتدارانی تورکیا رێگەیەکی تریان هەلبژارد کە بوە مایەی نارەزایی زۆربەی وولاتان لەکاتێکدا بەتوندی ئەم دەست درێژیە بۆسەر هەرێمی کوردستان شەرمەزار دەکەین پەردەش لەسەر ئامانجەکانی ئەم لەشکرکێشیە هەل دەدەینەوە........

یەکەم: ئامانجی راستەوخۆ بۆ لێدانی بنکەو بارەگاکانی پەکەکە بەمەبەستی هەلتەکاندنی سەنگەرەکانیانە کە دوبارە کردنەوەیە لەرووی سەربازی و ئامانجێکی ئەوتۆ ناپێکێ وەلامی پەکەکە سەرەرای بەرەنگاربونەوە باشترین وەلام ئەوەیە شەرەکە بگوازێتەوە بۆ ناو خاکی تورکیا.

دووەم: ئامانجی راستەوخۆ هەرەشەکردنەلە ئەزمونی باشوری کوردستان و دەیەوێت بەبەردێك دوو چۆلەکە بکوژێت و مادەی (١٤٠) تایبەت بە کەرکوك لەباربەرێت.

سێیەم: ئامانجی دوور ئەگەر بێتو لەشکر کێشیەکە درێژەی هەبێت ئەوە تورکیا دەیەوێت هەرێمی کوردستان تێوە بگلێنێت یان هەماهەنگی لەگەلدا بکات کەپێویستە حکومەتی هەرێم خۆی لەهەردووکیان بپارێزێ حەکیمانە هەلسوکەوت بکات و یەك

دەنگی ی و یەك هەلوێستی مەرجی بنەرەتیە بۆ دوورخستنەوەی مەترسیەكانی ئەم لەشكركێشیە چونكە كاتەكە هەستیارە پێویستە مەسەلەكان نەكەم بایەخ بكرێ و نەگەورەتر بكرێ و داوا لەتوركیا و رای گشتی جیهان دەكەین شەرەكە نەگوازرێتەوە بۆ هەرێمی كوردستان تەنیا رێگەی دیالۆگ و ئاشتیانە هەل بژێرێ. تێكدانی ئارامی لەناوچەیەكی ئارام زیان بەهەمولایەك دەگەیەنێ پێش هەمویان بە توركیا. داواش لە ولایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا دەكەین بەرپرسیارەتی رێگەگرتن لەم ئۆپەراسیۆنەی توركیا بگرێتە ئەستۆ پێویستە گشت لایەنە پەیوەندی دارەكان لەرێگەی گفتوگۆ چارەسەری كێشەكان بكەن و پێویستیشە قەرەبوی زیان لێكەوتوانی دانیشتوانی سڤیلی ناوچەكەش بكرێتەوە.

یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان

٢٠٠٨/٢/٢٤

# بەیاننامەی رۆژی ٢٠٠٨/٣/٢٣
# سەبارەت بە رووداوی دڵتەزێنی قامیشلو

لەکاتێکدا گەلەکەمان لەسەرتاسەری کوردستان ئاهەنگی جەژنی نەورۆزی دەگێرا، دووپاتی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی دەکردەوە مخابن لەبەرامبەر ئەم خۆشی وکامەرانی یە لەچەند شارێکی کوردستان لەباکوور و رۆژئاوا بەتایبەتی لەقامیشلۆ دەسەلاتداران توندوتیژیان بەکارهێناو دەستیان بەخوێنی چەندین رۆلەی گەلەکەمان سورکرد بەنەریتی شۆڤینیانەیان شادی و خەندەیان لەبەهاری کوردستان دزی. وێرای شەرمەزارکردنی ئەم تاوانانە سەرەخۆشی لەبنەماڵەی شەهیدەکان دەکەین و هیوای چاك بونەوە بۆ برینداەرکان دەخوازین و داوای ئازاد کردنی بەپەلەی گیراوەکانیش دەکەین. ئەوەش دێنینەوەبیر ئەو دەسەلات دارانە وەك چۆن ئەمرۆ ئەوانەی زولمیان لەمیللەتی کورد کردبوو وان لەبەردەمی دادگا و رۆژێ دادێ ئەوانیش ئاوا رەوانەی دادگا دەکرێن. سەرکەوتنیش هەربۆ ئیرادەی گەلانی ستمدیدە.

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان
٢٠٠٨/٣/٢٣

# بەبۆنەی یادی كارەساتەكانی كیمیابارانكردن وئەنفال كردنی گەلی كوردستان  پێشنیار و پلانی یەكیتی پەرلەمانتارانی كوردستان بۆ سەركردایەتی سیاسی كوردستان

زیاتر لە بیست ساڵ بەسەر دوو تاوانی گەورەی رژێمی دیكتاتۆری عێراق تێ دەپەرێ، ئەویش كیمیابارانكردن و ئەنفالكردنی گەلی كوردستان بوو بە هەموو قۆناغەكانیەوە لە ١٩٨٣ تاكوو ١٩٨٨، لە كاتێكدا بۆ گیانی پاكی شەهیدان سەردادەنەوێنین، ئیدی رۆژی ئەوەهاتووە ئەم یادكردنەوانە لە قۆناغی پارانەوە و كروزانەوە بگوازینەوە بۆ قۆناغی قەرەبوو كردنەوە و ئاوەدانكرنەوەی ناوچە زیان لێكەوتوەكان بۆ ئەمەش حكومەتی هەرێمی كوردستان پلانی كاریگەر دابرژێ لە رێگەی وەزارەتەكانی بە تایبەتی پەروەردە و تەندروستی و ئاوەدانكردنەوە و كشتوكاڵ، هەروەها حكومەت كار لەسەر ئەوە بكات دۆسیەی تاوانی كیمیابارانكردنی ناوچەكانی كوردستان بخرێتە بەردەم دادگای تاوانەكان وەك دۆسیەیەكی سەربەخۆ، لەلایەكی تر مژدەیەكی خۆش بوو كە پەرلەمانی عێراق ئەو تاوانەی دەرهەق بە گەلی كوردستان كراوە بە جینۆسایدی ناساند، ئەمەش رێگە خۆش دەكات حكومەتی كوردستان لە رێگەی حكومەتی عێراقی فیدراڵ سكالای خۆی پێشكەش بە دادگای تاوانەكانی نێو دەوڵەتی سەر بە نەتەوەیەكگرتوەكان بكات بۆ ئەوەی تاوانبارانی تر پەلكێشی دادگا بكرێن و دۆسیەی قەرەبوو كردنەوەش رووبەرووی ولاَتانی جیهات بكرێتەوە.

یەكیتی پەرلەمانتارانی كوردستان

١٦ / ٤ / ٢٠٠٨

# راگەیاندنی یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان سەبارەت بەرا پۆرتەكەی بەرێز دیمستۆرا

پێشنیارو بۆچونەكانی بەرێز ستیڤان دیمستورا هەر چەند بۆ ئاسان كاریەو پابەند بونی بۆ نیە، بەلام راپۆرتەكەی تایبەت بە قۆناغی یەكەمی چارەسەركردنی ئەوناوچانەی لەهەرێم دابراون دەیەوێ كێشەكان ئالۆزتر بكات و لەچارەسەری ناوەخۆ بگوازێتەوە بۆ چارەسەری دەرەكی و هەرێمی هەروەها كێشەكان دابەش دەكات و لەیەكتریان دەپچرێنێ لەگرینگی و نرخیان كەم دەكاتەوە گومانیش دەخاتە سەر هەلبژاردنی سالی ٢٠٠٥ و هەول و تەقەلای لایەنە سیاسیەكان وەلادەنێ پەنا دەباتە بەر چنینی پلان و بۆچونی دژ بەیەك لەبری گەرانەوە بۆ دەستوری عێراقی فیدرال و مادەی ١٤٠ و رێككەوتنەكانی نێوان عێراقیەكان، ناوەرۆكی راپۆرتەكە رازی كردنە لە حیسابی لایەك لە سەر لایەكی تر بەبێ دۆزینەوەی چارەسەری بنەرەتی و هەندێ مەسەلە دەوروژینێ كە لە ٢٠٠٣/٣/١٩ یەكلایی كراوەتەوە پاشان لە دەستوور جێگیر بووە.

یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان نیگەرانە لە راپۆرتی ستیڤان دیمستورا بەپاشە كشەی دەزانێ و زیان بەمادەی ١٤٠ دەگەیەنێ بەدیلی تر بەهیچ جۆرێك قەبول ناكرێت داوا لەسەركردایەتی كوردستان و پەرلەمان و حكومەت و نوێنەرانی كوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەكات بۆئەوەی راپۆرتەكەی نوێنەری UN نەكرێت بەنەخشەی رێگا بۆ چارەسەری مەسەلە چارەنوس سازەكان.

یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان
١٠ / ٦ / ٢٠٠٨

# بەياننامە سەبارەت بە ياساى هەڵبژاردنى پارێزگاكانى عێراق

ماوەيەك بوو مشتومر لەسەر ياساى هەڵبژاردنى ئەنجومەنى پارێزگاكان لە ئارادا بوو، سەرئەنجام بێ ئەوەى پشت ببەستن بە سيستەمى پەيرەوكراو لە عێراقدا كە توافقە، بەهۆى پێشێلكارى لە دەستوور و بنەماكانى پەيرەوى ناوەخۆى ئەنجومەنى نوێنەرانى عێراق، ئەمڕۆ ٢٠٠٨/٧/٢٢ ياساكە پەسەند كرا سەرەراى رازى نەبوونى نوێنەرانى گەلى كوردستان لەو ياسايە و دەرچونيان لەهۆڵى پەرلەمان، ئەمە پاشەكشەيەكى چاوەروان نەكراوى مەترسيدار بوو، لە برى ئەوەى هەنگاوەكان بەرەوپێشەوە بچى، گەرانەوە بۆ چوار گۆشەى يەكەمى لێكەوتەوە.

ئەمە ماناى لاواز بوونى متمانە و پێكەوە كاركرد دەگەيێنى، مشتەكۆڵەيەكى توند بوو لەو رێككەوتنە ستراتيژيانەى نێوان سەركردايەتى سياسى كوردستان و لايەنەكانى ترى عێراق، خەنجەرێك بوو لە پشتەوە ئاراستەى گەلى كوردستان كرا، گەلەكۆمەيەكى دۆست و ناحەزان بوو بە فيتى ئەوانەى دەيانەوێ عێراق بەرەو هەڵدێر بروات.

هەڵبژاردنى راست و دروست هيچ پيويستى بە رێنماى سەپێندراو نيە بۆيە ئەمە دەنگدان نەبوو بەڵكوو راگەياندنى جەنگ بوو، ئاشكرا بوونى پەيامى روبەندو دەمامكەكان بوو كە راستى خۆيان نيشاندا.

گەلى كوردستان بە هيچ شێوەيەك سازش لەسەر بەرژەوەنديەكانى خۆى ناكات، ناچاريش بكرێت دەستەوەستان ناوەستيێ بەرامبەر مەترسيە جيدەكان و گۆرانى هەڵويستى دۆستەكانى و لە دەست دانى راسگۆى ئەوان .

ديموكراتى دەستكەوتى هەموو گەلانى عێراقە، شۆفينيەتى كەلتورى بەسەر چووى ديكتاتۆرەكانە، بۆيە گەرانەوە بۆ ديموكراتى باشترين چارەسەرە بۆ ئەوەى جارێكى

تر ماوە نەدرێتە دەست هەلپەرست و ئەوانەی لەسەر خەونی رابردوو ئایندە بنیات بنێن.

یەكیتی پەرلەمانتارانی كوردستان ئەوە دێنێتەوە بیر گەلەكەمان بەتایبەتی سەركردایەتی سیاسی كوردستان كە ئەگەر خوێندنەوەی دروست بۆ عەقڵیەتی دۆست و نەیارەكانی نەكات پێش ئەوەی بە خۆمان بزانین پیلانی لە ناو بردنمان بۆ دادەرێژن، ئیتر كات لەبەر دەست نامێنی و كوردستان دەكەنەوە بە (شمالنا الحبیب) لێرەدا گرنگ و بەرپرسیاریەتیشە كە مەسئەلەی كەركوك و رێزگرتن لە سنوری مێژووی نیشتیمانەكەمان حەقە بكرێ بە ئەركێكی نەتەوەی پیرۆز، ئەگەر بیتو هاوبەشی و بەشداری و پێكەوە ژیان هەموو لایەك پابەندی نەبێت گەلی كوردستان ناچار دەكات خیاری تر هەڵبژێرێ.

یەكیتی پەرلەمانتارانی كوردستان نیگەرانی خۆی لەم هەڵوێستە رادەگەینی و هۆشداری دەدات و جەخت دەكاتەوە لەسەر بوونی هاوهەڵویستی و جوامێرانەی سەركردایەتی سیاسی كوردستان، پەلە بكەن بەوەی كە حكمرانی لە كوردستان هەنگاوی پێویست بنێ بۆ ئەوەی بتوانرێ ویستەكانی مافی چارەی خۆنوسین مسەوگەر بكرێ و بەو رێككەوتننامانەی خۆی لەگەڵ لایەنە عێراقفیەكاندا بچێتەوە ، داواش لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەكات چاو بەو یاسایە بخشێنێتەوە، داواش لە دەستەی سەرۆكایەتی كۆماریش دەكەین ئەم یاسایە پەسەندنەكەن.

یەكیتی پەرلەمانتارانی كوردستان

٢٢ / ٧ / ٢٠٠

# بەیاننامەی نارەزای دژ بەکاری تیرۆرستی لە شاری کەرکوك لە ٢٠٠٨/٧/٢٨

ئەو رۆژەی پەرلەمانی عێراق یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکانی پەسەند کرد دوور و بەدەر لە نەریتی پەیرەوکراو لە عێراقدا، بەبێ رەچاوکردنی دەستور و یاسا و پەیرەوی ناوخۆ، ئەمە زیانێکی گەورە و زەبرێکی توند و کوشندەی لە بارودۆخی ناسکی ئەم وولاّتە دا .

پەسەند کردنی ئەم یاسایە سەرەرای پێشێلکاریەکەشی گەرانەوە بوو بۆ دواوە و بۆ چەسپاندنی سیاسەتی رەگەز پەرستانەی رژێمی دیکتاتۆری، گوێ نەدان بوو بە مادەیەکی دەستوری ئەویش مادەی (١٤٠) ، ئەم پەسەند کردنە بە فیرۆدانی کۆشش و هەوڵەکان بوو، پیلانی هەڵوەشاندنەوەی مافە ئازادیەکان بوو، ئەمەش پێویستی بەرووبەروو بوونەوەی دیموکراتیانە و شارستانیانەی هاووڵاتیانی کوردستان بوو لە بەرامبەر هەڵوێستی هەندێك لە کوتلەکانی ناو پەرلەمانی عێراق، ئەم رووبەرووبونەوەیە تەنها لە رێگای بەکار هێنانی مافی دەستووری و دیموکراتیانە بوو، ئەویش رێپێوان و خۆپیشاندانی ئاشتیانە، ئەوانەی لە پشتی ئەو یاسایە بوون بەمەبەستی کپ کردن و خنکاندنی دەنگی ئازادی بە ئەنجام دانی کاری تیرۆرستی و توند و تیژی ویستیان دەنکی هاووڵاتیان بخنکێنن، ئەمەش بووە هۆی شەهید و بریندار کردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە شاری کەرکوکی خۆشەویستمان، بەمەش

تاوانێکی تریان خستە پاڵ تاوانەکانی تر، ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەو دەنگانەی لە ٢٠٠٨/٧/٢٢ دا یاسای هەڵبژاردنی پاریزگاکانی تێپەراند هەر دەنگدانەوەی ئەوان بوو کە لە ٢٠٠٨/٧/٢٨ کارەساتێکی دژی مرۆڤایەتیان قەوماند..

یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان بە توندی ئەم کارە تیرۆرستیانە شەرمەزار دەکات داواش لە گەلەکەمان دەکات رۆڵی مێژووی هەڵبژێرێ بۆ یەکریزی و تەبایی، داواش لە رای گشتی جیهان و (UN) دەکات کە پشتگیری لە داخوازیەکانی خۆ پیشاندەران بکەن و پیلانی بەرنامە دارێژراوەکانی کاری تیرۆرستی ریسوا بکەن... سلاو لە گیانی پاکی شەهیدانی شاری کەرکوك، چاکبوونەوە و سەلامەتیش بۆ بریندارەکان دەخوازین

یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

هەولێر / ٢٠٠٨/٧/٢٩

# بەیاننامەی پشتگیری لە داوای زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی پاریزگای کەرکوك

کێشەی کەرکوك کێشەی ئەمرۆ نی یە بەلکو دەگەرێتەوە بۆ سالێ ١٩٢٥ کە بە بریارێکی (عصبت الامم) کوردستانی بە دەولەتی عێراق لکاندەوە. هەر لەو رۆژەوە نەخشەو پیلانی نارەوا بەرانبەر بە شاری کەرکوك ئەنجام دەدرێ بە تایبەتی لە سالەکانی ١٩٦٨ – ٢٠٠٣ سالی رووخانی رژێمی دیکتاتۆری،.گەلی کوردستانیش بۆ سەلماندنی مافەکانی خۆی هەمیشە پەنای بردوەتە بەر دیالۆگ و یاسا، کەچی دەسەلاتدارانی یەك لە دوایەکی عێراق کوسپ و تەگەرەیان خستوەتە بەردەم هەولەکان لە بەرانبەر نەهێشتنی ئەوزولمە مێژوویە، سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بە هیێمنانە لەسەر خەباتی خۆی بەردەوام بوو تا بە رێککەوتنی هەمە لایەنە مادەی (١٤٠) لە دەستوری عێراق جێگرير بوو، ئەگەر بهاتايە ئەو مادەیە جێ بەجێ بکرایەو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەو مادەیەی وەلا نەدایە، ئەم پێشلکاریەش لە دەستورو یاساو تەوافقی سیاسی کرا و بوە هۆی تێپەراندنی یاسای هەلبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، جێگەی داخە ئەم تێپەراندنەش بە دەنگی دۆستەکانی گەلی کوردستان کرا کە لە کاتی تەنگانە لە ناوچە رزگار کراوەکانی کوردستان باوەشیان بۆ دەکرایەوە، کەچی لە پشتەوە هەربەردەوام بوون لەسەر سیاسەت و پیلانەکانی رژێمی بەعسی، ئێستاش کە توافقی سیاسی نەما خەلکی کەرکوك ناجارە پەنا بباتە بەر دەستورو بە

گوێرەی مادەکانی ١١٧ و ١١٨ و هەروەها بە یاسای ژمارە ١٣ ساڵی ٢٠٠٦ هەرێمـەکان مادەی ٢ برگەی ٣ کە داوای گەرانەوەی شارەکەیان بکەن بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئەمە داواکاریەکی رەوایە و مافێکی دەستوری و یاساییە، بۆ یە یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان بە گەرمی پشتگیری لەو داوایە دەکات کە دەبوایـە ئـەو کاتـە پـێش کـەش بکرایە کە مادەی ١٤٠ جێ بەجێ نەکردنەکەی دواخـرا. داوا لـە سـەرکردایەتی سیاسـی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان دەکەین پشتگیری تـەواوی ئـەم داوایـە بکـەن و بـە پەلە هەوڵی گەراننەوەی پارێزگای کەرکوك بدەن بـۆ سـەر هـرێم لـە رێگـەی دەسـتورو یاسـا کـە ئـەو مافـەی دیـاری کـردوە. داواش لـە حکومـەتی عێراقـی فیـدراڵ دەکـەین پشتگیری ئەم داوا یاسایە بکات بۆ رەوانە کردنی بۆ کۆمـسیۆنی بـاڵای هەلبژاردنـەکان بـە مەبەسـتی ئـەنجام دانـی ریفرانـدۆم بـۆ ئـەم مەبەسـتە ئەمـە باشـترین رێگایـە بـۆ سەقامگیر کردنی ئارامی و یەکپارچەیی عێراق.

یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

هەولێر/ ٢٠٠٨/٧/٣١

.

# بەیاننامە دەربارەی بارۆدۆخی ناوچە دابڕاوەكانی كوردستان

دەستپێكردنی ئۆپراسیۆنە سەربازیەكەی حكومەتی مالكی بۆ سەر پارێزگای دیالی وا دەخوێندرایەوە بە مەبەستی راوەدوونانی چەكدارەكانی یاساشكێن و رێكخراوی تیرۆرستی قاعیدەیە، لەراستیدا ئەمە بەشێك بوو لە ئامانج، بەلاّم دەركەوت ئامانجێكی تری بەدوواوە بوە ئەویش دەرپەراندنی هێزی پێشمەرگەی كوردستانە لە ناوچەكانی جەلەولا و قەرەتەپە و سەعدیە و چەندین ناوچەی تر، كاتی خۆی ئەم هێزانە لەسەر داوای حكومەتی عێراق بووە بۆ هاوكاری كردنی سوپای عێراق دژ بە تیرۆرستان.

ئەوەی جێگەی گومانە بۆ دەبێ لەو كات و شوێنانەدا و لەگەڵ ئەو ئۆپراسیۆنەدا ئەم هەڵویستە لە ناكاوەیان سەر هەڵبدات، ئەمەش لە دووای ئەوە دێ كلیلی چارەسەری ئەم ناوچانەیان وەلاوەناوە كە مادەی (١٤٠)، بەوە نەوەستان ئیستا دەیانەوێ خانەقینیش بەو ئاكامە بەرن و بەیانیش هەڵكوتنە سەر هێڵی سوور كە شاری كەركوكە.

ئەم رووداوانە و چەندین هەڵویستی تریش وا پێویست دەكات سەركردایەتی كوردستان بە دۆسیەی رێكەوتننامە و هاوپەیمانیەتی و هاوبەشی لە دەسەلاّتدا بچێتەوە و ئەو بارودۆخەیە بە وردی هەڵسەنگێندرێنەوە لەگەڵ حكومەت و دۆستەكانی دیالۆگ بكات، وەرگرتنی هەڵوێستی ئەمریكاش سەنگی مەحەكە، لەلایەكی تریش لەو پیلانانە بگات

کە ژێر بە ژێر هەندێ لە وولآتانی دەوروبەر و هەندێ لـە وولآتـانی عـەرەبی و دەرەکـی دەیهۆننەوە.

یەکیتی پەرلـەمانتارانی کوردسـتان هۆشـیاری دەدا و ئـەوەش دووپـات دەکاتـەوە کـە چۆڵکردنی یان پاشە کشە لە ناوچەکانی مـادەی (١٤٠) ی دەسـتور مانـای گەرانەوەیـە بـۆ دوواوە بـۆ جـارێکی تـر تـەعریب و لـە دەسـتدانی دەسـتکەوتەکان، چارەسـەری دادپەروەرانە لە ناوچە ناکۆکەکان بە مادەی (١٤٠) دەکـرێ تـەنیا رێگاشـە بـۆ ئـەوەی گـەلانی عێـراق دوور لـە دەسـتێوەردانی دەرەکـی بتـوانن کێـشەکانی خۆیـان یەکلاییکەنەوە.

یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

٣٠ / ٨ / ٢٠٠٨

# شەرمەزارکردنی تاوانی دەستدریژی بۆ سەر برا مەسیحیەکان

ئەو کارە دوژمنکاریانەی لە لایەن تیرۆریستەکانەوە ئێستا لە موسڵ رووبەرووی برا مەسیحیەکانمان دەبێتەوە، ئەوە دەگەینێ کە هێشتا دوژمنانی عێراق خەریکی نانەوەی دووبەرەکیی و تایفەگەرین، برا مەسیحیەکان هەزاران ساڵە لەگەڵ ئیمەدا دەژین و هاوبەشن لە خۆشی و ناخۆشی دا، بەشدارن لە هەموو نەهامەتیەکانی گەلی کوردستان، ئەو برا مەسیحیانە گەلێکی ئاشتیخوازن، نارەواییەکی گەورەیە بەم شێوەیە زوڵمیان لێ بکرێت و مافیان پێشێل بکرێ.

یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان بە توندی ئەو رەفتار و توند تیژیانەی دەرحەقیان دەکرێ رەتدەکاتەوە، شەرمەزاری دەکات، داواش لە حکومەتی فیدراڵی عێراق دەکات بەپەلە بە هانایانەوە بێت و تاوانبارانیش بدرێنە دادگا، لە کاتێکدا ئەم تاوانە چەپەڵانە بەرۆژی رووناك و بەبەرچاوی هەندێ کەس روودەدەن، باشیش دەزانن کێ لە پشتی ئەم دڵ پرلەکینانەن کەچی لەخووتو خۆرایی دەیانەوێت ئەنجام دەرانی ئەم تاوانە بخەنە ئەستۆی ئەو پێشمەرگانەی کە ماوەی (٥) پێنج ساڵە بەشداریەکی کاریگەریان هەیە لە پاراستنی شاری موسڵ و دەوروبەری، خودی لێپرسراوانی ئەم شارە شاهیدی بەحەق دەدەن کە پێشمەرگە رۆڵی ایجابیان هەیە، حیف و مەخابن کەسێکی وەکو

ئوسامە نجیفی کە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە هەمان راو بۆچونی تاقمە تیرۆرستەکان و پشتیوانانی ئەم تاقمانەی هەبێ،" ئەمە لە راستیدا مانا و مەبەستی تری بۆ لێك دەدرێتەوە کە چۆن ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکەوێتە ژێر کاریگەری تیرۆرستان و داغ لە دڵانی دژ بە ئاشتی و ئارامی و پێکەوەژیانی گەلانی عێراق، سەیر لەوەدایە ئەو ئەندامە بەرێزە و تیرۆرستان کوشت و کوشتاری برا مەسیحیەکان دەخەنە ئۆباڵی پێشمەرگە کەچی سەدان خیزانی برا مەسیحیەکان لە موسڵ ئاوارە دەبن و هانا دەبەنە ئەو شوێنانەی کە دەسەڵاتی پێشمەرگە بە تەواوەتی لیی بەرقەرارە.

ئەم پرسیارەش رووبەرووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی بەرێز دەکەینەوە کە چۆن رازی دەبن ئەندامێکی ئەو ئەنجومەنە هەمان بیرکردنەوەی تیرۆرستان و هاوپەیمانەکانیانی هەبێت

یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

١٢ / ١٠/ ٢٠٠٨

# لێدوانی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان سەبارەت بەسیاسەتی تاك رەوانەی بەرێز مالکی

ئـــەوەی تائێـــستا زیـــاتر گـــەلانی عێراقـــی پێکـــەوە گرێـــدابێ و کـــۆی کردبێتـــەوە دەستورەکەیەتی کە زۆرێنەی خەلکی عێراق دەنگی بۆ داوە، ئەمەش هەروا لە خـوت و خۆرا نەبوو بەلکو لەسەر بنەمای پێکەوە ژیانی دێموکراتیانە و نەگەرانەوە بـۆ حـوکمی تاك ڕەوی و بۆ دەسەلأتی تاك بریاری.

بۆیە ئەو هەولأنەی بەرێز مـالیکی سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق کەماوەیەکـە چ بەقـسە چ بەکردار دەری دەبرێ دەیەوێ جارێکی تر عێراق بگەرێنێتەوە بۆ خالی سفر یان بۆ ئـەو جێگەیەی کە تادوێنێ خۆی لەبەرامبەری دا سەنگەری گرتبوو، ئەم بـیرو بۆچـونە وەك وورێنە وایە لەکەسێکی دووربین کە بەرژەوەندی عێراقی بوێ ئەمەی پێ قبول نـاکرێ، لەزانستی ئیدارەدا هەرچەند دەسەلأتەکان فراوان بکرێـت سـەرکەوتن و پەرەسـەندن و لەیـەك تێگەیـشتنی لێ دەکەوێتـەوە بەپێـچەوانەوەش دەبێتـە مایـەی بەرتەسـکی و پاشەکشەو دوورەپـەرێزی و لێکترازانـی خـەلك و دەسـەلأت، دەسـتوری عێـراق هـەروا بەئاسانی و لەبەرخاتر و ختور مەگەر بۆ بەرژەوەندییێکی بـالأو چـارە نـوس سـاز نـەبێ کەس بۆی نیە دەستی لێبدات و بیگۆرێ بەتایبەتی ئەو بەشانەی کـەبوە هـۆی ئـەوەی هەموو لایەك پێ ی رازی بوونەو دەستکەوتی میراتێکی زۆری قوربانی دان و تێکۆشانی

گـەلانی عێراقـە كێـشەكە لەوەدانیـە كەناوەنـد دەسـەڵاتی كەمـە بـەلكو كیـشە لەبـەر چۆنیەتی بەكارهێنانی ئەو دەسەڵاتەیە كەسانی لاواز و بـێ ئـەزموون بـەرێوەی دەبـەن بەمۆرانەی گەندەلی تەنیوە، دەیان وولات هەیە سیـستەمی فیـدرالی جـۆراو جـۆر یـەكی خستون، كەچی دەیان وولاتیش هەیـە سیـستەمی مەركـەزی پـەكی خـستوون، بۆیـە گوناهە تاوانیـشە ئـەمرۆ كەسـێكی وەكـو سـەرۆك وەزیـران راسـت بێتـەوەو شـەق لـەو یەككگرتنەو ماندوبوونەی گەلانی عێراق بدات بۆمەرامی پر لەگومانی خۆی.

گەلێك لەبەرامبەر دكتاتۆرێكی سەر سەختی گۆر بـە گـۆر پـشو درێـژی شۆرشـگێرانەی هـەبوبێ ئـەمرۆ هـەروا بەرامبـەر ئـەو هەلوێـستە نادروسـتانە دەسـتە وەسـتان نابێـت باشترین وەلامیش بۆ ئەم هەلوێستە داواكـەی خـەلكی پارێزگـای بەسـرەیە كـەوا داوای هـەرێمێكی فیـدرالْ بۆخۆیـان دەكـەن. لەكۆتاییـدا ئەمـە دێنێتـەوە بـیر بـەرێز مـالیكی كەرەنگە لەوە بێ ئاگابێ واخەریكە لەهێلی سووریش دەردەچێت گەلانی عێراق ووشیار ترە جگـە لەرێگـەی دیمـوكراتی و پابەنـد بـوون بـە دەسـتورەكەی هـیچ رێگایـەكی تـر هەلْنابژێرێ بەرێز مالیكی وای لێ چاوەروان دەكرا ببێتـە پاسـەوانی ئـەمینی پاراسـتنی دەستور نەوەك ببێتە مایەی لەدەست دانی دەسكەوتەكان.

یەكیتی پەرلەمانتارانی كوردستان

١١ / ١١ / ٢٠٠٨

# راگەیاندن دەربارەی بۆردومانکردنی ناوچە سنوریەکان

سـالآنێکە ناوچـە سـنوریەکانی هـەرێمی کوردسـتان رووبـەروی دەسـتدرێژی هـەردوو حکومەتی تورکیا و ئێران دەبێتـەوە بـە هـەر بـرو بیانویـەك بێت بۆیـان نیـە لەرێگـەی تۆپباران و هێرشی فرۆکـە جەنگیـەکانیان و بەزانـدنی سـنوور دانیـشتوانی بـێ تـاوانی گوندەکان بکەنە ئامانجی خۆیان بەتایبەتی خەلکی ئەم ناوچانە هیچ رۆلێکیان نیـە لـە هاوکاری و یارمەتی دانی هیچ لایەك ئەم دەستدرێژیانە بووەتـە مایـەی زیـانی گیـانی و وێرانکردنی خانوبەرەی هاولاتیان و تێکدانی پردوو رێگاو بان و سـوتاندنی رەزو بـاخ و لەناو بردنی مەرومالآت و ئـاوارەبوونی خـەلٚکێکی زۆر و رووخـانی چـەندین قوتابخانـەو بنکەی تەندروستی و مزگەوت و کەنیسە لە دەڤەرەکانی سەر سنوور.

ئەوەی جێگەی سەرنجە وا بۆ چوار هەفتەدەچێ لەسـەر یـەك و رۆژانـە ئـەم تۆپبارانـە بەپلان و بەبەرنامە هێرشەکان توند تر و ترسناکتر دەبێ، ئـەوەی کـەزیاتر هـانی داون نەبوونی نارەزایی حکومەتی عێراقە لەمبارەیەوە.

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردسـتان سـەرەرای شـەرمەزارکردنی ئـەم هێرشـە نارەوایانـە داواش لەحکومەتی عێراق دەکات بەپەلە داوابکات رێز لەسەروەری خاکی عێراق بگیرێ و سکالآ دەرهەق ئەم دەولەتانە لە ( un) تۆماربکات کەدەیانەوێ بەبێ دەنگی گـەلێك لەناوبەرن، داواش لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات لەرێگەی هەموو کەنالەکانی پەیوەندی خۆی بۆ رای گشتی ئەم دەستدرێژیانە روون بکاتەوە و داواش لەحکومەتی عێراقـی فیـدراڵ بکـات بـەوەرگرتنی هەلوێـستی درووسـت لـەپێناو پاراسـتنی گیـان و سەروەت و سامانی دانیشتوانی بـێ گونـاهی ناوچـە سـنوریەکانی هـەرێمی کوردسـتان کەچیتر بەرگەی ئەم نەهامەتیە درێژ خایەنیە ناگرن.

یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

١٨ / ١٢ / ٢٠٠٨

پێنجەم:

# راو بۆچوون لەسەر پرۆژە یاساکان

به مەبەستی جێ بەجی کردنی برگەی یەکەم لە ماددەی سێیەمی یاسای ژمارە ١٧ ی ساڵی ٢٠٠٦، پاش ئەوەی هەر پرۆژە یاسایەك لە پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێ ئەوا وێنەك لەو پرۆژەیە دێتە یەکیتی پەرلەمانتاران بۆ راو بۆچوون لەسەری و دەوڵەمەند کردنی، بۆ ئەم کارە و بۆ راوەرگرتن لەسەر هەر پرۆژەیەك چەند کەسایەتیەکی شارەزا لەو بوارەدا لەگەڵ ئەو ئەندامانەی یەکیتیەکەمان کە شارەزاییان لەو کارەدا هەیە کۆبونەوە دەکەن و پرۆژەکە دەخەنە بەر باس و مادە بە مادە و پاشان راکان کۆدەکرێتەوە و بە نامەیەکی فەرمی رەوانەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاسای و ئەو لیژنانەی پەیوەندیدارن بە کاری ئەو پرۆژەیە دەکرێت بۆ ئەوەی لەکاتی گفتوگۆ کردن سود لەو رایانە وەرگرن، وا لەخوارەوە دەقی ئەو راو بۆچونانەی کە تا ئیستا لەسەر چەند پرۆژەیەك دراوە دەخەینە روو:

# بيرو راكان لەسەر مادە بە مادەى ياساى كارى رۆژنامەگەرى لە هەرێمى كوردستان كە لە كوبونەوەى رۆژى ٢٦ / ٢ / ٢٠٠٨ دراوە

١. لە المادە (الاولى) برگەى (سادساً)، پێويست دەكات ئەم برگەيە كارى ئەلكترۆنى بۆزياد بكرێت، چونكە لەو بارەيەوە گرينگى خۆى هەيە، بەم شێوەيەى لاى خوارەوەى لێبێت.

المادە الاولى:

**الفقرة (سادساً): المطبوع الذي يصدر بأسم معين دورياً ويوزع بأعداد متسلسلة ويشمل الصحافه الاكترونية.**

لە المادە (الثانية) برگەى (أولاً)، هەندێ گۆرانكارى بە ناوەرۆكى برگەكەدا دێت، بەم شێوەيەى لاى خوارەوە.

المادە الثانيە:

**الفقره (أولآ): الصحافة حرة ولا رقابة عليها وحرية التعبير و النشر مكفولة لكل مواطن في اطار احترام الحقوق والحريات الخاصة للافراد و خصوصية حياتهم والنظام العام والاداب وفق القانون.**

٢. لە المادة (الثانية) برگەى (ثانياً) هەندێ گۆرانكارى لەسەر كۆتايى برگەكە دێت بەم شێوەيەى لاى خوارەوە.

المادة الثانية:

**الفقر (ثانياً): للصحفي الحصول على المعلومات التي تهم المواطنين المرتبطة بالمصلحة العامة من مصادرها المختلفة مالم تكن مخل بمصلحة الاقليم.**

٣. له (المادة الثانية): برگەی (ثالثاً) تەنها وشـەی (للـصحفي) دەكرێـت بـە علـى الصحفي.

المادة الثانية:

الفقره (ثالثاَ): على الصحفي ابقاء مصادر أو الاخبار........الخ.

٥- لـە المـادە (الثانيـة) برگـەی (خامـساً) هەنـدیٚ گۆرانكـاری بەسـەردادێت ئـەویش بەگۆرینی بریار بەحكم و بەم شێوەیە.

المادة الثانية:

**الفقرة (خامساً): حظر تعطيل الصحف ومنع صدورها او مصادرتها الا بحكم قضائى.**

٦. له الماده (الثالثة) له (الفصل الثاني) شروط اصدار الصحف والغائها والتنازل عنهـا، برگەی (ثالثاً) دەگۆرێت بـەوەی كـە خـاوەنی امتيـاز پێـشەكی پێویـستە لەسـەندیكای رۆژنامەگـەری داواكـاری دامەزرانـدنی رۆژنامـە بكـات و سـەنديكا ئاگـاداری وەزارەتـی رۆشنبيری بكات و بەم شێوەیەی لیٚ دێت.

الماده (الثالثة):

**الفقره (ثالثة): على صاحب الامتياز او مؤسسها تقديم بيان التأسيس و تسجيله لـدى النقابه و على النقابه اعلام وزارة الثقافه مع بيان مصدر وجهة تمويله.**

٧.له الماده (الثالثة): برگەی (رابعاً) پيوست دەكات هەندی شتی زياتر اضـافه بكرێـت بەم شيوەيەی لی بيت

المادة (الثالثة):

**الفقره (رابعاً): يشترط فيمن ينوى اصدار الصحيفة ان يكون كامل الاهلية القانونية وغير محكوم عليه بجنايه او جنحه مخل بالشرف.**

٨. لـە المـادة (الرابعـة) لـە برگـەی (اولاً) بـە رای ئێمـە پيويـست نيـە ئەوسەرنوسـەرە ئەندامی سەنديكا بيت، بويە بەم شيوەيەی لای خوارەوە دەبيت.

المادة (الرابعة):

**الفقره (اولاً): ان يكون صحفياً ويتقن لغه الصحيفة قراوه وكتابه.**

٩. لە المـاده (الرابعـة) برگـەی (ثانيـاً) تـەنها وشـەی دائميـە دەكريـت بـە دائمـە. بـەم شێوەیە.

المادة (الرابعة):

**الفقرة (ثانياً): ان يكون من مواطنى الاقليم او مقيماً فيه اقامة دائمة.**

١٠. لـە المـادة (الخامـسة) پێويـست دەكـات برگەيـەكی تـازە بـە نـاوی برگـەی (رابعـاً) زيادبكريت، بەم شێوەيەی خوارەوە.

المادة (الخامسة):

**الفقره (رابعاً): اذا فقدت احد الشروط الوارده فى الفقره (ثالثاً) اعلاه.**

١١. لە المادە (السابعة) الفصل الثالث (الرد واالتصحيح) برگەی (ثانيـاً) تـەنها وشـەی (تغرم) دەگوردريت بە وشەی (يعاقب) و بەم شێوەيە.

المادة (السابعة):

**الفقـره (ثانيـاَ): تلتـزم الـصحيفه بنـشر الـرد او التـصحيح و بعكـسه يعاقـب بمبلـغ لايقل...... الخ.**

١٢. لە المادە (التاسعە) الفصل الخامس (الحصانە) برگەی (پانيـاً) هەنـدی گۆرانكـاری تێدادەكريت، بەم شێوەيەی لی ديت.

المادە (التاسعە):

**الفقره (ثانياً): لايجوزالتحقيق مع الصحفى منتميه الى النقابه الا بحظور النقيب او من ينوب عنه قانوناً ولايجوز تفتيش مقر عمله اومسكنه للسبب الوارده فى الفقره (اولاً) من هذه الماده الا بقرار قضائى.**

١٣. لە المادة (التاسعة) برگەی (ثالثاً) هەندی گۆرانكاری لە كوتای برگەكـە بەپەسـەند دەزانين وەكو ئەوەی لای خوارەوەی لی ديت.

المادە (التاسعة):

**الفقره (ثالثاً): لايجوز أن يتخذ من الوثائق والمعلومات والبيانات والاوراق التى يحوزها الصحفى دليل اتهام ضده فى اى تحقيق جزائى مالم يكن دليلاً جنائياً للجريمه.**

١٤. لەپێش (المادة العاشرة) بە پێویست دەزانرێت (الفصل السادس) دابنرێت بەناوی (الاجرائات الجزائية) هەروەها لە (المادة العاشرة) لەبرگەی (اولاً) دا تعطیل الصحیفە هاتووە، ئێمە بەباشی دەزانین ئەو تعطیل الصحیفە لەم برگەیەدا نەمێنێ، لەگەل هەندێ ئالوگۆری و گۆرانکاری تری ناوەرۆکەکەی، بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ دێت.

المادة (العاشرة):

**الفقره (اولاً): يعاقب الصحفى بغرامه لاتقل عن مليون ديناراً ولاتزيد على اربعه ملايين ديناراً ممايلى.**

**أ- كل مامن شأنه تكدير الوضع الامني أو اثارة الرعب بين الناس أو التحريض على أرتكاب الجرائم أوعدم تنفيذ القوانين.**

**ب- كل ما شأنها التحريض على ارتكاب الجرائم والارهاب وزرع الآحقاد وبذر الكراهية والشقاق والتنافر بين مكونات المجتمع.**

١٥. لە المادة (العاشرة) برگەی (ثانیاً) (أ) لەکۆتایی ئەوبرگەیە هەندێ گۆرانکاری تێدا دەکرێت وەکو ئەوەی لای خوارەوە.

المادة (العاشرة):

الفقره (ثانياً):

**أ- اهانة المعتقدات الدينية لأحدى الطوائف أو تحقير شعائرها أو اهانة رمز هوموضع تقديس أو تمجيد لدى طائفة دينية أو الحاق الضرر بهم.**

١٦. لە المادة (العاشرة) برگەی (ثالثاً) دەگۆرێت بەمشێوەیەی خوارەوە.

الماده (العاشره):

**الفقره (ثالثاً): تفرض الغرامه على الصحيفه الناشره لما ورد فى أولاً و ثانياً أعلاه بنفس المبالغ الوارده فيه.**

١٧. له (المادة العاشرة) برگەیەکی تازە دادەنرێت بەبرگەی (سادساً) کەجێگای (المادة الحادية عشرة) دەگرێتەوە و نامێنێ لەگەل نەهێلانی رستەی (المحضورات فی الصحف) و بەم شێوەیە دەبێت.

المادة العاشرة:

**الفقره (سادساً): لاتسرى احكام الفقرات اعلاه على ما تستورده المؤسسات الحكومية والجامعات ومراكز البحث العلمي من صحف ومطبوعات لأغراض علمية بحتة.**

١٨. له (المادة العاشرة) برگەیەکی تازە دادەنرێت بەبرگەی (سابعاً) کە جێگای (المادة الثانية عشرة) دەگرێتەوە و نامێنێت بەمشێوەی خوارەوەی لێ دێت.

المادة العاشرة:

**الفقره (سابعاً): لا يعفى من المسئولية فى جرائم النشر مانقلت او ترجمت عن مصادر خارج الأقليم.**

١٩. (الثالثة عشرة) دەگۆردرێت بە (المادة الحادية عشرة) لەگەل هەندێ گۆرانکاری لەکۆتایەکەیدا.

**المادة الحادية عشرة: لايعمل بأى نص يتعارض وأحكام هذا القانون.**

٢٠. پێویست بە دانانی (الآحكام الختامية) ناکات و نامینێ و (المادة الرابعة عشرة) ئەبێتە (المادة الثانية عشرة) و بەم پێ یە (المادة الخامسة عشرة) ئەبێتە (المادة الثالثة عشرة).

تێبینی:

ئەم راوبۆچونەی سەرەوە بە نامەی ژمارە ١٧ لە ٢٧ / ٢ / ٢٠٠٨ دا رەوانەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کراوە.



کۆبوونەوەی پەرلەمانتاران

# پرۆژە یاسای دیوانی چاودێری دارایی
# لە هەرێمی کوردستانی عێراق

لەرۆژانی ٥-٦ /٢٠٠٨/٣/ دەستەکەمان لەگەل چەند بەرێزێکی تری شارەزا لەبواری یاساو دارایی کۆبونەوە، بۆ تاوو توێکردن و گفتوگۆ لەسەر یاسای (قانون دیوان الرقابه المالیه لاقلیم کوردستان – العراق) و لەپاش بەهەند وەرگرتنی ئەو بیرو رایانەی کەلەبەرێزانی ئەندامانی دەرەوەی شاری هەولێر بۆمان هاتبو کراو پاش خوێندنەوەی ماده به مادەی، وا لەخوارەوە رای خۆمان لەوبارەیەوە دەخەینە روو.

١- له الفصل الاول – المادة الخامسة: ئێمە ئەم شێوازەی لای خوارەوەمان بەپەسەند زانی لەبری ئەوەی دیاری کراوە.

الماده الخامسه:

**یرشح مجلس الوزراء أكثرمن مرشح لرئيس الديوان ويعين بمرسوم اقليمي بعد نيله ثقه الاغلبية المطلقه لأعضاء المجلس الوطني الكوردستاني ويكون بدرجة وزير وله حقوق وامتيازات الوزير فيما يتعلق بالراتب والمخصصات والتقاعد والخدمة وله صلاحيات وزير المالية فيما يتعلق بشؤون الديوان و ملاكه وموازنته، ومدة رئاسة (٤) سنوات قابلة للتجديد ولمرة واحدة........ الخ.**

٢- لە المادة السادسة: هەندێ گۆران لە هەردوو فقرە لە بیدایەتی دەکرێت بەم شێوەیە.

أ- **دائره الشئوون الادارية و المالية، يرأسها مدير عام فيقوم بأعداد وتقديم....... الخ.**

ب- **دائـرة الـشئوون الفنيـة، يرأسـها مـديرعام يقـوم بتقـديم المهمـات الفنيـة والحرفية.......الخ.**

٣- المـادة الـسادسة: الفقـرة (٤) لـه (أ و ب) هەنـدێ گۆرانكـاری دەكـەین بـەم شێوەی خوارەوە.

أ- دائره دەكەینه **(دوائر التدقيق المركزية وهي).**

ب- هـەردوو دائـرەی تـدقيق المنگقـه الاولی و الپانیـه، لادەبرێـت و تـەنها (دوائـر تدقيق المحافضات) دەمێنێ.

٤- لـە المـادة (الـسابعة): لـە برگـەی (اولا) ژمـارە (٢) گۆرانكـاری تێـدادەكرێت بـەم شێوەیەی لێ دێت.

**٢. أن يكون حاصلاً علـى شـهادة جامعيـة (البكـالوريوس) في احـدى مجـالات (الادارة، المالية، الاقتصاد) وله الخبرة في مجال اختصاصه أو كان تولى وظيفة بدرجة خاصة في مجال اختصاصه لمدة عشرة سنوات.**

٥- لە المادة (السابعة): لەبرگەی (ثالثاً) تەنها ووشەی رئاسە زیاد دەکرێت بەم شێوەیە.

**ثالثاً: يعين المدراء العامون بقرار من رئاسة المجلس الوطني........الخ.**

٦- الفصل الثاني: عنوانەکە دەگۆرێت بەتەنها (مهام الديوان).

٧- الفصل الثاني لە المادة (الثامنة). پێویستی بە برگەیەکی زیاترهەیە. بەناوی برگەی (هـ) زیاد دەکرێت بەم شێوەیەی لای خوارەوە.

المادة (الثامنة) الفقره (١):

**ه ـ لديوان الرقابة المالية تدقيق حسابات الوزارات والمؤسسات والدوائرغيرالمرتبطة بالوزارة تدقيق حساباتهاقبل وبعد الصرف.**

٨ ـ لە المادة التاسعة برگەی (اولاً) هەندی گوران دەبیت بەم شێوەیە.

**اولاً: يقدم الديوان تقريراً سنوياً الى رئاسة المجلس الوطنى و رئاسة الاقليم و مجلس وزراء.......الخ.**

ثانیا: تەنها ووشەی (الحق فى) لادەبرێت و بەم شێوەیە.

**ثانياً: للديوان تقديم تقرير الى رئاسه...........الخ.**

٩ـ المادة (العاشرة) لە برگەی (أ) هەندی گۆرانکاری دەبیت بەم شێوەیە.

المادة العاشرة:

**أ: كافة دوائرالاقليم او الجهات الاخرى التى تتعامل بالمالية العامة.**

١٠ـ لە الفصل الثالث: لەناونیشانەکەیووشەی (اختصصات) زیادەو لای دەبرێت و بەم شێوەی لی دێت.

الفصل الثالث

صلاحيات الديوان

١١– الماده الحاديه عشره: ناونيشانێكی بۆدياری دەكرێت و ئەو مادەيە دەبێتە برگەی (١) وەمادەی (الثانية عشرة) لادەبرێت و دەبێتە برگەی (٢) و بەم شێوەيەی لێ دێت.

المادة الحادية عشرة: يمارس الديوان مايلي:

**١. الاطلاع على الوثائق وملفات المعاملات العلنية والسرية ذات العلاقة بالاعمال المالية.**

**٢. القيام بعمليات التقيم المالي لشؤون العقود العامة للتأكد من أن المعونات و المنح و القروض و التسهيلات الحكومية مخصصة للاغراض المحددة فيها.**

١٢– الفصل الرابع: (المادة الثالثة عشرة) دەبێتە (المادة الثانية عشرة).

١٣– له المادة الثالثة عشرة: برگەی (اولاً– د) گۆرانی تێدا دەكرێت بەم شێوەيەی لای خوارەوە.

المادة الثالثة عشرة:

اولاً:

**د– اخفاء الاوراق المستندات والسجلات المطلوبه لعمل الرقابة والتدقيق عن سلطة الرقابة.**

١٤- لە (الفصل الخامس) صلاحيات ومهام مجلس الرقابة المالية. (المادة الرابعة عشرة) دەگۆردرێت بە (المادة الثالثة عشرة)، هەروەها لەهەمان مادە ئەم گۆرانکاریانەش هەیە.

**تاسعاً: اعداد الميزانية السنوية و الحسابات الختامية للديوان و أرسالها الى وزارة المالية لدرجها ضمن الموازنة العامة للاقليم.**

حادي عشر: للمجلس اجراء الرقابة على المعاملات قبل بلوغ مراحلها النهائية.

١٥- المادة الخامسة عشرة: دەبێتە (المادة الرابعة عشرة).

١٦- الفصل السادس (المادة السادسة عشرة) دەگۆردرێت بە (المادة الخامسة عشرة) هەروەها لە برگەی (خامساً) ووشەی (لكوردستان العراق) زیاد دەکرێت لەکۆتاییدا، بەم شێوەیەی خوارەوە.

رئاسة المجلس الوطني لكوردستان — العراق بذالك.

١٧- لە (المادة السابعة عشرة) دە گۆردرێت بە (المادة السادسة عشرة) لەگەل زیادکردنی (لكوردستان العراق) لە کۆتایەکەدا بەم شێوەیە.

المادة السادسة عشرة:

**اذا وقع خلاف بين الديوان واحدى الجهات الخاضعة للرقابة ولم يتم حسمه مباشرة فلرئيس الديوان عرض الموضوع على رئاسة المجلس الوطنى لكوردستان العراق.**

١٨- (المادة الثامنة عشرة) دەگۆردرێت بە (المادة السابعة عشرة) وە لەبرگەی (١) لكوردستان — العراق لە بری الكوردستان دادەنرێت بەم شێوەیە.

المادة السابعة عشرة:

**١.    قبل ان يتولى رئيس الديوان اعماله وصلاحياته المقررة بهذا القانون يؤدي امام المجلس الوطني لكوردستان – العراق اليمين القانونية.**

١٩– (المادة التاسعة عشرة) دەگوردرێت بە (المادة الثامنة عشرة) وە ووشەی (ورئيس) دەبێتە (رؤساء) بەم شێوەیە.

**يخصص كل من رئيس الديوان ونائيبه و رووساء الدوائر.........الخ.**

٢٠– (المادة عشرون) دەگۆردرێت بە (المادة التاسعة عشرة) وە لە برگەی (١) دوو ووشە دەستكاری دەكرێت (بحث) بۆ (بحق) و (الرئيس) بۆ (رئيس)، بەم شێوەیە.

المادة التاسعة عشرة:

**١. لايجوز اتخاذ التعقيبات القانونية بحق رئيس الديوان الا بعد الحصول على اذن من رئيس المجلس الوطني لكوردستان – العراق.....الخ.**

٢١– (المادة الحادية والعشرين) دەگۆردرێت بە (المادة العشرون).

٢٢– (المادة الثانية والعشرين) دەگۆردرێت بە (المادة الحادية والعشرون) وە لەبرگەی (اولاً) و (ثانياً) گۆرانكاری دەبێت بەم شێوەیە.

المادة الحادية والعشرين:

**اولاً: تحدد تشكيلات وهيئات الرقابة ودوائر الديوان و مهامها و أختصاصاتها بنظام داخلي يصدر عن الديوان.**

ثانياً: لرئيس الديوان اصدار التعليمات لتسهيل تنفيذ هذا القانون بالتنسيق مع المجلس.

٢٣– (المادة الثالثة والعشرين) دەكۆردرێت بە الماده (الثانية و العشرون).

## كۆتایی

**تێبینی:**

ئـەم راوبۆچـونە بـە نامـەی ژمـارە ٢٣ لـە ٣١ / ٣ / ٢٠٠٨ دا رەوانـەی سـەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان كراوە.



کۆبوونەوەی پەرلەمانتاران

# هەموار کردنی پرۆژە یاسای خانو و بەرە

لە رۆژی ٢٢/٤/ ٢٠٠٨ لە بارەگای یەکیەتی پەرلەمانتارانی کوردستان، کۆبونەوەیك کرا لەسەر هەموار کردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی خانو و بەرە ژمارە / ٨٧ ی ساڵی ١٩٧٩، بەرێزانی ئامادە بوو لە بەرێزانی شارەزا لەو بوارەدا، جگە لەوانەش چەند کەسایەتیەکی شارەزا لە دەرەوەی یەکیەتیەکە ئامادەی کۆبونەوەکە بوون، ئەمەی خوارەوە راو بۆچوونی ئەو بەرێزانەیە لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە، گەر چی هەندێك لەو بەرێزانە رایان وابوو کە ئەم سەردەمە پێویستی بە یاسایەکی تایبەتی هەیە بۆ هەرێمی کوردستان، ئەمەش وەکو پێشنیارێك دەیخەینە بەردەستی بەرێزتان.

**یەکەم:**

خاڵی (أ) لە برگەی (أولا): پێویست ناکات ئەو بەرواره کە ٢٠٠٧/١/١ دیاری بکرێت، چونکە ئامادە کردنی پرۆژەکە بۆ سەردەمێکی کۆنتر دەگەرێتەوە.

خاڵی (ب) ئەو نیسبەتەی کە دیاری کراوە ٤٪ لە جێگای خۆیەتی و وەکو خۆی بمێنێ، بە مەرجێ بە کلفەی ئیستا تەخمین بکرێت.

خاڵی (ج) نسبەتەکە ٦٪ وەکو خۆی بمینی، بە مەرجێ بە کلفەی ئیستا تەخمین بکرێت، هەروەها (دور السینما) زیاد بکرێت لەگەڵ ئەو شوێنانەی دیاری کراون.

خاڵی (د) باشتر وایە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم برگەیە بە پێ قانونی مەدەنی بێت لە بریتی قانونی ایجاری عقارات.

**دووەم:**

لە مادەی (٢) خاڵی یەکەم ، پێویست بە ناو هێنانی ئەو شوێنانە ناکات، چونکە بە شێوەی گشتی بۆ مەبەستی نیشتەجێ بوون نەبێت، هەروەها پێویستە ئەو (٥) پێنج ساڵە کەم بکرێتەوە بۆ (٣) سێ ساڵ ، هەروەها پێویست دەکات ئەم جملەیە لە کۆتای برگەکە زیاد بکرێت (وتخضع ذلك الى قانون المدنى).

سێیەم:

لەبرگەی (١) لە مادەی (٣) پێویستی بە گۆران هەیە بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

اذا لم يتم اكمال البناء خلال المدة التى تقدر حسب الخارطة المقدمة لغرض اصدار اجازة البناء، چونکە بینای واهەیە بەو ماوەی بۆی دیاری کراوە رەنگە تەواو نەبێت.

لە برگەی (٢) لە هەمان مادە برگەیەکی زیاد هەیە و پێویست ناکات بە بوونی کە ئەمەیە:

پاش (العمارة المماثلة للماجور والذى تم اخلائة وبعقد ايجار جديد وفق... الغ).

تێبینی:

ئەم راوبۆچونە بە نامەی ژمارە ٣٢ لە ٢٥ / ٥ / ٢٠٠٨ دا رەوانەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کراوە.



کۆبوونەوەی پەرلەمانتاران

# بیرورا لەسەر كەمكردنەوەی سزای لە سێدارەدان لە رۆژی ٢٠٠٨/٧/٧

**یەكەم:** چەند پێشنیارێكی گشتی:

١ – دانانی (استحداث) ی سزای زیندانی بەدرێژایی ژیان (مدی الحیاة) لە یاسای بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر و تۆقاندن وەك جێگرەوەی ئەو برگانەی لە سزای لە سێدارەدانەوە لا دەدرێت.

٢ – ئەم جۆرە تاوانانەی برگەی سەرەوە بەدەربن لە هەموو لێبوردنێكی گشتی و تایبەتی.

٣ – هەر تاوانێك بەرامبەر ماڵ و سامان ئەنجام بدرێت پێویستە سزاكەی نەگاتە لە سێدارەدان.

٤ – هەر تاوانێك مردنی لێ نەكەوێتەوە سزاكەی نەگاتە لە سێدارەدان.

**دووەم:** راوبۆچونمان سەبارەت بە یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٠٦ ی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و تۆقاندن:

١ – لە ماددەی دووەم برگەكانی (١ و ٧) لەو ماددەیە نەمێنێ و ماددەیەكی نوێ لە جیاتی دابنرێت كە سزاكەی زیندانی بەدرێژایی ژیان (مدی الحیاة) بێت.

٢ – لە ماددەی دووەم برگەی (٤) بگوازرێتەوە ومادەیەكی نوێ كە سزاكەی ببێتە زیندانی (مدی الحیاة) یان (مؤبد) .

٣ – لە ماددەی دووەم برگەی (٥) بگوازرێتەوە بۆ ماددەی (٣) و سزاكەی ببێتە زیندانی (مؤبد) یان (مؤقت).

٤ – لە ماددەی دووەم برگەی (٦) بگوازرێتەوە بۆ ماددەی (٣) یەم.

٥ – ماددەی سێیەم برگەی (٢) لە جیاتی سزای ئیعدام بکرێتە زیندانی (مدی الحیاة).

**سێیەم:** راو و بۆچوون سەبارەت بە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (١١١) ی ساڵی ١٩٦٩:

١ – ماددەی (٤٠٦) برگەی (١ – أ) لە بری ووشەی (أو) پیتی (و) بە تەنها دابنرێت و رستەکە بەمجۆرە دەخوێنرێتەوە:

" اذا کان القتل مع سبق الاصرار والترصد "

٢ – ماددەی (٤٠٦) برگەی (١ – گ) ئەو برگەیە بە تەواوی بگوازرێتەوە ناو ماددەی (٤٠٥).

**چوارەم:** راو و بۆچوون سەبارەت بە یاسای ژمارە (٨) ی ساڵی ١٩٩٢:

پێشنیار دەکەین ئەم یاسایە هەڵوەشێنرێتەوە چونکە لە یاسای بەرەنگار بوونەوەی تیرۆر چارەسەر کراوە.

**تێبینی:**

ئەم راوبۆچونە بە نامەی ژماری ٦٠ لە ٧ / ٧ / ٢٠٠٨ دا رەوانەی وەزارەتی مافی مرۆڤ کراوە.

# پرۆژە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

ژمارە / ٧٨

بەروار / ٨ / ٩ / ٢٠٠٨

بۆ / سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان — عێراق بەرێز

بابەت / راوبۆچون لەسەر پرۆژە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

لە نێوان چوار کۆبونەوەی تێروتەسەل لەگەڵ چەند کەسایەتی پەرلەمانتار و شارەزایانی بواری کاروباری پارێزگا و چەندین راگۆرینەوە لەسەر مادە و برگەکانی پرۆژە یاساکانی پێشنیار کراو و ئەوانەی کە کاریان پێ دەکرێت لەهەرێم و عێراقدا و بە رچاو گرتنی بارودۆخەکانی هەرێم و چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ دەستور، ئەمەی لای خوارەوە رای یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستانە لەسەر ئەو یاسایە، بە هیوای سود وەرگرتن.

لەگەڵ رێزدا

نیعمەت عەبدوڵا

سەرۆکی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

# بیروڕای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان سەبارەت بە پرۆژە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

**یەکەم:** سەبارەت بەناوی یاساکە، (یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان — عێراق) (قانون محافظات اقلیم کوردستان — العراق) ئەو ناوە باشە چونکە هەرسێ ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیە دەگرێتەوە لەگەل سەرۆکەکانیان وسەرۆکی یەکە ئیداریەکان.

**دووەم:** ماددەی یەکەم: پێناسەکان.

١: هەرێم: هەرێمی کوردستانی — عێراق.

٢: ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.

٣: ئەنجومەنەکان: ئەنجومەنی پارێزگا وئەنجومەنی قەزا و ئەنجومەنی ناحیە.

٤: یەکەی ئیداری: پاریزگا، قەزا، ناحیە.

٥: سەرۆکی یەکەی ئیداری: پارێزگار، قایمقام، بەرێوەبەری ناحیە.

٦: ئەنجومەنی شارەوانی: ئەنجومەنی شارەوانی لە یەکەی ئیداری.

٧: پۆستە بالأکان: بەرێوەبەرەگشتیەکان و سەرۆکی دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس لە پارێزگا.

٨: دادگا: دادگای تەمیزی هەرێم.

٩: گوند: ژمارەیەك ماڵە کە تێکرای دانیشتوانیان لە (٢٥٠) کەس زیاترن.

خالەکانی تر کەلە پرۆژەکاندا هاتوون بەرای ئێمە زیادن و نابی باس بکرێن.

**سێ یەم:** سەبارەت بەماددەی دووەم بەمجۆرەبخوێندرێتەوە:

(ئەم یاسایە دەسەلات و بەر پرسیاریەتی ئەنجومەنەکان دیاری دەکات بۆ بەدیهێنانی پرەنسیپی لا مەرکەزیەت لە دابەش کردنی دەسەلات و باشترکردنی گەیاندنی خزمەتگوزاری بە هاولاتیان و پاراستنی ماف و بەرژەوەندیەکانی کۆمەلگا و گەشەپێدانی بەرێوەبردنی یەکەئیداریەکان لە هەرێمدا.)

چوارەم: ماددەی سێهەم زیادە ونابیٚ لە سیستەمی لامەركەزی پارێزگا سەر بە وەزارەتی ناووخۆ بێت چونكە كاری پارێزگا لەگەل هەموو وەزارەتەكانە بەلام لە ژێر چاودێری ئەنجومەنی وەزیران كارەكانی خۆی دەكات.

**پێنجەم:** ماددەی چوارەم برگەی (١) ی بەمجۆرە دابرێژرێتەوە:

١- ئەنجومەنی پارێزگا لەرێگای هەلبژاردنی راستەوخۆ (٢٥) كەس دیاری دەكرێن بۆ پایتەخت و (٢٠) كەس بۆ پارێزگاكانی تر، نابی رێژەی ئافرەتان لە ئەنجومەن لە چواریەك كەمتربێت، برگەی دووەم وەكو خۆی ئەبێت، لە برگەی سێیەم رستەی كۆتایی لابدرێت كە دەلێت (نابی ئەندام رابسپێردرێت بۆ پۆستی جێگری پارێزگار).

**شەشەم:** ماددەی پێنجەم لابدرێت بەتەواوی چونكە ئامانج بۆ ئەنجومەن پێویست نیە ئەرك و دەسەلات باس بكرێت بەسە.

**حەفتەم:** ماددەی شەشەم: ئەرك و دەسەلاتی ئەنجومەنی پارێزگا:

١- **هەلبژاردنی** سەرۆك و جێگری ئەنجومەن بەزۆرینەی رەها ی دەنگی ئەندامان دەبێت لە یەكەم كۆبۆنەوەیدا كە لە ماوەی (١٥) رۆژ دوای پەسند كردنی ئەنجامی **هەلبژاردنەكان** ئەنجامی بدات بە سەرۆكایەتی بەتەمەنترین ئەندام.

٢- ئیقالەكردنی سەرۆك و جێگری سەرۆكی ئەنجومەن بە زۆرینەی ٢/٣دەنگی ئەندامان لە یەكی لەم حالەتانەی خوارەوە:

أ- نەبوونی دەست پاكی و خراپ بەكارهێنانی پۆستی فەرمانبەریەكەی.

ب- بوونی هۆكار بۆ بەزایەدانی سامانی گشتی.

ج- كەمتەرخەمی بەئەنقەست لە ئەنجامدانی ئەرك و بە پرسیارێتیەكەی.

٣- دەركردنی پەیرەو رێنمایی بۆ رێكخستنی كاروباری ئیداری و دارایی بە جۆرێك كە بتوانێت كاروباری خۆی بە پێی پرنسیپی لا مەركەزی كارگێری بەرێوەی ببات بە جۆرێك كە تێكنە گیرێت لەگەل دەستورو یاساكان.

٤- چاودێری و سەرپەرشتی کردنی چالاکیەکانی پارێزگاو فەرمانگەکانی بەدوا دا چونی کارەکانیان.

٥- ئاگاداربوون لەو پلانە ئەمنیانەی دەزگا و لیژنە ئەمنیەکانی پارێزگا ئامادەی دەکەن و پێشکەشکردنی پێشنیار و تێبینی لەسەریان.

٦- پیشنیارکردنی پرۆژە یاسای پەیوەست بە پەرەپێدانی پارێزگاو بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران لە رێگای وەزارەتی پەیوەندیدارەوە .

٧- دیارکردنی ریزبەندی گرنگی پرۆژەکان لە پارێزگاو هەمووارکردنی هەر پرۆژەیەکی خۆجێیی کە لە بودجەی سالانەی وەزارەتی پەیوەندیدار دا هاتبێت بەزۆرینەی دەنگی ئەندامان، بە مەرجێك لەسنوری خەرجی دیاری کراو تێ نە پەرێت.

٨- بریاردان ودەرکردنی راسپاردە بۆ باشترکردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان و شارەوانیەکان.

٩- پێکهێنانی لیژنەی پسپۆر و پەسەندکردنی بریارەکانیان لە سنوری یاسادا.

١٠- پەسەند کردنی دامەزراندنی بەرێوەبەرە گشتی یەکان و سەرۆکی فەرمانگەکانی پارێزگا.

١١- دانانی سیاسەتی گشتی پارێزگا بە هەماهەنگی وەزارەتە پەیوەندی دارەکان لە بواری پەرەپێدانی پلانەکانی پارێزگا.

١٢- أ- دانانی پرۆژەی بوودجەی ئەنجوومەن بە هەماهەنگی وەزارەتی دارایی تا بخرێتە ناو بوودجەی گشتی پارێزگا.

ب- پەسەندکردنی پرۆژەی بوودجەی گشتی پارێزگا کە لەلایەن پارێزگارەوە رەوانە دەکرێت و ئەنجامدانی گواستنەوە لە نێوان بەشەکانی بە رەزامەندی زۆرینەی رەهای ئەندامان دەبێت، بەمەرجێ رەچاوی هاوسەنگی بکرێت لە دابەش بوون بە سەر ناوەندی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان و پاشان بەرزکردنەوەی بۆ وەزارەتی دارای حکومەتی هەرێم.

١٣- أ- هەلبـژاردنی پارێزگـار و هـەردوو جێگرەکـەی بـە زۆرینـەی رەهـای ئەنـدامان دەبێت و پێویستە ماوەی (٣٠) رۆژ تێپەرنەکات بەسەر یەکەم کۆبوونەوە دا.

ب- ئەگـەر هـیچ لـە پالێوراوەکـان نـەیانتوانی زۆرینـەی رەهـا ی دەنگـی ئەنـدامان بەدەست بێنن ئەوا رکابەری دەکرێتەوە لەنێوان ئـەودووپالێوراوەی زۆرتـرین دەنگیـان هێناوە لەوحالەتەدا ئەوکەسە هەلدەبژێردرێت کە زۆرینەی دەنگەکان بەدەست دێنێت لە جاری دووەم.

١٤-أ- لێپرسینەوە لە پارێزگار و جێگرەکانی لەسەر داوای ٣/١ی ئەنـدامان و ئەگـەر زۆرینەی ئەندامان بە وەلام دانەوەی پرسیارەکان متمانەیان نەبوو ئەوا لەدانیـشتنێکی تـردا دەنگـدان دەکرێـت لەسـەر ئیقالـە کردنـی و ئەگـەر ٣/٢ی ئەنـدامان رازی بـوون لەسەری ئەوا بە ئیقالە کراو دادەنرێت و پێویستە داوای ئیقالـە یـان راسـپاردەکەی بـە پشت بەستن بێت بە یەکی لەو هۆکارانەی کە لە برگەی (٢) هاتوون.

ب- پارێزگار بەئیقالەکراو دادەنرێت ئەگەریەکێ لەمەرجەکانی ئەندامیەتی لەدەست دا.

ج - پارێزگار بـۆی هەیـە تانـە لـەبریاری ئیقالەکـەی بـدات لـە بـەردەم دادگـای تـەمیز لـەماوەی (١٥) رۆژ لـە مێـژووی ئاگادارکردنـەوەی بـە بریارەکـەی و پێویـستە لەسـەر دادگـای تـەمیز بریـار لەسـەر تانەکـەی بـدات لـە مـاوەی یـەك مـانگ لـە رۆژی پێشکەشکردنیەوە و لەو ماوەیەشدا پارێزگار کاروباری رۆژانەی خۆی بەرێوە دەبـات تا دەرچوونی بریاری دادگا.

د- لە دوای تەواوبوونی ماوەی تانە لێدان کە لە برگەی سەرەوە باسـکرا یـان لـە دوای پەسند کردنی بریاری ئیقالـە لەلایـەن دادگـای تـەمییز دووای ئـەوەی تانـەی لێـدرابوو، ئەنجوومەنی پارێزگا هەلدەستێت بە هەلبژاردنی پارێزگارێکی تـر لـە نێـو ئەندامـەکانی بەپێی حوکمی برگە (١٣) سەرەوە لە ماوەیەك کە لە (٣٠) رۆژ تێپەرنـەکات، لـە رۆژی تەواوبوونی ماوەی تانەکە یان پەسند کردنی.

١٥-أ- پەسندکردنی (٣) کەس لەو (٥) کەسانەی کە پارێزگار پێشنیاریان دەکات بۆ پۆستە بالاکانی سنووری پارێزگا بە زۆرینەی دەنگی ئەندامان دەبێت.

ب- لادانی خاوەن پۆستە بالأکان لە پارێزگا بەزۆرینەی ٣/٢ی دەنگی ئەندامان لەسەر داواکاری پێنج یەکی ئەندامان یان پێشنیاری پارێزگار بەپشت بەستن بەوهۆکارانەی کە لە برگەی (٢) ی سەرەوەدا هاتوون.

١٦- پەسندکردنی گۆرانکاری ئیداری کە بەسەر قەزا و ناحیە و گوندەکان دا دێت لە تێکەلاوکردن و دامەزراندن و گۆرینی ناو و ناوەندەکانیان و ئەو گۆرانەی پەیدا دەبێت لە پێکهاتە ئیداریەکەی لە سنووری پارێزگا و لە سەر پێشنیاری ئەنجوومەنی قەزا و ناحیەکان و بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامان.

١٧- دەست نیشان کردنی دروشمێك بۆ پارێزگا کە هەڵقولأوی کە لتووری و مێژوویی و شارستانی پارێزگابێت .

١٨- پەسندکردنی پەیرەوی ناوخۆی کاری ئەنجوومەن لە ماوەی یەك مانگ لە دوای یەکەم کۆبوونەوەی دا بە زۆرینەی ٤/٣ی ئەندامان.

١٩- پەسندکردنی رازی بوون و رەدکردنەوەی پارێزگا بۆ ئەو دیاری و بەخشانەی دەستی دەکەون بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامان.

٢٠- پیادەکردنی هەر دەسەلاتێکی تر کە لە یاسا بەرکارەکان دا هاتبێت.

**هەشتەم:**

**سەبارەت بە ماددەی حەفتەم:**

برگەی (٣و٤) بەمجۆرە گۆرانی بەسەر دادێت:

٣- مۆڵەت دان بەو قوتابخانە ئەهلیانەی بە زمانێکی تر جگە لە کوردی دەخوێنن بە پێی بارودۆخ و پێداویستی هەندی ناوچەکانی هەرێم و لەچوارچێوەی سیاسەتی گشتی فێرکردن لە هەرێمدا.

٤- موڵەت دان بەکردنەوەی نەخۆشخانەی ئەهلی بەپێ ی ئەو بنەماو پێوەرانەی کە وەزارەتی تەندروستی دایدەنێت.

((عیادەو دەرمانخانەمان لادا چونکە لای نەقابەی خۆیان مۆلەت وەردەگرن)).

**ماددەی هەشتەم:**

برگەی یەکەم بەمجۆرە دەگۆرێت:

یەکەم: ئەنجومەنی قەزا لە رێگای هەڵبژاردنی راستەوخۆ دیاری دەکرێن و ژمارەیان (١٠) کەس دەبێت.

برگەی دووەم خاڵی (١) (المصادقە) دەکرێتە (الاگلاع) و ئەو برگانەش زیاد دەکرێن بۆپرۆژەکە بەو ریزبەندیە:

١- قایمقام لەناوئەندامانی ئەنجوومەن هەڵدەبژێردرێت بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەنجوومەن لەیەکەم دانیشتنی دا کە گرێ دەدرێت لەماوەی (١٥) رۆژ دوای پەسندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و کۆبوونەوەی یەکەم بە سەرۆکایەتی بەتەمەنترین ئەندام دەبێ.

٢- ئامادەکردنی پرۆژەی بوودجەی ئەنجوومەنی قەزا و پەسندکردنی پلانەکانی بوودجەی دائیرەکانی قەزا و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجوومەنی پارێزگا.

٣- رازی بوون لەسەر نەخشە بنەرەتیەکانی قەزا بە هەماهەنگی لایەنە پەیوەندی دارەکان و لە چوارچێوەی پلانەگشتیەکانی حکومەتی هەرێم.

٤- لادانی قایمقام بەزۆرینەی ٣/٢ی دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەن.

**نۆیەم:**

سەبارەت بە ماددەی نۆیەم: برگەی((یەکەم)) بەمجۆرە دابرێژرێتەوە:

یەکەم: ئەنجوومەنی ناحیە بەرێگای هەڵبژاردنی راستەوخۆ دیاری دەکرێت و پێك دێت لە (٥) ئەندام. سەبارەت بەبرگەی ((دووەم)) خاڵی -٣- (المصادقە) دەکرێتە (الاطلاع). هەروەها سێ خاڵ زیاد دەکرێت بەمجۆرە:

١- هەلبژاردنی بەڕێوەبەری ناحیە لە ناو ئەندامان بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامان لە یەکەم دانیشتن و لە ماوەی (١٥) ڕۆژ دوای پەسندکردنی ئەنجامی هەلبژاردن و دانیشتنی یەکەم بە سەرۆکایەتی بە تەمەنترین ئەندام دەبێت.

٢- ئامادەکردنی پرۆژە بوودجەی ئەنجوومەنی ناحیە و پەسندکردنی پلانەکانی بوودجەی فەرمانگەکانی ناحیە و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجوومەنی قەزا.

٣- دانانی پلانە ئەمنیەکانی ناحیە بە هەماهەنگی لایەنە پەیوەندی دارەکان.

٤- ئەنجوومەنی پارێزگا و ئەنجوومەنی قەزا بۆیان هەیە هەر دەسەلاتێکی تربدەن بەئەنجوومەنی ناحیە کە ناکۆك نەبێت لەگەل یاسا بەرکارەکان.

**دەیەم:**

سەبارەت بە  ماددەی دەیەم / وەکو خۆی دەمێنیتەوە،هەروەها  ماددەی یازدەم و دوازدەم پەیوەندی بە پەیڕەوی ناوخۆی هەیە پێویست ناکات ئەم وردەکاریە لە یاسا باس بکرێت.

**یازدەیەم:**

سەبارەت بە ماددەی سیازدەهەم / بەمجۆرە گۆرانی بەسەردێت:

ئەنجوومەنی پارێزگا دەتوانی ئەنجوومەنی یەکە ئیداریەکان و خۆجێیەکان هەلبوەشێنێتەوەبەزۆرینەی دەنگی ٣/٢ی ئەندامان ئەگەر ئەو ئەنجوومەنە نەیتوانی ئەرکەکانی جێبەجێ بکات و لەو حالەتەش لە ماوەی یەك مانگدا دوای بریاری هەلۆەشاندنەوەی هەلبژاردن دەکرێ بۆ ئەنجوومەنێگی تازە.

**دوازدەیەم:**

سەبارەت بە ماددەی چواردەم /بەمجۆرە دەگۆرێت:

داهێنانی پارێزگای تازەو دیاری کردن و گۆرینی ناوەندەکەی و ناوی و دیاری کردنی سنووری گۆرین و لێکردنەوەی قەزاکانی و بەستنەوەی بە پارێزگایەکی تر ئەنجام دەدرێت لەسەر پێشنیاری ئەنجوومەنی پارێزگا و بە بریاری ئەنجوومەنی وەزیران .

**سێزدەیەم:**

ماددەكانی پازدە و شازدە زیادە لابدریٚ، چونكە لەپێشەوە باسكراوەو دەسەلاتی ئەنجوومەنی پارێزگایە .

**چواردەیەم:**

سەبارەت بە ماددەی حەڤدەم / بەمجۆرە دەگۆڕێت:

١- ناوەندی یەكەی ئیداری دابەش دەبێت بۆ چەند گەرەكێك لە سنووری شارەوانی و لەسەر پێشنیاری ئەنجوومەنی شارەوانی لە دەرەوەی سنوری شارەوانیش بۆ چەند گوندێك لەسەر پێشنیاری یەكەی ئیداری پەیوەندی دار.

٢- بەیانێك لە پارێزگا دەردەچێت بەو دابەش كردنەی سەرەوە دوای رەزامەندی ئەنجوومەن لەسەری.

**پازدەیەم:**

ماددەی هەژدەیەم/ بەمجۆرە دەگۆڕێت:

هەر گەڕەك و گوندێك موختارێكی دەبێت كە چۆنیەتی دیاریكردن و ئەرك و مافەكانی و رێككاریەكانی لەلایەن ئەنجوومەنی پارێزگا بە پەیرەوێك دیاری دەكرێت.

**شازدەیەم:**

ماددەی نۆزدەم /بەمجۆرە دەگۆڕێت:

١- پارێزگار بەپلەی وەزیر دەبێت جێگرو ئەندامانی ئەنجوومەن بەپلەی راوێژكار.

٢- قایمقام و بەرێوەبەری ناحیە بە پلەی تایبەت دادەنرێت و ئەندامانی ئەنجوومەنەكانیشیان بە پلەی راوێژار.

**حەڤدەهەم:**

سەبارەت بەماددەی بیست خاڵی (١) بەمجۆرە دادەڕێژرێتەوە:

١. پارێزگار دوای هەڵبژاردنی لەلایەن ئەنجوومەنەوە، دامەزراندن و خانەنشین كردن و لادانی لە پلەكەی بەمەرسومێكی هەرێمی دەبێت.

خـــاڵی (٤) لادەبرێـــت دوبارەیـــە وخـــاڵی (٦) لادەدرێـــت و خـــاڵی (٥) بـــەمجۆرە دەنووسرێنەوە:

٥- هـــەرپارێزگارێك (٢) جێگـــری دەبێـــت کەئەنجوومـــەن لـــەنێو ئەنـــدامانی خۆیـــدا هەڵیاندەبـــژێرێت وپارێزگـــار فـــەرمانی دامەزرانـــدنیان دەردەکـــات لـــەماوەی (١٥) رۆژ لەهەڵبژاردنیان.

**هەژدەهەم:**

سەبارەت بەماددەی (٢١) بەمجۆرە دەنووسرێتەوە:

١- پارێزگار بەر لەدەست بەکاربوونی لەبەردەم ئەنجوومەن ئەم سوێنە یاساییەی لای خوارەوە دەخوات:

"سوێند دەخۆم بەخودای گەورە کـەوا کارەکـەم بەدڵسۆزی وراسـتگۆیی و ئەمانـەت و بێلایەنی ئەنجام بدەم و چاودێری کاروباری پارێزگابکەم وپابەند بم بەدەستوورو یاساو خوای گەورە شاهیدە لەسەر ئەو قسانەم "

٢- جێگرەکـــانی پارێزگـــار و قایمقـــام و بەرێوەبـــەری ناحیـــە لەبـــەردەم ئەنجومـــەن بەرلەدەست بەکار بوونیان ئەم سوێندە یاساییەی خوارەوە دەخۆن بەم شێوەیە:

"سوێند دەخۆم بەخوای گەورە کـەوا کارەکـانم بەدڵسۆزی و راسـتگۆیی و ئەمانـەت و بێلایەنانـە ئـەنجام بـدەم وپابەنـدی دەسـتورو یاسـاکان بم و خـوای گـەورە شـاهیدە لەسەرقسانەم ".

**نۆزدەهەم:**

ماددەی (٢٢ تا ٢٦) لەیـەك دەدرێـن وبـەمجۆرەی خـوارەوە لـەژێر ریزبەنـدی مـاددەی (٢٢) دادەڕێژرێتەوە:

مـاددەی بیـستو دوو:" پارێزگـار ئـەو دەسـەڵاتانەی خـوارەوەی هەیـە: دامەزرانـدنی فەرمانبەرانی پلە (هەشت و نۆ و دە) ی پارێزگـا و فەرمانگـەکان (بـە بەڕێوەبەرایەتیـە

گشتیەکانیشەوە) بەپێی میلاکی پەسەنکراو لەوەزارەتی داراییەوە هەرزێدەڕۆیەکیش لەسەر میلاك بەناراست دادەنرێت.

گرتنەبەری ڕێوشوێنی تایبەت بەبارودۆخ و ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئاسایش لەسنوری پارێزگا دوای راوێژ لەگەڵ ئەنجوومەنی پارێزگا و سەرۆکی هەرێمیش ئەو رێوشوینانە پەسەند دەکات بۆ ئەو ماددەیەی دیاری کراوە بۆی بەبەیانێك دەری دەبڕێت.

گرتنی کەسانی ئاژاوەچی وتێکدەرانی باری ئەمنی یان هێشتنەوەیان لەشوێنێکی دیاریکراو بۆ نیشتەجێ بوون بۆ ماوەیەك کە لە (١٥) رۆژ تێپەر نەکات و قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیەش دەتوانێ بۆ ماوەی (٧) رۆژ ئەو کەسانە بگرن و هەمووشیان دەتوانن تەنها بۆیەکجار ئەو ماوەیە درێژ بکەنەوە.

٤- پارێزگار بەرپرسیارە لە بەرێوەبردن و راگرتنی باری ئاسایش لە پارێزگا و پۆلیس پێکهاتەکانی پابەندی فەرمانی ئەون بۆ ئەم مەبەستە.

٥- بەدوا داچونی کاری گشتی فەرمانگاکان لە پارێزگادا جگە لە (دادگا وزانکۆو پەیمانگاکان ویەکەسەربازیەکان) وبۆی هەیە رێنوینیان بکات وراوبۆچوون لەسەریانبدات بەوەزارەتەکان

٦- ئامادەکردنی بوودجەی گشتی پارێزگاو بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجوومەنی پارێزگا.

٧- جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی حکوومەتی هەرێم لەسنووری پارێزگادا.

٨_ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجوومەن.

٩- نوێنەرایەتی کردنی پارێزگا یان بەنوێنەرایەتی خۆی یان کەسێکی تر لەکۆنگرەو کۆڕو ئەو شوێنانەی بۆی بانگهێشت دەکرێت سەبارەت بەوکاروبارانەی پەیوەستن بە پارێزگا و کارگێڕییە خۆجییەکان و دەشتوانی فەرمانبەرانی پارێزگا بەوەفد بنێرێ بەپێی یاساو رێنماییە پەیرەو کراوەکان.

١٠- پیادەکردنی ئەو دەسەڵاتانەی وەزیرەکان پێی دەدەن لە دامودەزگاکانی وەزارەتەکان.

١١- پێدانی بەشێك لەدەسەڵاتی خۆی بۆ جێگرەكانی ئەگەر پێویست بوو.

**بیستەم:**

سەبارەت بەماددەی (٢٨) لەخاڵی (٢) لەجێی "یەكەكانی پێشمەرگە" بنوسرێت " زانكۆو پەیمانگاكان " ، هەروەها لەماددەی (٢٩) خاڵی (٢) بەهەمان شێوە "یەكەكانی پێشمەرگە " بكرێتە " زانكۆو پەیمانگاكان "، چونكە یەكەی سەربازی گشتی یەو یەكەكانی پێشمەرگەش دەگرێتەوە..

**بیست و یەكەم:**

ماددەی سییەم وەكو خۆی بمێنێ بەڵام ماددەی (سی و یەكەم) بەمجۆرە ی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

ماددەی سی و یەكەم: " ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگا ئەندامێتی لەدەست دەدات لەوكاتانەی خوارەوە:

١- دەست لەكاركێشانەوەی بەزۆرینەی دەنگی ئەندامان وەردەگیرێ.

٢- مردنی یان توانای بەڕێوەبردنی ئەركەكانی نەمێنێت بەهۆی باری تەندروستی.

٣- ئامادەنەبوونی لە چوار كۆبوونەوە لەدوای یەك بەبێ بیانوویەكی رەوا.

٤-كاتێ (٢/٣) دوولەسەر سێی ئەندامانی ئەنجوومەن دان دەنێت بەوەی هەڵسوكەوتی پارێزگار یان یەكێ لەئەندامانی ئەنجوومەن لە ئەركەكانی كەمتەرخەمی كردووە .

٥- خراپ بەكارهێنانی پێگەی خۆی وسوود لێ وەرگرتنی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی.

٦- ئەنجامدانی تاوانێكی ئابڕووبەر و دەرچونی بڕیاری دادگابەتاوانباركردنی.

٧- لەدەست دانی یەكێ لەمەرجەكانی ئەندامێتی.

**بیستو دووەم:**

ماددەكانی (٣٢،٣٣،٣٥،٣٩،٤١) دووبارەن و بوونیان پێویست نیە بۆیە لابرێن.

**بیست و سێیەم:**

لەماددەی (سی وچوار) ووشەی پارێزگار بكریتە قایمقام

**بیست و چوارەم:**

سەبارەت بەماددەی (سی وشەش) بەمجۆرە دابڕێژرێتەوە:

" ماددەی سی و شەش: ئەنجوومەنی پارێزگا بۆی هەیە ئەنجوومەنی یەكە ئیداریەكانی تر هەڵوەشێنێتەوە ئەگەر زانرا مانەوەی زیان بەبەرژەوەندی گشتی دەگەیەنێت وناتوانێت ئەركەكانی راپەرێنێت لەكاتی هەڵوەشانەوەشیاندا پێویستە لەماوەی (٦٠) رۆژ لەبەرواری هەڵوەشانەوەی هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت بۆ ئەنجوومەنە نوێیەكە.

**بیست و پێنجەم:**

لەماددەی (سی وحەوتەم) ئەو دەستەواژانە لابدرێن " ئەنجوومەنە خۆجییەكان " هەروەها "موختاری گەڕەك و گوندەكان ".

**بیست و شەشەم:**

لەماددەی (سی و هەشتەم) برگەی (٢) نەمێنێ.

**بیست و حەوتەم:**

سەبارەت بەماددەی (چل)ووشەی " ئەنجوومەنە خۆجییەكانی تر" بسڕێتەوە.

**بیست و هەشتەم:**

ماددەكانی (٤٢,٤٣,٤٤) وەكو خۆیان بمێنن.

# راو بۆچوون لەسەر پرۆژە یاسای باری کەسیی

بۆ / سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی بەرێز
ب / راوبۆچوون لەسەر پرۆژە یاسای باری کەسیی

لە رۆژانی ١٩ و ٢١ / ١٠ /٢٠٠٨ و لە میانەی دوو کۆبونەوەی لیژنەی یاسای یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان بە ئامادە بوونی بەرێزانی دەستەی بالاّ و چەند کەسایەتیەکی شارەزا لە بواری باری کەسیی، پرۆژە یاسای باری کەسیی خرایە بەر باس و گفتوگۆ، لە ئاکامی ئالّو گۆرکردنی راکان لەسەر هەندێ لە خالّ و برگەکان، وا لە خوارەوە رای خۆمان بۆ بەرێزتان دەنێرین، بەو هیوایە یاساکە دەولّەمەند بکات

لەگەلّ رێزدا

نیعمەت عەبدولاّ پیرداود
سەرۆکی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

وێنەیەکی بۆ /
نوسینگەی بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.
نوسینگەی بەرێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان.
سکرتێری پەرلەمانی کوردستانی بەرێز.
گشت لیژنە بەرێزەکانی پەرلەمان.
لیژنەی یاسای
هەلّگرتن

یەکەم: سەبارەت بە برگەی (١) ی ماددەی (٣) ووشەی (المسؤولية المشتركة) بگۆڕدرێت بە شتێکی تر وەکو (التعاون) نەوەکو خراپ بەکار بهێنرێت لە دژی ژن.

دووەم: ئێمە لەگەڵ فرە ژنی داین بە مەرج لەگەڵ ئەو تێبینیانەی خوارەوە:

- لە جیاتی (لایجوز) بنووسرێت (لایسمح)
- لە خالی (هـ) لە جیاتی (و بغرامة) بکرێتە (او بغرامة) هەروەها (ولی الزوجة) سزای نەبێت چونکە بە زۆر نەبووە مەگەر کچەکە (قاصر) بێت.
- مەرجێکی تر زیاد بکرێت (ان يكون هناك تكافؤ في العمر بين الزوجين).
- خالی (و) نەمێنێ چونکە دەسەلاتی دادوەر دەبەستێتەوەو وەکو برگەیەکی تۆڵەسەندنەوە دێتە بەرچاو..

سێیەم: سەبارەت بە ماددەی (١٠) برگەی (٥) پێشنیار دەکەین بەمجۆرە دابرێژرێتەوە:

٥- يعاقب بغرامة لا تقل عن مليون دينار ولا تزيد على ثلاثة ملايين دينار كل رجل عقد زواجه خارج المحكمة اذا لم يسجله في المحكمة خلال (٦٠) يوما وتكون العقوبة الحبس مدة لاتقل عن ستة اشهر ولا تزيد على سنة اوبغرامة عشرة ملايين دينار اذا كانت له زوجة اخرى.

چوارەم: سەبارەت بە ماددەی (٢٣) سرینەوەی بەشی کۆتایی (وفي حالة يسار الزوجة تكون المسؤلية مشتركة) لەبەر ئەوەی ستەمە لە ئافرەت دەکرێت.

پێنجەم: سەبارەت بە ماددەکانی (٢٤-٢٩-٥٠-٥٨) ووشەی (المعسرة) لابدرێت.

شەشەم: سەبارەت بە ماددەی (٢٥) برگە پێشنیارکراوەکان هیچی حوکمی یاسایی نین و ئامۆژگارین بۆیە لە جێی خۆ نین و ئەسڵی ماددەکە لە قانوونەکە زۆر باشە بەڵام بۆ ئەوەی ووشەی (النشوز) پیاویش بگرێتەوە هەروەکو لە قورئانی پیرۆزیش وایە پێشنیار دەکەین لە ئەسڵی ماددەی (٢٥) برگە -٢- (ويعتبر من قبيل التعسف

والاضرار بوجه خاص مايلى) بگۆردرێ بە (ويعتبر من قبيل نشوز الزوج بوجه خاص مايلى)..

حەفتەم: سەبارەت بە ماددەكانی (٣٣-٣٤-٣٥-٤٣-٤٤-٤٦-٩١) لە پێشنیارەكانی پرۆژەكە پشتگیری لێ دەكەین.

هەشتەم: سەبارەت بە ماددەی (٣٧) وەكو دەقە ئەسڵیەكە بێت و ئەو زیاد كردنە لە جێی خۆی نیە.

نۆیەم: سەبارەت بە ماددەی (٣٨) ئەوا دەبێ تەنها برگە -١- ی هەموار بكرێت و برگەی -٢- لە ئەسڵی ماددەكە دەبێ وەكو خۆی بمێنێت چونكە باسی حالەتی (البينونه) دەكات.

دەیەم: سەبارەت بە ماددە (٣٩) لادانی (بقدر مساهمته فى الانفاق على الاسرة).

سەبارەت بە ماددەی (٤٠) برگەی -٥- وەكو دەقی كۆنی یاساكە بیت باشترەو ئەو پێشنیارە نوێیە هاندانی دیاردەی تەلاقە.

یازدەم: سەبارەت بە ماددەی (٥٩) ئەوا (حسب نسبة مسؤليته فى الانفاق) لابدرێ

دوازدەم: سەبارەت بە ماددەی (٧٤) برگەی -٤- زیادەو لابدرێ چونكە برگەی -٣- دەیگرێتەوە.



کۆبوونەوە لەسەر پرۆژە یاسای باری کەسیی

# راو بۆچوون لەسەر کێشەی دەرچوانی زانکۆکان ( مانگرتوەکان ) لە رۆژی ٢٠٠٨/١١/١٧

بۆ/ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان/ نوسینگەی سەرۆك

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ نوسینگەی سەرۆك

**ب/ کێشەی دەرچووان و زانکۆ ئەهلیەکان**

ماوەیەکە کێشەی خوێندن و دەرچووانی کۆلێژی پزیشکی و دەرچوانی ئامادەییەکان و زانکۆکانی ئەهلی لەهەرێمی کوردستان لەرێگەی نارەزاییەکان خەریکە رەهەندی جۆراو جۆر دەگرێتەخۆ، ئەمەش کاریگەری لەسەر ئاستی گشتی و ئاستی خوێندن و پێشکەش کردنی خزمەت گوزاریە تەندروستیەکاندا هەیە بۆیە گرینگەچارەسەری ماقوول بەپێ ی یاسا رێنمایی و ئاسانکاری پێشکەش بکرێت.

**<u>یەکەم کێشەکان:</u>**

١. گۆرانکاری لەدامەزراندنی دەرچوانی کۆلێژی پزیشکی.

٢. وەرنەگرتنی ژمارەیەکی زۆر لەدەرچوانی ئامادەییەکان.

٣. وەرگرتن لەزانکۆ ئەهلیەکان.

٤. مانگرتن و خۆپیشاندانی کۆلێژەکانی پزیشکی و دەرمانسازی وددانسازی و پەرستاری.

**<u>دووەم پێشنیارەکان:</u>**

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان لەنزیکەوە بەدواداچوون و چاودێری ئەم بارو دۆخەی دەکرد بەهۆی گرینگی کێشەکان و چارەنووسی دەوام لە کۆلێژەکانی ناوبراو. دووای چەندین کۆبوونەوە و گفت و گۆ هەروەها هاتنی نوێنەرانی مانگرتووان بۆ

بارەگای یەكێتیەكەمان بە پێویست زانرا ئەم پێشنیار و چارەسەریانە بخرێنە روو لە پێناوی سوودی گشتی دا.

١. سەبارەت بەگۆرانكاری لەشێوەی دامەزراندنی دەرچوانی كۆلێژی پزیشكی وەك گرێبەست پێویست بەگۆرانكاری یان هەمووارکردنی یاسای پەیرەو كراو دەبێت. دامەزراندن بەپیّ ی یاسای خزمەتی شارەستانی ئەوەیە كە هەركەسێك بۆیەكەم جار دابمەزریّ بۆماوەی سالێك لەژێر ئەزموون دەبیّ و چاودێری دەكریّ ئەو كات لەوەزیفەكەی جێگیر دەبێت ناوەرۆكی سالێك لەژێر تاقیكردنەوە لەگەل ناوەرۆكی گرێبەستەكە یەك ئامانجە كە هەڵسەنگاندن دەگرێتەوە هەروەها پێویستە یاسای تەدەروجی پزیشكی ژمارە (٩٩) سالّی ١٩٧٠ مادەی (٣،٧) كەهاوپێچی نوسراومانە جیّ بە جیّ بكرێت.

٢. دەربارەی وەرنەگرتنی ژمارەیەكی زۆری دەرچوانی ئامادەییەكان: لەبری داخستنی تەواوی پەیمانگاكان پێویست بوو قۆناغ بە قۆناغ داخستنەكە بكریّ و هەولّ بدریّ بەرنامەی پەیمانگەكان بگۆردریّ و بگونجیّ لەگەلّ سیستەمی نویّ ی پەروەردە.زیاتر كردنەوەی پەیمانگاكانی پیشەیی و تەئهیلی و فێركردنی زمانەكانی بیانی بەمەبەستی گرتنە خۆی زیاتری دەرچوان و سوود وەرگرتن لیّ یان.

٣. زانكۆكانی ئەهلی:

١. دامەزراندنی زانكۆكانی ئەهلی دەكریّ چارەسەریەك بیّ بۆگرتنەخۆی زیاتری دەرچووان بەلاّم ئەمە پێویستی بەوە هەیە پێش كردنەوەیان بەیاسایەك دامەزراندنەكەو سیستەمەكەی رێك بخرێت.

٢.پێویستە هەمیشە لەژێر چاودێری وەزارەتی خوێندنی بالاّ بێت بۆ پاراستنی سیستەمەكە لەهەموو رووێكەوە.

٣. گرنگە رەچاوی كرێی خوێندن بكرێت كە بگونجیٚ لەگەڵ كرێی خوێندن لەزانكۆ ئەهلییەكانی عێراق وەك نموونەی هاوپێچ بەبەراووردكردن و رەچاوكردنی بارو دۆخی دەرچوانی كەم دەرامەت.

٤.هەبوونی تاقیگەو نەخۆشخانەی فێركردن بۆكۆلێژەكانی كۆمەڵەی پزیشكی وئەندازیاری ،وە وەك مەرجی سەرەكی دابنرێت بۆكردنەوەی ئەم جۆرە كۆلێژانە.

٤. دەربارەی مانگرتن وخۆپیشاندانەكان: بۆماوەی مانگ و نیوێك دەبیٚ دەوام لەكۆلێژەكانی كۆمەڵەی پزیشكی نەكراوە كە كاریگەری لەسەر دوارۆژ و ئایندەی مانگرتوەكان وخۆپیشاندەران هەیە لەبەرئەوەی یۆنیسكۆ دان بەبڕوانامەكان نانیٚ ئەگەر بێت و لەكۆرسی یەكەم دەوام نەكریٚ..پێویستە و گرنگە لایەنە پەیوەندیدارەكان هانیان بدەن بۆگەڕانەوە بۆدەوام وچارەسەركردنی كێشەكانیان، مانەوەی كێشەكان بەهەڵپەسێردراوی زیان گەیاندنە بەبەرژەوەندی گشتی.

ئەم پێشنیارانە بەمەبەستی سوود وەرگرتن دەخەینەروو بۆ یەكلایی كردنەوەی كێشەكان

لەگەڵ رێزدا.

نعمت عبدالله پیرداود

سەرۆكی یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان

وێنەیەك بۆ/

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی/ نوسینگەی وەزیر لەگەڵ رێزدا.

وەزارەتی تەندروستی/ نوسینگەی وەزیر لەگەڵ رێزدا.

وەزارەتی پەروەردە/ نوسینگەی وەزیر لەگەڵ رێزدا.

وەزارەتی پلان دانان/ نوسینگەی وەزیر.

لێژنەی شارەزایان لەگەڵ سەرەتایەكان لەگەڵ رێزدا.

كارگێری/

تێبینی:

١ – بەپێ نامەی ژمارە ١٠٦ لە ١٧ / ١١ / ٢٠٨٨ دا رەوانەی هەر سێ سەرۆکایەتی و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کراوە.

٢ – وەزارەتی خویندنی بالاّ و توێژینەوەی زانستی بە سوپاسەوە وەلاّمی نامە و راو بۆچونەکانی داوەتەوە بە چەند خالێك:

أ – پرۆژەی یاسای زانکۆ ئەهلیەکان ئامادە کراوە و رەوانەی پەرلەمان دەکرێت.

ب – زانکۆ و کۆلێژە ئەهلیەکان مولّەتی رەسمی لەو وەزارەتە وەردەگرن بە پێ مەرج و رێنمایی و بەردەوام لە ژێر چاودێریدا دەبن.

ج – کرێی خوێندن و پەسەند کردنی لە دەسەلاّتی وەزارەتدایە و رەچاوی قوتابی کەم دەرامەت دەکرێ.

د – سەبارەت بە پسپۆری پزیشکی و ئەندازیاری جگە لە سەپاندنی مەرجی نمرە و وانەی پسپۆری (مفاچله)، هەر بەشێکی زانستی تاکو پێداویستیەکانی لە تاقیگە و هۆلّی خوێندن و مامۆستا ئامادە نەبێت پێویستە دوا بخرێ بۆ سالّی ئایندە.

بەمەبەستی جێ بەجێ کردنی پێشنیارەکانی کۆنگرەی یەکەم کە یەکێکیان هەموار کردنی یاسای ژمارە ١٧ی سالّی ٢٠٠٦، بۆیە ئەم پرۆژە یاسایە لە رۆژی ٢٠٠٨/١١/٣٠ نێردرایە پەرلەمان بۆ کاری پەسەند کردنی، بە نامەی ژمارە ١٠٩ لە ٣٠ / ١١ / ٢٠٠٨ دا.

# پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای ژمارە( ١٧ ) ی ساڵی ٢٠٠٦ لە ( یاسای یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان ) لە ٢٠٠٨/١١/٣٠

**ماددەی یەکەم:**

بڕگەی (هەشتەم)ی مادەی (سێیەم) هەمواردەکرێ و بەمجۆرە دەخوێندرێتەوە:

**هەشتەم:**

کاربۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بەگەڕخستنی میکانیزمەکانی داکۆکی لەمافە دەستووری و یاساییەکانی هاولاتیان دەکات.

**ماددەی دووەم:**

یەکەم:ماددەی چوارەم (یەکەم -١) هەموار دەکرێ وبەمجۆرە دەخوێنرێتەوە

١- هاولاتی کوردستان بێت یان نوێنەرایەتی گەلی کوردستان بکات لەیەکێ لە پەرلەمانەکاندا.

دووەم: ماددەی چوارەم (یەکەم _٣) هەموار دەکری و بەمجۆرە دەخوێنرێتەوە.

٢-ئەندامی کارا بێت لەئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق یاخود لە (کۆمەڵەی نیشتیمانی عێراق یان لەئەنجومەنی نیشتیمانی کاتی عێراق) ئەندام بووبێ لەدوای روخانی رژێمی لەناوچو لەساڵی (٢٠٠٣) کە نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دەکەن.

**ماددەی سێیەم:**

یەکەم: لەهەرشوێنێکی ئەم یاسایە (دەستەی گشتی) هاتبێت دەکرێتە کۆنگرە.

دووەم: لەهەرشوینێکی ئەم یاسایە (دەستەی ئیداری)هاتبێت دەکرێتە (دەستەی بالا)

**ماددەی چوارەم:**

مادەی شەشەم (یەکەم) هەموار دەکرێ و بەمجۆرە دەخوێندرێتەوە

یەکەم: **هەڵبژاردنی دەستەی باڵای یەکێتی بەدەنگدانی نهێنی وراستەوخۆ و بەزۆرینەی** دەنگی ئامادەبوان کەپێکدێت لە نۆ(٩) ئەندامی سەرەکی و دوو (٢) ئەندامی یەدەك دەبێت.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنەکار.

**ماددەی شەشەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی بلاوبوونەوەی لەرۆژنامەی رەسمی (وەقایعی کوردستان) دەخرێتە کار

**هۆیەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایە:**

بەمەبەستی بەشداریکردن لەبەرەنگاربوونەوەی دیاردەی گەندەڵی و سوود وەرگرتن لەئەزموونی هەموو نوێنەرانی گەلی کوردستان لەپەرلەمانەکان و رێکخستنەوەی هەیکەلی ئیداری یەکێتی پەربەمانتارانی کوردستان بەجۆرێك کەبگونجێت لەگەڵ گەورەیی ئامانج و ئەرکەکانی و بۆ پڕکردنەوەی ئەوبۆشاییانەی کەلەیاساکەدا دەرکەوتن ئەم یاسایە دەرکرا.

**شەشەم:**

# راپۆرت لەسەر کۆر و سمینارەکان

یەکێ لە ئەرکەکانی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان، سازدانی کۆر و سمیناری تایبەت بووە بەو کێشە و گیروگرفت و کارە هەنوکەیەکانی گەلی کوردستانە ، سمینارەکان تایبەتی و بۆ کەسایەتی شارەزا لەو بوارانەدا بووە، ئاکامی راو بۆچونەکان وەکو پرۆژەیەك رەوانەی هەر سێ سەرۆکایەتی (هەرێم – پەرلەمان – حکومەت) دەکرێ بۆ سود وەرگرتن لەو بیرورایانە، ئەمانە لای خوارەوە هەندێ لەو راپۆرتانەن کە نێردراوون:

١ – سمینارێك بۆ بەرێز عدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمان لە رۆژی ٢٠٠٨/٦/٢٤

# سمیناری ڕۆژی ٢٤ / ٦ / ٢٠٠٨

لـە ڕۆژی ٢٤ / ٦ / ٢٠٠٨ کاتــژمێر ٦ ئیــوارە، یــەکیتی پەرلــەمانتارانی کوردســتان سمینارێکی بۆ ڕێزدار عەدنان مـوفتی سـەرۆکی پەرلـەمانی کوردسـتان سـاز کـرد، لـەم سمینارەدا کۆمەڵێك لە ئەندامانی یەکیتی پەرلەمانتاران و شارەزایانی تر لە بوارەکـانی سیاسی و یاسایی ئامادەی بوون.

سەرەتا بەڕێزیان خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەو کۆبونەوە تایبەتیە دەربری و ووتـی کـارێکی زۆر باش بوو کـە ئـەم ڕێکخـراوە (یـەکیتی پەرلـەمانتارانی کوردسـتان) دامـەزرا و ئـەم هەنگاوانە یەکێکە لە ئەرکەکانی، بۆیە هەر دیالۆگێـك دەبێتـە هـۆی دەوڵەمەنـد بـوونی ئەزمونەکەمان و هەڵەکان ڕاست دەکاتەوە و سودیشی بۆ گشت لایەك دەبێـت، پاشـان تەوەرەکانی باسەکەی خستە ڕوو کە ئەمانەی لای خوارەوە بوون:

١ – گۆرانکاریەکانی ناوەخۆی هەرێمی کوردستان، کە خۆی لە کار و هەڵویستەکانی حکومەتی هەرێم و پەرلەمان دەگرێتەوە.

٢ – پەیوەندی نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەندی.

٣ – ئەو پرۆژە یاسایانەی بونەتە یاسا و هەندێ کەموکوریان تێدایە.

پاشان باسێکی تێروتەسەلی لەسەر ئەو گۆرانکاریان و پێشهاتەکانیگۆرەپانی سیاسـی لە هەرێمی کوردستان کـرد، بەتایبـەتی ئـەو بەرنامەیـەی کـە بـاس لەسـەر گۆرانکـاری حکومەت دەکات و کابینەی تازە دروست بکرێت و هۆکارەکـانی دواکـەوتنی، هـەروەها باسی لەسەر هەڵبژاردنی خولێکی تری پەرلـەمانی کوردسـتان کـرد لـە سـاڵی ٢٠٠٩ دا، جگە لەمەش یەکگرتنەوەی ئەو (٣) وەزارەتەی کە تـا ئیـستا یـەکیان نەگرتوەتـەوە و هۆکاری دواکەوتنی.

لەسەر بابەتی پەیوەندیەکانی نێوان هەریمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی کە ئیستا هەندێ کێشەی یاسایی و دەستوری پەیدا بووە، بۆ چارەسەری ئەو کێشانە کە خۆی لە مادەی (١٤٠) و یاسای (نەوت و غاز) و یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان بە تایبەتی لە پارێزگای کرکوك تیشکی خستە سەر.

دوا تەوەری باسەکەی بوونی هەندێ پرۆژە یاسا کە تا ئیستا لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کردنیان دواکەوتووە، وەکو پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان و پرۆژە یاسای رۆژنامەگەری، هۆکارەکانی باس کردن و بە ئۆمێدی لە ئایندەیەکی نزیك بە باشترین شێوە هەردووکیان پەسەند بکرێن.

پاشان بەرێزانی بشدار بووی سیمینارەکە چەندین روونکردنەوە و بیروبۆچونی باشی خۆیان بۆ دەوڵەمەند کردنی بابەتەکانی سەرەوە خستە روو کە بوە هۆی خۆشحاڵی ئامادە بوان و لە دوا ووتەی بەرێز سەرۆکی پەرلەماندا کە وەڵامی هەندی پرسیاری بەرێزان بوو ووتی:

١ – فیدراڵی ویستی گەلی کوردستانە، نابێ لە خەبات بۆ چەسپاندنی راوەستین، پێویستە مادەی (١٤٠) یش جێ بەجێ بکرێت و دەستوری هەرێمیش پێویستە تعبیر لە فیدراڵی جوگرافی بکات و گشت ناوچەکانی کوردستان بگرێتەوە، زۆر شتمان کردووە و پێویستە ببێتە ئەمری واقع.

٢ – سیاسەت و یاسا تەواو کەری یەکترین و یاساکانی پەرلەمانی کوردستان هەمیشە تەعبیری لە بەرژەوەندیەکانی جەماوەر کردووە.

٣ – یاسای رۆژنامەگەری بە جدیی تاوتوێ دەکرێت بۆ ئەوەی بگەینە ئاکامێکی زۆر باش کە بەرژەوەندیەکانی گشت لایەکی تیا پارێزراو بێت.

٤ – پێویستە ئیمەی گەلی کورد بیر لەوە نەکەینەوە کە ئیمە گەلیکی دەرەجە دووین لە عێراقدا، بەڵکو ئیمە بەشێکی گرنگ و کاریگەرین لەسەر دروست بوونی عێراقی تازە و دیموکرات و فیدراڵ.

٥ – تا ئیستا گفتوگۆیـەكانی نێـوان عێـراق و ئـەمریكا لەسـەر ڕێكـەوتنی سـتراتیجی و مانەوەیان لە عێراق كۆتای پێ نەهاتووە، سەركردایەتی كوردستان ئاگاداری چۆنیەتی بەرێوەچـوونی ئـەو گفتوگۆیانەیـە، پاراسـتنی سـەروەری و سـەربەخۆی عێـراق لـەو ڕێكەوتنەدا كارێكی پێویستە.

٦ – هەندێ كەموكوری لە یاسای یەكیتی پەرلـەمانتارانی كوردسـتان هەیـە، پێویـستە هەموار بكرێت بۆ زیاتر ڕێكوپێك كردنی، ئەمەش لەسەر خۆیانە بە چـی شـێوەیەك داوا دەكەن.

٧ – راپۆرتی دیموستورا راستە هەندێ هەڵەی تێدایـە و بـۆ خـۆی دانـی بـەوەدا نـاوە، بەڵام لە لایەكی ترەوە ئـەو هەوڵانـە پـەك دەخـات كـە دەیانـەوێت بـاس لەسـەر تـەواو بـوونی مـادەی (١٤٠) بكـەن وەیـان هـەر هـەوڵێكی تـر بـۆ نەگەراندنـەوەی شـوێنە دابراوەكانی هەرێمی كوردستان.

٨ – باسی گەنـدەڵی دەكرێـت، ئیمـەش دەڵـین ئـەو دیاردەیـە هەیـە، بـەڵام پێویـستە لەسەر گشت لایەك هەوڵی بن بر كردنی بدەین، ئـەوەش بـە دەرەجـەی یەكـەم لەسـەر حكومەتی هەرێمە كە بیكاتە بەرنامـەی خـۆی، پەرلـەمانی كوردسـتان هەمیـشە هـەوڵ دەدات كە یاساكان بەو ئاقارەدا برۆن كـە گەندەڵیـەكان نـەهێڵێ، لـەم دوایـەدا هەنـدێ یاسا دەرچوون، وەكو یاسای چاودێری دارایی كە بە سستەمێكی تازە و بە دەزگایەكی سەربەخۆ و راستەوخۆ پەیوەست بە پەرلەمانەوە هاتە پەسـەند كـردن، لـەم رێگایـەوە دەتوانرێت زۆربەی زۆری گەندەڵیەكان لە ناو بەرێت.

كۆبونەوەكە زیاتر لە (٣) كاتژمێری خایاند، ئامادە بووان بـەهیوای چـەندین سمینـاری جۆراوجۆری لەم شێوەیە بوون، بۆیە دەستەی باڵای یەكیتی پەرلەمانتارانی كوردستان بـەڵێنی پـێ دان كـە ئـەم شـێوە كۆبونەوانـە بـەردەوامی ئـەبێت و بابەتـە گـەرماو گەرمـەكانی رۆژ لـە هـەریمی كوردسـتان و عێـراق و ناوچـەكە دەخرێتـە بـەر بـاس ولێكۆڵینەوە.



سمینـاری بەڕێز عەدنـان موفتی

**٢ - بەشداری كردن لە سمیناری سەنتەری عێراقی ئەمڕۆ لە شاری سلیمانی**

لە رۆژی ٥ / ٧ / ٢٠٠٨ وەفدێكی یەكیتی پەرلەمانتارانی كوردستان كە پێكهاتبوو لە بەرێزان نیعمەت عبداللە سەرۆكی یەكیتی و حمە علی توفیق جێگری سەرۆك و ژمارەیەك لە ئەندامانی یەكیتی پەرلەمانتاران لە سلیمانی بەشداریان لە سمیناری سەنتەری عێراقی ئەمڕۆ كرد كە بۆ رێز لێنان لە (١٠٠) سەد كەسایەتی حكومی و رێكخراوەیی بوو.

لە بەرنامیەكی تایبەتیدا كە بۆ ئەم مەبەستە رێكخرابوو، ووتاری یەكیتی پەرلەمانتارانی كوردستان لەلایەن بەرێز نیعمەت عبداللە وە پێشكەش كرا، لە وتارەكەدا هاتووە، وێرای دەست خۆشی لەو ئەركە، بە ئەزمونێكی نویٚ دانرا. دوا تر هەردوو بەرێزان سەرۆك و جێگر بەشداریان لە دابەش كردنی خەلاٚتە رێزلێنانەكاندا كرد.

دەقی ووتاری یەكیتی پەرلەمانتارانی كوردستان

ئامادە بوانی بەرێز / رۆژتان باش.

ئەو كارە پر بایەخەی سەنتەری عێراقی ئەمڕۆ پەیرەوەی دەكات، ئەركێكی شارستانی و تێروانینێكی زانستیانەیە بۆ ئەوەی رەوتی پێشكەوتن لەگەلٚ داخوازیەكانی كۆمەلٚگە هاوتەریب بێت، هەولٚدانێكە كە دوو سودی بەنرخ لە خۆ دەگرێت:

یەكەمیان: هاندانی كەسانێك و رێكخراوێكە كە ئامانجیان پێشخستنی كۆمەلٚگەیە لە بوارەكانی خزمەت كردن و چاكسازیی و داكۆكی لە چەسپاندنی فیدرالٚیزم و داهێنانی دیموكراسی و ئازادی.

دووەمیان: مایەی چاولێكەریشە بۆ باشتر وەگەڕخستنی كاروبارەكان.

ئەمەش گرنگە لەسەر دوو پێوەر بێت، یەكەم كێ ئەمانە هەلٚدەبژێرێ ؟، دووەم، جەخت لەسەر چ پێوانەیەك دەكرێت كە دەبێتە هۆی زیاتر گۆرانكاری و زیاد بوونی بەرهەم و دەستكەوتەكان ؟

ئیمە لە یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان کە ئامانجمان لە خزمەت دانانی شارەزایی و پسپۆری یاسای و کەلتوری و زانستی ڕێکخراوەکەمانە بۆ هاوکاری دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان.

بۆیە ئیمە پشتگیری ئەم کارە مەزنەی سەنتەری عێراقی ئەمرۆ دەکەین و زیاتر هانیان دەدەین، بەو هیوایەین ئەم پرۆسەیە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بگرێتەوە کە دەبێتە هۆی بردنەوەی گرەوی زانستیانە، بەمەش بەرزکردنەوەی ئاستی ژێرخانی ئابووری و پەیوەندیەکانی کار بە کەمترین ماندووبوون و کەمترین کات و باشترین بەرهەم و دژ بەگەندەڵی ڕەنگ بداتەوە، دەرئەنجامی بە دامودەزگاکانی دەوڵەت و سیستەمی نویێ بەڕێوەبردنی لێبکەوێتەوە، کاریگەری بەرچاویشی دەبێ لەسەر باری دەرونی و هەست کردن بە بەرپرسیاری لەلایەن هەر تاکێکی کۆمەڵەوە. دووبارە دەستخۆشیتان لێ دەکەین و سوپاس .



بەشداری لە سمینـاری سەنتەری عێراقی ئەمڕۆ

# ٣- سمینـاری برایەتـی تـوركمـان و كورد لە رۆژی ٢٠٠٨/٧/٨

**سمیناری گفتوگۆ لە پێناو برایەتی توركمان و كورد**

لە ٨ / ٧ / ٢٠٠٨ دا یەكیتی پەرلەمانتارانی كوردستان سمینارێكی بەناوی (لە پێناو پێكەوە ژیانی كورد و توركمان) بۆ كۆمەڵێك كەسایەتی سەربەخۆو لە چین و توێژەكانی برا توركمانەكانی شاری كەركوك و دەوروبەری ڕێكخست، ئەم كەسایەتیانە پێكهاتبوون لە زانایانی ئاینی و كۆمەلایەتی و ڕاگەیاندن و هونەری و عەشایەری و بێ لایەن، ئامانج لەو سمینارە لێك تێگەیشتن و هەڵوەستە لەسەر كێشەكان و دۆزینەوەی چارەسەری بۆیان و لە سیمینارەكەدا بەرێز د. كمال كەركوكی جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان ئامادە بوو، بە ڕوونی تیشكی خستە سەر پەیوەندی لە مێژینەی نێوان هەردوو نەتەوەی دۆست، توركمان و كورد، جەختی لەسەر ئەوەش كردەوە كە ئەو كێشانەی ئەمرۆ دەستكردن و كاریگەری دەرەكی لەسەر هەیە، هەركاتێ ئەم كاریگەریانە نەمان ئەوا پەیوەندیەكان بە مسوگەری دێنەوە دۆخی جارانی، ئەمەش ئەركی هەردوولایە كە متمانە بگێرنەوە تاكوو بە پلانی تۆكمە و نەگۆر بارودۆخەكە بەرژەوەندی هەردوولای لێبكەوێتەوە.

سمینارەكە ئەو ئاراستەی وەرگرت كە بە ئاشكرا و بە ڕوونی و ڕاشكاوانە و بێ پێچ و پەنا و بەتەواوی ئازادی ڕادەربرین لە دڵەوە بۆ دڵ، تەوەرەكانی سمینارەكە دەستی پێكرد كە بریتی بوو لە دەربرینی ڕاوبۆچونەكانی برا توركمانەكان، لە بەرامبەریشدا یەكیتی پەرلەمانتارانی كوردستان هانی برا توركمانەكانی دا بۆ ئەوەی بەرەو دیالۆگ هەنگاوی زیاتر بنێن بۆ گەیشتن بە پتەو كردنی ئەم پێكەوە ژیانەی كە هەردوولا كاری لەسەر بكەن، سمینارەكە لەسەر دوو تەوەری گرنگ هەڵوێستەی كرد:

یەكەم: كێشەكان.

دووەم: پێشنیاری چارەسەریەکان.

- کێشەکان بە شێوەی گشتی:

١– بەشداربووان لە برا تورکمانەکان پێ یان وایە تورکمان دابەش بووە بەسەر (شیعە، سوننە، بەرەی تورکمانی، حزبەکانی تر، بێ لایەن) بێ لایەنەکان کە ئەمانە زۆربەی هەرە زۆری تورکمان پێکدەهێنێ و بێ بەشن لە زۆربەی مافەکان، کەس حسابیان بۆ ناکات، ئیهمال کراون.

٢ – نەبوونی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوەی گوندە زیانلێکەوتوەکانی تورکمان.

٣ – استفزاز کردنی تورکمان لەلایەن حزبە کوردیەکان و داگیرکردنی هیندێ موڵك و ماڵیان و کردنەوەی بارەگا لە ناو ماڵەکانیان.

٤ – مەغدور کردنی تورکمان لەلایەن حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی، وای کردوە بێ بەشن لە زۆر پرۆژەی بنیاتنانی ژێرخانی ئابوری.

٥ – بڵاوبونەوەی بێ کاری و بێ خاوەنی تورکمان.

٦ – قۆرخ کردنی دەسەڵاتەکان بووەتە هۆی بێ بەش بوونی جەماوەری تورکمان.

٧ – بە هەڵە تێگەیشتن لەوەی کە بەرەی نورکمانی نوێنەری تورکمانەکانە لەکەرکوك.

٨ – خەریکە گەنجی تورکمان لەدەست دەربچێت بەهۆی ئاورنەدانەوە لە کێشەکانیان

٩ – کیشەکە هەر ئەوە نیە کە باسی لێ دەکەن بەڵکو کێشەی سەرەکی کێشەی بەرێوەبردنی کەرکوکە و نەبوونی متمانەیە بە بەڵێنەکان.

١٠ – کێشەکان هەر ئەوانە نین کە لە روخسار دیارن بەڵکو کیشەی دەستتێوەردانی ئیقلیمی و هەردوو حیزبەکەیە لەسەر تورکمان کە هەموو کەس لەبری تورکمان قسە دەکات.

دووەم: پێشنیارەکان:

١ – ناسینی تورکمان بە نەتەوەی دووەم لە کوردستان ئەویش بە چەسپاندنی لەدەستوری هەرێمی کوردستان.

٢ – سەلماندنی مافی نەتەوەی تورکمان لەو شوێنانەی کە زۆرینەن و خۆیان راستەوخۆ دام ودەزگاکانی حکومەت بەرێوەبەرن.

٣ – دەست کردن بە پلانی ئاوەدانکردنەوەی شوێنە تورکماننشینەکان.

٤ – هاوبەشی تورکمان لە دەسەلاتی سیادی لە کوردستان و کەرکوك و بەشداری لە پەرلەمانی کوردستان

٥ – دامەزراندنی پەیوەندی دۆستایەتی کورد و تورکمان.

٦ – دامەزراندنی کەناڵێکی ئاسمانی تایبەت بە تورکمان، دوور لە دەستتێوەردان.

٧ – کارا کردنی دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس و هێزەکان بۆ مامەڵە کردنی دۆستانە و برایانە لەگەڵ تورکمان.

٨ – وەگەر خستنی رۆڵی تورکمان لە رێگەی رێکخراوە مەدەنیەکان.

٩ – گفتوگۆ و ئالوگۆر کردنی بیرورا بۆ ئەوەی لە یەکتر گەیشتن زیاتر بێت چونکە هەتا ئیستا زۆربەی تورکمان بە هەڵە لە مادەی (١٤٠) گەیشتوون.

١٠ – جیاکردنەوەی بەرەی تورکمانی لە زۆرینەی بێ لایەنەکان.

١١ – کارا کردنی راگەیاندن بۆ وەلامدانەوەی پرۆپاگاندەکان کە هەندێ لایەنی تورکمان بلاوی دەکەنەوە.

١٢ – وەرگرتنی دەرچوانی تورکمان لە زانکۆکانی کوردستان.

١٣ – دانانی بەرنامەی بوژاندنەوە و پێشخستنی کۆمەلایەتی.

١٤ – پێداچوونەوە بە پلانەکانی پێشو لەسەر کەرکوك و اهمال نەکردنی تورکمان

١٥ – سوود وەرگرتن لە ووزە و توانای پسپۆران و شارەزایان و خانەنشینەکانی تورکمان.




**سمینارى برایەتى تورکمان و کورد**

# ٤ - سمينارى دۆزى كورد له ميدياى عەرەبى له رۆژى ٢٠٠٨/٧/٢٩

### القضية الكوردية في الاعلام العربي

في اطار برنامج عمل اتحاد برلمانيى كوردستان في اقامة سلسلة ندوات تصب في خدمة مسار القضايا الكوردستانية على الصعيدين الداخلي والخارجي و بغية المساهمة في العمل من اجل الدفاع عن حقوق اقليم كوردستان الدستورية بالوسائل الديمقراطية وانطلاقاً من أهداف الاتحاد الواردة في المادة الثالثة الفقرة سادساً من قانون رقم ١٧ لسنة ٢٠٠٦ م...وهي الدفاع عن حقوق شعب كوردستان في كافة المجالات الوطنية والدولية.

قام الاتحاد بعقد ندوة حوارية حول (القضية الكوردية فى الاعلام العربى) وقد حضر الندوة نخبة من البرلمانيين والمثقفين والاعلاميين و السياسيين، وقدم الاعلامي احمد الزاويتي مدير مكتب الجزيرة في اربيل ورقته تحت هذا العنوان تضمنت المحاور الأتية.

- ماهي الأسباب والدوافع التى تقف وراء الاعلام العربي والصحفيين العرب للتعامل مع القضية الكوردية والموقف السلبي منها على هذا النحو الذي عليه ؟
- هل لدى المثقفيين العرب والاعلام العربي موقف ثابت ودائم من القضية الكوردية ويبقى هكذا دون تغيير ؟ أو يمكن تغييره اذا ادرك حقيقة القضية الكوردية وجذورها وعدالتها واحقيتها بالمعايير الانسانية والدولية والشرعية ؟
- ألم يكن للكورد كسياسيين و مثقفين و اعلاميين والشارع الكوردى بشكل عام دور رئيسي لذلك الموقف العربي من القضية الكوردية ؟

*هل كان منا نحن الكورد تقصير واهمال او سوء عرض للقضية الكوردية الامر الذي ادى الى مثل هذا الموقف ؟

* هل اخذنا الامر على محمل الجد واوليناه الاهتمام المطلوب لكي يتفهم العرب قضيتنا ويفهمنا على حقيقتنا بعيداً من التشويه والتشويش والتضليل ؟

* أم انهم باختصار اصحاب مواقف مسبقة لم يريدوا ولايريدون ان يقروا بقضية اسمها (القضية الكردية) او شعب كوردي لة مقومات وتاريخ وجغرافية وثقافة وهوية تعطيه كل الحق في اتخاذ قراره وتحديد مصيره بارادته الحرة ؟

وبعد تناول تلك المحاور فتح باب الحوار للتعقيبات والمداخلات وتم التوصل الى جملة من التوصيات والمقترحات يجب رفعها الى الجهات المعنية والعمل عليها من منطلق أننا شعب صاحب قضية ورسالة ولنامشروع قومي مشكلتنا مع شعوب سكانها اكثرمن ٢٥٠ مليون نسمه ولهم مساحة واسحة من الجغرافية و يشكلون قوة اقتصادية كبير اذ $\frac{1}{4}$ من ثروات العالم بيدهم في مجالات النفط و الغاز و المياه والزراعة.. وهم اصحاب تاريخ وحضارة وامبراطوريات والان اصحاب سلطة وجيوش وموقع ثقل في المعادلات الاقليمية والدولية مما يحتم علينا جميعاً وقفة تأمل ومسؤولية وأن من أهم واجباتنا في هذه المرحلة هو البحث عن لغة حوار ومنطق تفاهم مشترك و قوة اقناع وكسب تعاطف على الصعيدين الرسمى والشعبي وصنع شبكة من العلاقات عبر اليات التواصل و الصداقة على قاعدة من القواسم المشتركة لايجدينا القاء اللوم على العرب والاعلام العربي في شأن الجهل بالقضية الكوردية اوالتجاهل و المعاداة لها والتأمر عليها، نعم هناك جهل و سوء فهم وهناك تجاهل وتجاوز وهناك تأمر وتضليل و هناك تشوية.

يجب العمل في دائرة الذات وممارسة النقد الداخلي ومراجعة المواقف والسياسات في المجالات الدبلوماسية والاعلامية والمعرفية، ومن هنا نرى ضرورة العمل على النقاط الآتيه:

١- دعم المثقفين والاعلاميين الكورد الذين يجيدون لغة العرب والحوار معهم حثهم ودعمهم للعمل في الاعلام العربي المقروء والمسموع والمرئي.

٢- ايجاد علاقة جيدة بين الكورد كسياسيى ورجال الحكم والسلطة ومثقفيين واعلاميين مع اجهزة الاعلام العربي مثل القنوات الفضائية والصحف والمجلات المشهورة والتي لها جمهور وانتشار واسع.. ويجب ان نتحمل تجاهل واساءات هذا الاعلام حتى يتسنى لنا تغيير نظرته ومواقفه..

٣- وضع مؤسسة اعلامية كبيرة تضم كافة وسائل الاعلام ادارتها وسياستها كوردية تخاطب الشارع العربي بلغتهم ومن مثقفين واعلاميين عرب معروفين لدى الشارع العربي لرفع الغموض والالتباس وازالة الشائعات والشبهات المثارة على القضية الكوردية وسياسة الكورد والمواقف الرسمية لهم...

٤- دعوة الصحفيين العرب ومثقفيهم العاملين في القنوات الفضائية والصحف والمجلات المؤثرة الى كوردستان واشراكهم في بعض الفعاليات والانشطة الثقافية و المعرفية والفكرية وبناء جسور التواصل لتغيير العقلية السائدة لديهم ولدى الشارع العربي تجاه القضية الكوردية..

٥- صنع لوبي متعاطف مع القضية الكوردية فى الاوساط الثقافية العربية ممن لهم تأثير وقوة منطق..

٦- تأهيل وتدريب نخبة من الشباب وتثقيفهم في شبكات الانترنيت والمنتديات وغرف الدردشة والدخول الى المواقع المهمة..

٧- تشكيل جمعية للصداقة الكوردية العربية و دعمها بكل مايتطلب عملها من مستلزمات النجاح والتاثير..

٨- الاستفادة من الشخصيات العربية المثقفة اللذين انصفوا القضية الكوردية وعملوا لها ووضع خطة مدروسة لذلك.

٩- وضع برنامج لاستضافة الشباب العرب ودعوتهم الى الاقليم من خلال جامعاتنا و العمل عليهم لتعريفهم بالقضية الكوردية وعدالتها وانسانيتها..

١٠- وضع جهاز خاص اوهيئة اختصاصية لدراسة تجربة بعض الشعوب كيف نجحوا في ان يتحول من شعب مضطهد مشتت محارب يمارس في حقه جميع انواع التعذيب الوحشي الى شعب له كيان ولوبي موثر في اوربا وامريكا واصبح لهم تأثير على أصحاب النفوذ الذين يمتلكون قوة المال و السياسة و الحكم والاعلام والسلاح..

١١- عمل بنك للمعلومات وقاعدة للبيانات حول القضية الكوردية وتزويد وسائل الاعلام والاعلاميين بالمعلومات والمواقف والقرارت والرؤى التابعة لحكومة الاقليم..

هذا هي اهم الافكار التي تمخضت عنها الندوة والتي نرى من الضرورة بمكان العمل عليها وتبنيها بعد الدراسة والبلورة و الانضاج على ان تحظى هذا المقترحات بقبول من الجهات المعنية و الرسمية واتحاد برلمانيي كوردستان على اتم الاستعداد و انه من واجبه العمل والنضال في هذا المجال انطلاقاً من دواعي تأسيسه و اهدافه.




سمینـاری دۆزی کورد لە میدیای عەرەبی

## ٥- سیمنارێك دەربارەی ( جیهانگەری و كوردستان ) لە رۆژی ٢٠٠٨/٨/٢٦

رۆژی ٢٠٠٨/٨/٢٦ یەكێتی پەرلەمانتارانی كوردستان لە میانەی پلانە ستراتیجیەكەی و بە پێ ی ئەو بەرنامەی كە دایرشتوە، سیمنارێكی رێكخست لە هۆلی میوانخانەی (شەرەفخانی بەدلیسی) لەژێر ناونیشانی (جیهانگەری و كوردستان) بۆ بەرێز دكتۆر بشیر خلیل حداد ناسراو بە (مەلا بەشیر)..

بەرێزیان بابەتەكەی بەسەر ئەو تەوەرانەی خوارەوە دابەش كردبوو:

١- پێناسەی جیهانگەری لەروی زمان و دەستەواژە.

٢- سەرهەلدان و مێژوی جیهانگەری.

٣- تیۆری (كۆتایی مێژوو) ی فۆكۆباما و(پێكدادانی شارستانیەكان) ی سامۆئیل هندگتن.

٤- وێنەكانی جیهانگەری.

٥- سیماكانی جیهانگەری.

٦- رەنگدانەوەی جیهانگەری.

٧- ركابەرەكانی جیهانگەری و مەترسیەكانی.

٨- داهاتوی جیهانگەری.

٩- چۆنیەتی هەلسوكەوت لەگەل جیهانگەری لەكوردستان..

دوای تەواوبونی بابەتەكە دەرگا بۆ بەشداربوان كرایەوە بۆ تێبینی و سەرنجەكانیان و لەكۆتایدا ئەم بیرۆكەو راسپاردانە گەلاڵەبوون:.

١- خۆپاراستن لە رەتكردنەوەو پێ رازی بوون بەرەهایی وەگرنگی هەلس و كەوت كردن لەگەڵی لە میانە لۆژیكی جیاكردنەوەی باش و خراپەكان و بە سوود و زیانبەخشەكانی.

٢- نابێ خۆی بۆ شل بكەین و بەدوای بكەوین، ناشكرێت دوورەپەرێز بیت لێ ی بەڵكو دەبێ مامەڵەی لەگەڵ بكەیت بەجۆرێك شتە سوود بەخشەكانی وەربگیرێت و باشیەكانی بەكار بهێنیت.

٣- پاراستنی بنەرەتە نەگۆرەكانی نیشتیمانی و ئایینی بەلكو لەسەر ئەوبناغەیە چۆنیەتی مامەلەكردن لەگەڵی دیاری بكرێت:.

٤- ناسینی جیهانگەری و بوارەكانی و وێنەكانی و دەرئەنجامەكانی و مەترسیەكانی وبلاّوكردنەوەی هۆشیاری لەسەری.

٥- چاوگێرانەوە بەسیاسەتە ئیداری و ئابوری و كۆمەلایەتیەكان لە كوردستان بەمەبەستی چاكسازیو پێشخستن.

٦- رێكخستنەوەی ناومالی كوردستانی یەكخستنی ووتار و هەلوێستی سیاسی لەمەسەلە چارەنووس سازەكانەوە.

٧- پێویستە گرینگی بدرێت بەكەرتی ژنان وئافرەتان و گەنج و لاوان وبونیاتنانی كەسایەتی هاوولاتیان لەسەر بنەمای رەسەنایەتی و نەگۆرە نیشتیمانی و فیكریەكان بەجۆرێك ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی بپارێزێت.

٨- هەولدان بۆبەدەست هێنانی تەكنەلۆجیاو ئامێری پێشكەوتوو.

٩ - گرینگی دان بەپتەوكردنی ژێرخانی ئابوری هەرێم وپێشخستنی




**سمینـاری جیهـانگەری و كوردستـان**

## ٦ - سمینـاری ئاسایشی نەتەوەیی كوردستـان

یـەكێتی پەرلـەمانتارانی كوردسـتان لـە ٢٠٠٨/١٠/٢٢ سـیمینارێكی بـۆ بـەرێز احـسان ئامێـدی ئەنـدامی پەرلـەمانی كوردسـتان رێكخـست لـە سـەر ئاسایـشی نەتـەوەیی كوردستان، لەم سیمنارەدا كۆمەڵێك لە پسپۆر و شارەزای ئەم بوارە ئامادەبوون.

بەرێز احسان ئامێدی ئەوەی روون كردەوە كە بەبیانوی گەیشتن بە ئـابوری وولاّتـان و وەلانـانی رۆڵی حكومـەت و خـص خـصە و بـازاری ئـازاد و هانـدانی كـەرتی تایبـەت مـستەكۆلەیەكە لـە ئاسایـشی نەتـەوەیی لـە بوارەكـانی تەندروسـتی، پـەروەردە، بازرگانی و كۆمەلایەتی.

بەدلنیایەوە ئاماژەی بەوەكرد بۆ بینینی حكومەت بـە رۆڵی خـۆی بـۆ بەرپەچدانەوە و رێگرتن،چونكە ئەگەر ئاسایشی نەتەوەیی تووشی مەترسی هات ئەوا نەك هەر تووشـی قەیرانێك دەبین بەلكو مەترسی بوون و مانەوەشمان دەكەوێتـە مەترسـی بۆیـە هەسـت كردن بە بەرپرسیاریەتی ئاسایشی نەتەوەیی بە شێكە لە هاونیشتمانی بوونی راسـت و دروست.




**سمینـاری ئـاسایشی نەتـەوەیی**

## ٧ - سمينارى ( پرسى ئەمرۆ )

بـەم ناونيـشانەى سـەرەوە يـەكێتى پەرلـەمانتارانى كوردسـتان لـە ٢٠٠٨/١٠/٢٨ سيمنارێكى بۆ بەڕێز جەوهەر نـاميق سـالم سياسـەت مـەدار و بيرمەنـد، رێكخـست كـە ژمارەيەكى بەرچاو لە كەسايەتى سياسى و رۆشنبيرى تێدا ئامادە بوو.

بابەتى سمينارەكە هەلوێستەكردن بوو لەسـەر خالەرووبـە رووبونـەوەكانى كوردسـتان كەبريتى بوو لە دەسەلاتى ناوەنـدى و پابەنـد نـەبوونى بـە دەسـتور و ياسـا و تـەوافق ،چونكە كاتێك دەستوور لەدايك بوو دياريكرا دووايش ئەزمونـەكان سـەلماندیان عێـراق بەرەو بيرى خۆفەرز كردن دەچێت.

لەتـەوەرێكى تـردا بەناگەشـبينى ى و نـاروونى مـاددەى ١٤٠ ى لەقەلـەم دا سـەرەڕاى ئەوەى بەغدا خۆى لە جێ بە جێ كردنى ئەو ماددەيە دەدزێتەوە، بەلاَم نـابێ كێـشەى هەلواسراو بێتە راگرتنى تەواوى پرۆسـەكان. هـەروەها كێـشەى نـاوەخۆ لـەو ئاسـتەى ململانێ و نابابەتيانەى بابەس بێ.

سەبارەت بەرێكەوتنامەى ئەمريكاو عێراق، كـورد پەلـەكردنى بـە خـۆرايى پێوەديـارە، لەگەل رازى بوونى بێ مەرج (بێ قەيد و شەرت).

سـەبارەت بـە تونـدو تيـژى بەرامبـەر بـرا مەسـيحيەكان بەرپرسـياريەتى خـستە سـەر هەريەك لە ئـەمريكا و ناوەنـد و ئيـدارەى موسـل و لايـەنى كوردسـتانيش.كۆمـەلێك لـە بەشداربووان بە روونكردنەوەى بە پێز لە بابەتەكان دوان.




**سمیناری برسی ئەمرۆ**

حەووتەم:

# ناردنی نامە و راپۆرت بۆ هەر سێ سەرۆكایەتی

١ – راپۆرتێك دەربارەی ژەهراوی بوونی دەریاچەی دەربەندیخان كە بە نامەی ژمارە ٧٥ لە ٣ / ٩ / ٢٠٠٨ رەوانە كراوە لەگەڵ راپۆرتی پەرلەمانتارانی ئەو سنورە:

بۆ / سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حكومەتی هەرێمی كوردستانی بەرێز

بابەت / دەریاچەی دەربندیخان

بە مەبەستی بەدواداچوون لەسەر بابەتی ژەهراوی بوونی ئاوی دەریاچەی دەربەندیخان، یەكیەتیەكەمان لە رێگەی ئەندامانی خۆی لەو سنورەدا راسپارد كە سەردانی لایەنی پەیوەندیدار لە ناوچەكە بكەن، لەم بارەیەوە راپۆرتێكیان بۆ ناردوین، بە پێویست زانرا بەرێزتانی لێ ئاگادار بكەینەوە.

لەگەڵ رێزدا

وێنەیەك بۆ /

دۆسیەی گشتی

نیعمەت عەبدوڵا

سەرۆكی یەكیتی پەرلەمانتارانی كوردستان

تێبینی:

هەروەكو ئاگادار بووین سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە دەنگ ئەو بابەتەوە چووە بەمەبەستی بنبر كردنی ئەو دیاردەیە و لە كاری پێویستدان.

## ٢ – راپۆرتێك لەسەر بارودۆخی خانەقین کە بە نامەی ژمارە ١١٧ لە ٢٠٠٨/١٢/١٥ رەوانە کراوە:

بۆ/ بەرێز سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان/ نوسینگەی سەرۆك

بەرێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان

بەرێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ب/ قەزای خانەقین

وەفدێکی بالآی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان بەمەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی خۆی سەردانی دەڤەری گەرمیانی کرد لەسەر داوای ئەوانیش بەپێویست زانرا سەردانی شاری خانەقینیش بکرێ بۆیە لەرۆژی ٢٠٠٨/١١/٢٣ چاویان بە بەرێزان قائیمقام و سەرۆکی ئەنجومەنی قەزاو بەرپرسانی لایەنە سیاسیەکان کەوت بەرپرسانی ئیداری و حیزبی داوایان کرد پەیامەکانیان کەبریتی یە لە سەرکێشەکانی ئەم ناوچانە بگەیەنینە بەردەم بەرێزتان. گومانی تێدانیە هەموو لایەك پەرۆشی چارەسەرکردنی کێشەکانی سیاسی و ئیداری ی و ئابووری ی و ئاوەدانکردنەوەی قەزای خانەقینن بەهۆی ئەوەی پەیوەستە بە بارو دۆخێکی تایبەت و چارەنووس ساز.

– قەزای خانەقین دەکەوێتە ناوچەکانی مادەی (١٤٠) ئیدارەکەش کورد بەرێوەی دەبات بۆیە حکومەتی عێراق پشتی تێکردووەو گرنگی پێ نادات ئەوەی کەدەیکات کرچ و کال و بێ بایەخە.

– حکومەتی هەرێمی کوردستانیش تا ئەندازەیەك کاری تێدا کردووە بەلأم دەبوایە باشتر لە ئاستی ئەو وێرانکاریەی ناوچەکە هەڵسو کەوت بکات.

– قەزای خانەقین لەچەندین ناحیەی سەر بەپارێزگای دیالی و چەندین ناحیەش پێش روخانی رژێم سەربە هەرێمی کوردستان بووە کەچی لە نێوان دوو حکومەت دا ئیهمالیەکی گەورەی پێوە دیارە.

– قەزای خانەقین پێویستی بە هەلمەتێکی نیشتمانی و نەتەوەیی هەیە بۆ بەفریاکەوتنی قەزای خانەقین.

خستنە رووی چەند خالێکی گرنگ

١– جێگیر کردنی شارۆچکەکانی قەزای خانەقین لەنێو سنوری جوگرافیای کوردستان لە دەستوری هەرێمی کوردستان نەك بە ناوی ناوچەکانی مادەی (١٤٠) کە لەدوارۆژ چارەنووسی نادیارە.

٢– چارە سەری کێشەی (١٤٠٠٠) چواردە هەزار کەس لەگەڵ ئاوارەکانی گەراوە لەئێران فەیلیەکان و خەلکانی تر کەئێستا مافی دەنگدانیان نیە لەهەلبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەهۆی دەستێوەردانی حکومەتی عێراق.

٣– بۆ کێشەکانی ئەم قەزایە پێویست دەکات نوێنەرانی کوردستان لەپەرلەمانی عێراق و حکومەتی عێراقی فیدرال رێ و شوێنی گونجاو بگرنە بەر بۆ چارەسەرکردنی گیرو گرفتەکان بەگشتی بەجدی کاری بۆ بکەن.

٤– بۆپشتگیری و هاوکاری قەزای خانەقین رۆلی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش پێویستە زیاتر بێت.

٥– بەرپرسانی ئیداری و سیایی قەزای خانەقین پەرۆشی دیداری بەرێزان سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانن بۆ ئەوەی لەنزیکەوە کێشەکانیان بخەنەروو لەبەر ئەوەی گلەیی زۆریان هەیە کەتائێستا نەبینراون.

نیعمەت عەبدوڵڵا

سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان



سەردانی قائیمقامی خانەقین

# ئەمەی خوارەوە دەقی کۆنوسی کۆبونەوەی گشت لایەنەکانی سنوری خانەقینە کۆنوسی کۆبوونەوە ٢٠٠٨/١٢/٢

بۆ/ بەرێز یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

ب/ راپۆرت

بەرێزان: پاش سەردانەکەی بەرێزتان بۆ سنوری گەرمیان نوسینگەکەمان سەردانی ئیدارەی گەرمیان و بارەگای پارتە سیاسیە کوردستانیەکانی کرد بۆ مەبەستی گرێدانی کۆبوونەوەیەك دەربارەی خزمەت کردنی ناوچەی گەرمیان لە روی سیاسی و فیکری و ئاسایش و ئابوری و پەروەردەوە ئاوەدانکردنەوە، داواکاریەکانیان لەم خاڵانەی خوارەوە دیاری ئەکەین:

١- جێ بەجێ کردنی مادەی ١٤٠

أ - دیاری کردنی سنووری جوگرافی کوردستان لە سنوری قەزاکانی گەرمیان کە ئەم شارانەدەگرێتەوە:١. خانەقین ٢. زەرباتیە ٣. مندەلی ٤. جلولا ٥. سعدیە ٦. قەرەتەپە ٧. جەبارە ٨. بەدرەو جەصان و هەندێ شوێنی تر کە کوردستانن.

ب - قەرەبو کردنەوەی ناوچە دابراوەکان ئەوەی مادەی ١٤٠ دەگرێتەوە.

ج - جێ بە جێ کردنی مادەی ١٤٠ باقی بەندەکانی وە تفعیل کردنی مادەکە وە هەوڵدان بۆ ئەوانەی هەڵبژاردنی پارێزگای دیالی نایان گرێتەوە فۆرم و دەفتەر نفوس یان هەیە بەڵام مافی دەنگدانیان نیە کە نزیکەی ١٤ هەزار کەس دەبن لە سنوری خانەقین.

د. ئاوارەکانی ئێران لە کوردە فەیلیەکان و خەلکی سنوری گەرمیان کە لەئێران گەراونەتەوە جنسیەیان نیەو بەشداری لە لەهەڵبژاردن ناکەن.

٢- ئاوەدان کردنەوە:

چونکە شاری خانەقین کاول کاری زۆری تێداکراوە لە هەموو کاتێکدا پێش روخانی رژێم داواکاریان ئەوەیە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە لە خانەقین ئەنجام بدرێت بەزۆری

هەرچەندە كاركراوە بەلاّم لەئاستی وێران كاری شارەكەو فیداكاری خەلكە كەدا نی یە وەكو ئەوەی هیچی تیادا نەكرابیَ وە ئەو پرۆژانە كە بە پەلە پێویستن ئەمانەن:

أ- پرۆژەی ئاوی خانەقین بۆ خواردنەوە دروست بكرێت كەبۆ ئێستای خانەقین و داهاتووی بەشی بكات بۆ ئاگاداری پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی خانەقین لەپەنجاكان دا كراوە.

ب- دروست كردنی نەخۆشخانەیەكی گەورە بۆ خانەقین و دروست كردنی بنكەی تەندروستی بۆ هەردوو ناحیەی قورەتو و میدان و دامەزراندنی كادری پزیشكی پێویست بۆ خانەقین لە گەل دروست كردنی بینایەی پێویست بۆ ئیدارەكانی خانەقین وە دروست كردنی دەیان قوتابخانە بۆ هەموو قۆناغەكانی.

ج. گرینگی دان بەرێگاو بان و جادەكانی ناوشاری خانەقین وە پاك كردنەوەی سەرچاوە ئاویەكان بە تایبەت كارێز و بیرە ئاوەكان لە گەلّ هەلّكەندنی (٢٠) بیر ارتوازی لە ناوچەی مەندەلی وەیان هەولّ دان بۆ گەیاندنی پرۆژەی ئاوی ئاودێری بۆیان.

د. دروست كردنی بەربەستێك لەسەر ئاوی ئەلّوەن بۆمەبەستی ئاودێری باغەكانی خانەقین و دەوروبەری.

هـ. دروست كردنی (بینایە) بالەخانەی كۆلێجێك بۆ خانەقین وەكو بەلێن دراوە وەزەویش (ارز) بۆی دیاری كراوە وەبەشەناو خۆیەكانی دروست كراوە وەهەولّدان بۆ دامەزراندنی دەرچووەكانی خانەقین لە كۆلێج و پەیمانگاكان.

و. دروست كردنی وەرزش گایەك بۆ خانەقین یان فراوان كردنی وەرزش گای خۆی.

٣- ئیدارە:

یارمەتی دانی ئیدارەی قەزای خانەقین و ناحیەكانی لەبەرئەوە پارێزگای دیالی هیچ گرینگ یەك بەخانەقین نادات وەهیچ بەدجەیەكی بۆ تەرخان ناكات وەنەكردووە وەكو

ئەوەی کە لەسەر دیالی نەبێ وە تەرخان کردنی بودجەیەکی بەرچاو بۆ دروست کردنی پرۆژەی پێویست لەخانەقین.

٤- ئەم مەحزەرە کە پێشکەش بە بەرێزتان ئەکەین وا بەپەسەند ئەزانین چاوپێکەوتنێك سازبکرێت بۆ ئەندامانی ئەم لێژنەیە کەئیمزایان کردووە لەگەڵ قائیمقامی خانەقین و سەرۆکی شارەوانی خانەقین وەلێپرسراوی ئیدارەی گەرمیان لەگەڵ جەنابی سەرۆکی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان و ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان.

| | | |
|---|---|---|
| اکبر حیدر سورەمێری | اسماعیل مەردان | محمد ملا حسن |
| ن/ یەکێتی پەرلەمانتاران | ن/ یەکێتی پەرلەمانتاران | قائمقامی خانەقین |
| عادل مجید | عبدالخالق غریب | حسن صالح رۆستم |
| ن /لقی/ ١٥پ.د. ك | مەڵبەندی/١٢ ی. ن. ك | ن/ یەکێتی پەرلەمانتاران |
| سمیر نور محمد | مقداد شکر | ابراهیم علی احمد |
| سەرۆکی ئەنجومەن خانقین | ن/ یەکگرتووی ئیسلامی | ن /حزبی زەحمەتکێشان |
| عبدالله قادر | جلیل سعید | |
| ن/ حزبی شیوعی | ن/حزبی سۆشیالیست | |

**تێبینی:**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سوپاسەوە راپۆرتەکەیان بە نامەی ژمارە (١٤١٨ لە ٣١ / ١٢ / ٢٠٠٨) دا رەوانەی ئەم وەزارەتانەی لای خوارەوە کردووە بۆ کاری پێویست:

وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم

وەزارەتی پلان دانان

وەزارەتی شارەوانی

وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن

هەشتەم:

# پێشوازی میوانان و سەردانەكان

## ١ – پێشوازی لە میوانەكان:

یەكیتی پەرلەمانتارانی كوردستان لە بارەگای خۆی پێشوازی لە میوانە بەرێزەكانی كردوە و باس و لێكۆڵینەوە لەسەر بارودۆخەكانی كوردستان و كار و ئامانجەكانی یەكیتی پەرلەمانتاران كراوە و ئەمەی خوارەوە ناوی ئەو بەرێزانە و بەروارەكانە:

- شاندێكی ( K. N. K ) لە رۆژی ٥ / ١١ / ٢٠٠٧
- بە ئامادە بوونی سەرۆكی پەرلەمان و جێگر و كۆمەڵێك پەرلەمانتار بارەگای یەكیتی پەرلەمانتاران لە هەولێر كرایەوە لە ١٧ / ١١ / ٢٠٠٧
- بەرێزان نەوزادهادی پارێزگاری هەولێرو پشتیوان صادق بەرپرسی لقی٢ پ.د.ك لە٢٠٠٧/١١/٢٥
- شاندی بالآی كۆمەڵی ئیسلامی بەسەرۆكایەتی بەرێزمامۆستا علی باپیر لە٤/٦/ ٢٠٠٨
- شاندێكی كۆمكاری زیندانە سیاسیەكان لە ١١ / ٦ / ٢٠٠٨
- بەرێز فاروق جمیل وەزیری داد لە ١١ / ٦ / ٢٠٠٨
- بەرێز جودت نەجار لە ١٢ / ٦ / ٢٠٠٨
- بەرێز جێمن بۆمن لێپرسراوی پرۆژەكانی دەسەلاتی ناوخۆیی لەعێراق لە١٥/٦/ ٢٠٠٨
- شاندێكی سەنتەری عێراقی ئەمرۆی لە ٢٣ / ٦ / ٢٠٠٨
- خاتوو صەنگوڵ چاپووك ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی دەسەلاتی كاتی عێراق لە١/ ٢٠٠٨/٧
- بەرێز بۆریا ماتسۆنی سەرۆكی رێكخراوی ئیتنۆكولت لە ٢ / ٧ / ٢٠٠٨
- پێشوازی لە بەرێزان(مەلا بەشیر ومسعود عبدالخالق ومحمد حەریری) لە٢٠٠٨/٨/٥
- بەرێز بەكر مستەفا لێپرسراوی مەڵبەندی ٣ ی. ن. ك لە ١٤ / ٨ / ٢٠٠٨
- پارتی چاكسازی توركمان لە ١٨ / ٨ / ٢٠٠٨
- كۆبونەوە لەگەڵ كۆمەڵێك پەرلەمانتار لە ٢٥ / ٨ / ٢٠٠٨
- شاندێكی بزوتنەوەی دیمەكراسیخوازان لە ٢٦ / ٨ / ٢٠٠٨
- كۆبونەوە لەگەڵ چەند پەرلەمانتارێك لە ١٤ / ٩ / ٢٠٠٨
- بەرێز دكتۆر كەمال مەزهەر / مێژوونوس لە ٢٠ / ١٠ / ٢٠٠٨



پێشوازی لە شاندی k.n.k



پێشوازی لە کەمال مەزهەر



پێشوازی لە جەوهەر نامیق

# سەردانەکان

- سەردانی شاری سلیمانی و کۆبوونەوە لەگەڵ پەرلەمانتارانی سلیمانی و هەڵەبجە و کەرکوك و گەرمیان و پشدەر و بتوێن لە ١ / ٤ / ٢٠٠٨
- نوسینگەی یۆنامی لەکوردستان لە ١٦ / ٦ / ٢٠٠٨
- بارەگای حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ٥ / ٧ / ٢٠٠٨
- بارەگای حزبی دیموکراتی کوردستان لە ٥ / ٧ / ٢٠٠٨
- کۆبونەوەیەك لە شاری سلیمانی لەگەڵ یەکیتی هەنادە و نێردراوەکانی کوردستان لە ٥ / ٧ / ٢٠٠٨
- کۆبونەوەیەك لەگەڵ سەرۆکی ناوەندی رۆشنبیری بەدلیسی و کۆمەڵێك لاو و گەنج لە نوسینگەی پەرلەمانی کوردستان لە هەڵەبجەی شەهید بە ئامادە بوونی چەند پەرلەمانتارێك لە ١٠ / ٧ / ٢٠٠٨
- سکرتێری گشتی حزبی شیوعی کوردستان لە ٧ / ٨ / ٢٠٠٨
- بارەگای لقی ٢ دووی پ. د. ك لە ١٧ / ٨ / ٢٠٠٨
- نوسینەگەی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلام لە ٢٢ / ١٠ / ٢٠٠٨
- بارەگای مەڵبەندی ٤ چواری ی. ن. ك / دهۆك لە ١٣ / ١١ / ٢٠٠٨
- بارەگای لقی ١ یەکی پ. د. ك / دهۆك لە ١٣ / ١١ / ٢٠٠٨
- کردنەوەی لقی دهۆکی K. P.U لە دهۆك لە ١٣ / ١١ / ٢٠٠٨
- کردنەوەی نوسینگەی K. P. U لە زاخۆ لە ١٤ / ١١ / ٢٠٠٨
- کردنەوەی لقی سلیمانی K. P. U لە سلیمانی لە ٢٢ / ١١ / ٢٠٠٨
- کردنەوەی نوسینگەی K. P. U لە هەڵەبجەی شەهید لە ٢٢ / ١١ / ٢٠٠٨
- کردنەوەی نوسینگەی K. P. U لە گەرمیان (کەلار) لە ٢٣ / ١١ / ٢٠٠٨
- سەردانی قائیمقام و مەڵبەندی یەکیتی و لقی پارتی/ خانەقین لە٢٣ / ١١ / ٢٠٠٨



کۆبونەوە لەگەڵ پەرلەمانتارانی دهۆك



کۆبونەوە لەگەڵ پەرلەمانتارانی سلێمانی



سەردانی مەزاری شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە



كردنەوەی نوسینگەی زاخۆ



كردنەوەی لقی دهۆك

**تۆیەم:**

# هەندێ زانیاری پێویست

١ – بە مەبەستی بەگەر خستنی وزە و توانا و شارەزایی ئەندامان لە گشت شار و شارۆچکەکانی هەرێمدا و جێ بەجێ کردنی مادەی یەکی یاسای ژمارە ١٧ ی ساڵی ٢٠٠٦ کە بۆ k.p.u هەیە لقەکان لە پارێزگاکاندا بکاتەوە و بەهۆی بوونی ئەندامان لە هەندێ ناوچەی تری هەرێم و پێویستی بە دامەزراندنی نوسینگە هەبوو بۆیان، بۆیە دەستەی باڵا بریاری کردنەوەی ئەم لق و نوسینگانەی لای خوارەوەی دا و لیژنەی تایبەتی بۆ هەریەك لەوانە پێکهێنرا و کەوتنە کاری خۆیان:

أ– لقی دهۆك

ب – لقی سلیمانی

ج – نوسینگەی زاخۆ

د – نوسینگەی هەڵەبجەی شەهید

هـ – نوسینگەی گەرمیان (کلار)

٢ – لەبەر پێویستی کارەکانی k.p.u لە کۆبونەوەی دەستەی باڵا بریاری پێکهێنانی چەند لیژنەیەك درا کە هاوکاری لە کاری بەرێوەچوونی ئامانجەکانی بن و وەکو لە خوارەوە دیاری کراوە:

## پێکهێنانی لیژنەکان

دوابەدوای چەندین کۆبونەوەی دەستەی بەڕێوەبردنی یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان لەگەڵ ئەندامانی خۆی و بەمەبەستی جێ بەجێ کردنی ئامانجەکانی یاسای ژمارە (١٧) ی ساڵی ٢٠٠٦ و وەگەرخستنی شارەزایان و پسپۆران.

بریارا درا بە پێکهێنانی ئەم لیژنانەی خوارەوە کە چەندین پەرلەمانتار لە هەر لیژنەیەك بەشداری دەکات.

١ – لیژنەی یاسایی

٢ – لیژنەی شارەزایان بۆ کاروباری گشتی

٣ – لیژنەی چاکسازی

٤ – لیژنەی مافەکانی مرۆڤ

یەکیتی پەرلەمانتارانی کوردستان

٢٠ / ١٠ / ٢٠٠٨

فەرمان

## ب / پێكهێنانی لیژنە

بە مەبەستی رێكخستنی كارەكانی یەكیتی پەرلەمانتارانی كوردستان بە گوێرەی یاسای ژمارە ١٧ ی ساڵی ٢٠٠٦ و ئاماژە بە كۆنوسی كۆبونەوەی دەستەی باڵا لە رۆژی ٨ / ١٠ / ٢٠٠٨. بریاردا بەپێكهێنانی ئەم لیژنانەی خوارەوە، پێویستە لیژنەكان لە یەكەمین كۆبونەوەی خۆیان ئەندامێكی بەرێز بكەنە بریار دەری لیژنەكە بە مەبەستی بەرێوەبردنی كارەكانیان.

نیعمەت عەبدوڵا

سەرۆكی یەكیتی پەرلەمانتارانی كوردستان

یەكەم: لیژنەی یاسایی

١ – كاكە رەش نقشبەندی

٢ – زانا سعید رۆستای

٣ – حسین محمد تەها بالیسانی

٤ – احمد شریف علی

٥ – بورهان علی جاف

٦ – حلیمە حسین محمد بارزانی

٧ – سۆلاڤ عبدالله محمد

دووەم: لیژنەی مافی مرۆڤ

١ — حسن عبدالكريم برزنجى

٢ — نهله محمد سعدالله

٣ — روژيده عبدالقادر شريف

٤ — انتصار بكر صالح

٥ — احمد على حمد دزەيى

٦ — فاتح محمد امين

٧ — شفيقه فقى عبدالله

سێیەم: لیژنەی شارەزایان بۆ کاروباری گشتی

١ — نجات ياسين نجار

٢ — سيخ محسن موفتى

٣ — جعفر شيخ على عبدالعزيز

٤ — حيدر اسماعيل عبدالله (مامۆستا رێبوار)

٥ — احمد عبدالرحمن داود قصاب

٦ — فوزيه عزالدين رشيد

٧— جوهەر احمد شاواز

٨ — سردار انور سليمان

٩ — حميد سليم ميران

١٠ — هادى خدر ابراهيم

١١ — زاهير محمد ابراهيم

چوارەم: ليژنەی بەدواداچونی چاكسازی

١ — د. لەتيف محمود

٢ — صلاح محمود عبدالله عەلاف

٣ — شيخ لەتيف عبدالقادر

٤ — محمود اسعد ئاغا

٥ — شيخ عەفان نقشبندی

٦ — مەلا تاهير زين العابدين

٧ — مامند محمد امين

٨ — علی رسولْ

٩ — نوری بەترۆس عەتۆ

٣ — گۆڤار و بڵاوكراوەكان:

بە هۆی ئەوەی كاری k.p.u كارێكی خزمەتكردنە بە دامەزراوەييەكانی هەرێمی كوردستان و بەگەر خستنی شارەزای و تواناكانی پەرلەمانتارە لەو ئاستەدا و بۆ زياتر برەودان بەم ئەركە نيشتيمان پەروەريە، لە كۆبونەوەی دەستەی باڵا بريار درا كە گۆڤارێكی وەرزی بەناوە (پەرلەمانتار) بە چاپ بگەيێنی و تا ئيستا ژمارەی (١) ی دەرچووە و لە ئايندەيەكی نزيكدا ژمارەی (٢) ی چاپ دەكرێت، داوا لەو بەرێزانە دەكەين كە ئارەزووی نوسينی بابەتی لێكۆلينەوە و پێويستی هەيە بۆمان بنێرن بە نوسراوی كۆمپيۆتەری و بەهۆی ئەو ناونيشانە ئەلكترۆنيەی لای خوارەوە.

لەبەر پێويستی زياتر بە ئاگابوونی بەرێزانی ئەندامان لە كاروچالاكيەكانی k.p.u ساڵانە، بۆيە بريار درا كە گشت كارو چالاكيەكان كۆبكرێنەوە و لە دووتوێ ناميلكەيەكدا بخرێتە بەر دەست ئەندامانی بەرێز، وا ئيستا ئەم ناميلكەيە يەكێكە لەو بەرهەمە.

٤– بە مەبەستی گەیشتن بەو ئاستەی كە زۆربەی زۆری ناوەند و دەزگاكـانی فـەرمی و نا فەرمی و گشت بەشەكانی راگەیاندن كە سایتی ئەلكترۆنی تایبەتیان هەیە، دەستەی بالاّ بریاری دا كـە k.p.u یـش سـایتێكی تایبـەتی خـۆی هـەبێت و گـشت بابەتـەكانی خۆی لەو سایتەدا بلاّو بكاتەوە، ئەم سـایتە ئیـستا بەردەوامـە و بـەم ناونیـشانەی لای خوارەوە، بەو هیوایەی بەڕێزان سەردانی بكەن:

www. Kurdistanpu.org

٥ – ئەمەی خوارەوە پۆستی ئەلكترۆنی k.p.u یە:

Kpu_kurdistan@yahoo.com

٦ – ناونیشان:

هەولێر / گەرەكی بەختیاری

كۆتایی

# بلأوكراوەكانی K. P. U :

١ – هەڵەبجە و پەرلەمان لە نوسینی بەرێز حەمە عەلی توفیق

٢ – كارو چالاكیەكانی k.p.u لە سەرەتای دەست بەكاربوون تا ٢٠٠٨/١٢/٣١

# KAR U ÇALAKÎ

# K.P.U

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان

اتحاد برلمانيي كوردستان

KURDISTAN PARLIAMENTARIANS UNION

2008

چاپخانەی منارە - 07504456297